داینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٣٤
سێشەمە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٥
٤ی ئاوریلی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## حەوتەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بەڕێوەچوو

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەم، سەعات ٩:٣٠ پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٨ی مارسی ٢٠٠٦ی زایینی، حەوتەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگرانو موشاویرانی کومیتەی ناوەندی پێك هێناو پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام، سەعات ٨ی دوایءنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٩ی خاکەلێوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. دەفتەری سیاسیی حیزب هەر لەو پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە کە دەقی تەواوی ئەم ڕاگەیەندراوە لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

# ئۆگرانو درێژەدەرانی ڕێگای پێشەوا، یادی ئەوو شەهیدانی کوردستان بەرز ڕادەگرن


دیمەنی بەشدارانی ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە لەسەر گڵکۆی شەهیدانی حیزب

## ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٥ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا ڕێز لە یادی شەهیدانی کوردستان گیرا. ئەمساڵیش بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستانو وەبیرهێنانەوەی تراژیدیی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستانو هاوڕێیانی لە مەهاباد (١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦) لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا، کە لەودا ئەندامانی ڕێبەرایەتیو ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو بنەماڵەی ژمارەیەك لە شەهیدانی حیزب بەشدار بوون، پێك هات.

ئەم ڕێورەسمە کاتژمێر ٩ی سەرلە بەیانی لەسەر گڵکۆی ژمارەیەك لە شەهیدانی کوردستان بە دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گڵکۆی شەهیدانو خوێندنەوەی سروود، دەستی پێکرد. دواتر بەشداران لە ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکان ئامادە بوونو بەرنامەکانی ئەم بەشەش سەرەتا بە سروودی "ئەیشەهیدان"و بێدەنگی ڕاگرتن بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بەم بۆنەیەوە لە لایەن کاك ڕۆستەم جیهانگیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی ئەم کۆمیسیونە پێشکەش کرا.

بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، بریتی بوون لە:

- شێعری "بۆ تۆ ئەی پێشەوا"، شاعێر سوارە قەڵادزەیی،
- پەیامی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە، کاك مەسعوود تەك، سکرتێری گشتیی پارتی سۆسیالیست،
- پارچەیەك شمشاڵ، ڕەسووڵ سوڵتانی،
- سوێندتان دەدەم، پەخشان، شاعێر مامۆستا بێبەش،
- پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاك ڕامبود لوتفپووری،
- سروودی "شەهید"، کۆڕی هونەریی حیزب،
- شێعری "بەرزە ناو"، شاعیرئەحمەد قادری،
- پارچە پەخشانێك بەزاراوەی کرمانجی ژووروو، خاتوو مەریەم حاجی پوور،
- پارچە پەخشانێك، ئەفراسیاب گرامی،
- سروودی "ئەو شەهیدانە" کۆڕی هونەریی حیزب.

شایانی باسە بەشدارانی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دوای تەواو بوونی بڕگەکانی ڕێوڕەسمەکە، سەردانی پێشانگای وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد.

## ١٠ی خاکەلێوە لە مەهاباد

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٣٨٥/١/١٠، سەدان کەس لە خەڵکی نیشتمانپەروەری مەهاباد بۆ ڕێزگرتن لە یادو گیانی پاکی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەو لەسەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد، چوونە سەر گڵکۆی ئەو نەمرانە.

لەسەر گڵکۆی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە، خەڵك بێدەنگ ڕاوەستانو "فاتحە"یان خوێندو چەپکە گوڵی سووریان داناو پاشان بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیو سروودی "شەهید باڵای بەقەد باڵای کوردستانە" کۆتاییان بە ڕێوڕەسمەکە هێنا.

هەر بەم بۆنەیەوە لەبەرەبەیانیی ١٠ی خاکەلێوەدا، ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەقەبارەی ١٠میتریدا بە نیشانەی هەردەم بەرزو شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای کۆماری کوردستانو وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدانی کۆمارو پێشەوای نەمر، لە سەر کێوی خەزاییدا هەڵکرا.

جێی باسە کە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان لە دۆخێکدا بەڕێوەچوو کە سەرجەم شوێنەسەرەکییەکانی مەهاباد، لەوانە مەیدانی مەلاجامی، شەقامەکانی جامیجەمو سێئاشان، کێوی داشامەجیدو ... لە لایەن هێزە نیزامیو جلوبەرگ شەخسییەکانی ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامییەوە تەنرابوونو هەموو جموجۆڵێکیان خستبۆوە ژێر چاوەدێریی توندەوە.

هەروەها هێزێکی زۆر لەدەوروبەری گڵکۆی شەهیدان بۆ کونترۆڵی بارودۆخو ناسینی ئەو کەسانەی لەوێن کۆببونەوەو، بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە دوو دوربینی فیلم هەڵگر، فیلمیان لە بەشداربووان هەڵدەگرت.

### لە پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب:

## نەورۆزی ئەمساڵ، دەسپێکی ساڵێکی نوێ لە گۆڕانکارییەکانی بەردەم ئازادیو ڕزگارییە



لە دواساتەکانی ٢٩ی ڕەشەمە، لە ڕێورەسمێك دا کە بەبۆنەی نەورۆزو دەست پێکردنی ساڵی نوێی هەتاوی لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری، پەیامی نەورۆزیی خۆی پێشکێش کرد. لەو پەیامەدا کە ڕووی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە هاونیشتمانان، خەڵکی کوردستانو بەشدارانی ڕێورەسم بوو، بەڕێز کاك مستەفا هیجری ساڵی ١٣٨٥ی وەك ساڵێکی پڕ ڕووداو و ئاڵوگۆڕ پێش بینی کرد. سکرتێری گشتیی حیزب لە پەیامەکەیدا وێڕای ڕێزنان لە خەباتو قوربانیدانی خەڵکی قارەمانو شۆڕشگێڕی کوردستان، ساڵی تازەی بە ساڵێکی گرنگ دانا. دەقی ئەو پەیامە لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

لەم ڕێورەسمەدا کۆمەڵێك سروودی نەورۆزیو گۆرانیی شاد لەلایەن هونەرمەندان تاهیری خەلیلی، چیا مامڵێو لاوە بە بەهرەکانی کۆڕی هونەریی حیزب، پێشکێش کران. ڕێورەسمەکە بە ئاگربازیو پیرۆزبایی پێك گوتنی بەشداران بەبۆنەی هاتنی نەورۆز کۆتایی پێهات.

## سەبارەت بە ڕووداوی بوومەلەرزە لە لورستان

شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی (١١ - ١٠ی خاکەلێوە) چەند بوومەلەرزە ئوستانی لوڕستانی لە ڕۆژئاوای ئێران ڕاتەکاند و بوون بەهۆی کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو ئوستانە و، سەدان گوندیش وێران بوون. لەئاکام دا چاوەڕوان دەکرێ ئەو ڕووداوە سەدان هەزار خەڵکی بێ ماڵ و ئاوارەی لێ بکەوێتەوە. بەم چەشنە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتانی ئەو ئوستانە وێڕای هەموو ئەو بێ بەشی و گرفتارییانەی کە لەگەڵیان دەستەویەخەن دەبێ شان بدەنە ژێر قورسایی ئەو ڕووداوە تاڵ و چاوەڕوان نەکراوەش.

کۆماری ئیسلامیی ئێران تا دواساتەکانی ڕۆژی هەینی ژمارەی کوژراوانی ٧٤ کەس و ژمارەی گوندە وێران بووەکانی ٣٠٠ گوند ڕاگەیاند. بەڵام گومانی تێدا نیە کە ڕێژیم وەك هەمیشە ڕاستییەکان لە خەڵکی ئێران و جیهان دەشارێتەوە یان لەڕاستیدا زانیارییەکی تەواوی لەسەر ڕووداوەکە نیە، بۆیە وێ دەچێ ڕادەی قوربانی، بریندار و زەرەر و زیان زۆر لەوە زیاتر بێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخ بوون لە ڕوودانی ئەم ڕووداوە خۆی بە هاوخەمی هەموو خەڵکی ناوچە دەزانێ و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانییەکان و هەموو خەڵکی ئەو ئوستانە دەکاو، ئاواتی سارێژبوونەوەی هەرچی زووتری برینی زام هەڵگرتووەکان دەخوازێو داوایش لە خەڵکی دڵسۆزی وڵاتەکەمان دەکا بە هانای لێقەوماوانەوە بچن.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٥/١/١١**

٣ هەواڵەکانی کوردستان
٤ پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە
٥ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟
٥ کۆنفرانسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئەمریکا
٨ کۆنفرانسێکی گەورە لەسەر کێشەی کورد لە ئەستەنبۆڵ
٩ وتوویژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە
٩ ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان لە جیهان دا
١٠ تەوەرێك لەسەر تیرۆریزم
١١ "قارەمان ناترسن بمرن"

# پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران





**هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
بەشدارانی ڕێوڕەسمی نەورۆز!**

نەورۆز، نوێ بوونەوەی سروشتو جێژنی کۆنی کوردان لە هەموو گەلی کورد لە هەر کوێیەك هەن، لە خەڵکی ئێرانو لە ئێوە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ.

ساڵی ڕابوردوو بەربەرەکانیو خەبات دژی سەرەڕۆییو لە ژێر پێنانی مافی مرۆڤ، لە سەرانسەری ئێراندا درێژەی هەبوو، ڕێژیم هەموو پیلانو زەبرو زەنگێکی بەکارهێنا بۆ سەرکوتو بەچۆکدا هێنانی خەڵك، بەڵام بێجگە لە ناکامی چی دیکەی بۆ نەماوە، تەنانەت دیاری کردنی کەسێکی وەك مەحموود ئەحمەدینەژادو دەوڵەتی پۆلیسی، ئەمنییەتیەکەشی نەیانتوانی شتێك لە مەسەلەکە بگۆڕن.

لە ئاستی سەرانسەریدا دیسان تەعتیل کردنی ڕۆژنامەکان، خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران، توندوتیژتر لە ساڵانی ڕابردوو بەردەوام بوو، لەو پێوەندییەدا بەربەرەکانیو مافخوازیی کرێکارانو فەرمانبەرانی شیرکەتی واحید لە تارانو بەربەرەکانێ ژنان، جێگای تایبەتیان لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیمو کۆڵنەدان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان تۆمار کرد. ئەوەی سەبارەت بە تێکۆشانی نەتەوەکانی بندەست لە ماوەی ساڵی ١٣٨٤دا دەکرێ لەو فرسەتەدا ئیشارەی پێ بکەین، پەرەگرتنی زیاتری هەستی نەتەوایەتی، وشیاری و ئاگاهیی زیاتریان لە سەر مافە ڕەواکانیانو فیداکاریی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە بوو. لەو چوارچێوەدا بە تایبەتی پێویستە ئیشارە بە بەربەرەکانێی خەڵکی وەزاڵە هاتوی عەرەبی جنووب بکەین. هەرچەند لەو خەباتە ڕەوایەدا، سەدان کەس لە خەڵکی بێبەشو ژێر ستەمی ئەو هەرێمە شەهید، بریندارو زیندانی کران، بەڵام خەباتی ئەوان هەروا درێژەی هەیە.

کوردستانی خۆشەویستیش بە درێژایی ساڵی ڕابردوو مەیدانی بەربەرەکانی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیو خەڵکی شۆڕشگێڕو قارەمانی کوردستان بە تایبەت لاوەکان بوو. گەلی کورد لە سەرانسەری خاکی ئەو دەڤەرە، لە ئیلام ڕا تا ماکۆ دەیان حەرەکەتی ئیعتڕازیی هێمنانەیان دژی کردەوەکانی ڕێژیم وەڕێ خستو داوای مافە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان کرد، بەڵام داخوازی ئەوان بە سەرکوتو زەبرو زەنگ، وەڵام درایەوەو بە دەیان کەسیان لێ شەهید کراو سەدان کەسیان بریندار بوون، خرانە زیندانە بەدناوەکانی ڕێژیم، یان لە خاك و زێدی خۆیان دەربەدەر بوون.

فیداکاریو لەخۆبردوویی نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران بە تایبەت گەلی کورد لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا بە هەموو دنیاو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیشان دا کە ئەو خەڵکە ئامادەیە هەموو چەشنە قوربانییەك بدا، بەڵام لە ویستو داخوازی خۆی بۆ بە دەستهێنانی مافە دێموکراتیكو ڕەواکانی پاشگەز نابێتەوە. ڕێژیمیش زۆر لەوە زەبوونو داماوترە کە بتوانێ بە زەبرو زەنگ خەڵك چاوترسێن بکا.

ئێمە لەم بۆنە پیرۆزەدا سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو ڕۆڵە گیانبەختکەرو ئازایانەی کە لە ڕێگای ڕزگاریو ئازادیی گەلەکەیاندا گیانی خۆیان بەخت کرد. سلاوو پەیمانی وەفاداریو هاوپێوەندی بۆ ئەو قارەمانانەی کە ئەشکەنجەی وەحشییانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی نەزانیو تاریکی پشتی نەچەماندوو ئێستاش لە زینداندا سروودی ئازادی دەڵێنەوەو لێبڕاون کە بەهارو ڕووناکیو خۆشەویستی بۆ گەلەکەیان بە جێژنانە بێنن.

بەڵام هاونیشتمانانی بەڕێز!

ساڵێك کە ئێستا باوەشمان بۆ کردۆتەوەو بە پێشوازییەوە دەچین (ساڵی ١٣٨٥)، ئاوسی زۆر ڕووداو و ئاڵوگۆڕ لە ئێران دایە. دوای نیزیك بە ٢٨ ساڵ تیرۆرو پشتیوانی لە تیرۆریزم، درۆ کردن لە گەڵ خەڵکی ئێران و دنیا، لە ژێر پێنانی مافی مرۆڤ، دژایەتی لە گەڵ ئاشتی لە ناوچەو دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانو لە سەرووی هەموانەوە کار کردنو پێداگرتنی ڕێژیم لە سەر درێژەدان بە پرۆژەی ئەتۆمی کە ئامانجی نیهایی‌یەکەی ساز کردنی چەکی ئەتۆمی‌یە، سەرەنجام خەریکە دنیاو بە تایبەت ڕۆژئاوا دژی ئەو حکوومەتە یاغییە یەکدەستو یەکگرتوو دەکا.

ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئەوە دەچن کە لەم ساڵدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەقڵییەتی کۆنو دواکەوتوو و سیاسەتی ڕابردوویو بە کۆڵێك قەیرانی نوێی نێوخۆییو دەرەکی بکەوێتە بەربەرەکانێی جیددی لەگەڵ خەڵکی وەزاڵەهاتوو و ئازادیخوازی ئێران لە نێوخۆو دنیای پێشکەوتوو لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، بێگومان لەو بەربەرەکانی‌یەدا لایەنی دۆڕاو ڕێژیمەو ئێمە تاوانی ئامادەکاریی ئەو بەربەرەکانی‌یەو ئاکامە پێشبینی نەکراوە نالەبارەکانی بۆ خەڵکی ئێران، دەخەینە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئێمە دەڵێین گەلی کوردو هەموو گەلانی دیکەی ئێران خوازیاری ئازادی، ئاشتی، شادیو بەختەوەرینو بێزارن لە شەڕو دیکتاتۆریو دواکەوتوویی کە بەرهەمی زیاتر لە چارەکە سەدەیەك دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیە.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

لەو بەربەرەکانێیەدا ئێمە گەلی کوردو حیزبە پێشڕەوەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك هەمیشە لە بەرەی ئازادی، دێموکراسیو ئاشتی داین بۆیە ئەرکی سەر شانمانە کە بە ئامادەیی زیاترو باوەڕی قایمتر، هاوپەیمان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەو دنیای پێشکەوتوو ئەو بەربەرەکانێیە درێژە بدەین، تا ئەو کاتەی سێبەری قورسی ئەو ڕێژیمە لە سەر خۆمانو هەموو جیهان لا دەبەینو حکوومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵك لە جێگای دادەنێین. دیارە لەو بەربەرەکانی‌یەدا هەموو شێرەژنان، خوێندکاران، کرێکاران، لاوانو بە گشتی هەموو چینو توێژەکانی وشیارو ئاگاهی نیشتمانەکەمان لە گەڵمانو ئەوەی زیاتریش تەریك دەکەوێتەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ. لەو بەربەرەکانیەدا سەرکەوتن بۆ گەلو نەمان بۆ دژی گەلییەکانە.

ئێمە بەو هیواو ئاواتەوە پێ دەنێینە ساڵی نوێو پێمان وایە نەورۆزی ئەوساڵ هەر تەنیا نوێ بوونەوەی ساڵ نابێ، بەڵکوو ، دەستپێکی ساڵێکی نوێ لە ئاڵوگۆڕەکان بەرەو ڕووی ئازادیو ڕزگارییش دەبێ.

کەوابوو جێژنی نەورۆزو ساڵی نوێمان پیرۆزو ساڵی دەسکەوتە بەنرخەکان دەبێ.

**هەموو ڕۆژێکتان نەورۆزو نەورۆزیشتان پیرۆز**

**فیداکاریو لەخۆبردوویی نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران بە تایبەت گەلی کورد لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا بە هەموو دنیاو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی نیشان دا کە ئەو خەڵکە ئامادەیە هەموو چەشنە قوربانییەك بدا، بەڵام لە ویستو داخوازی خۆی بۆ بە دەستهێنانی مافە دێموکراتیكو ڕەواکانی پاشگەز نابێتەوە. ڕێژیمیش زۆر لەوە زەبوونو داماوترە کە بتوانێ بە زەبرو زەنگ خەڵك چاوترسێن بکا.**

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی بەڕێوەچوونی حەوتەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

**لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمدا، هەوڵەکانی حیزب پێویستیی تێکۆشانی زیاترو چالاکتربوونی حیزب لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری کاری تەشکیلاتیو ڕێکخستن، دیپلۆماسی، تەبلیغاتیو ئامووزشو ڕاهێناندا پێی لەسەر داگیرا**

بۆ ئاگاداری ڕادەگەیەنین، کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەم، سەعات ٩:٣٠ پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٨ی مارسی ٢٠٠٦ی زایینی، حەوتەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگرانو موشاویرانی کومیتەی ناوەندی پێك هێناو پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام، سەعات ٨ی دوایnیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٩ی خاکەلێوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

پلینۆم بە دەقیقەیەك ڕاوەستان بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان دەستی بەکار کردو سەرەتا دەستووری کارو بەرنامەی پلینۆم خرایە بەرچاوی بەشدارانو بە پەسند گەیشتن. پاشان هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاپۆرتێکی سیاسیی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە پێشکەشی پلینۆم کرد. ئەو ڕاپۆرتە کە مەسەلە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە ئێرانو کوردستانی لەخۆ گرتبوو، لە لایەن بەشدارانی پلینۆمەوە کەوتە بەرباسو پەسند کرا. لەو ڕاپۆرتەدا ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێران بەتایبەت دوای دیاریکرانی مەحموود ئەحمەدینەژاد وەك سەرۆك کۆماری ڕێژیمو مەسەلەی یەکدەستکردنی دەزگای بەڕێوەبەریی ڕێژیمو پێشێلکردنی زیاتری مافو ئازادییەکانی خەڵکی ئێرانو وەڕێخستنی شەپۆلێکی دیکە لە سەرکوتو ئازار، کوشتنو زیندانیکردنی ئازادیخوازانو نارازییەکان، بە وردی ئاماژەیان پێکرابوو. هەر لەو پێوەندییەدا ئەو ڕاستییەش خراوەتە بەرچاو کە سەرەڕای توندوتیژی نواندنی ڕێژیمو دەزگا سەرکوتکەرەکانی، ئازادیخوازانو گەلانی ئێرانیش ڕاشکاوانەترو چاونەترسانەتر درێژەیان بە حەرەکەتە ئێعتیرازییەکانی خۆیان داوەو جیددیتر کەوتوونەتە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمو فشارو ئەشکەنجە، زیندانیکردنو کوشتاری ئازادیخوازان، هەنگاوی پێ شل نەکردن.

لەو ڕاپۆرتە سیاسییەدا، زەقتربوونەوەی کێشەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی بەگشتیو ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی، بە درێژیو بە تەسەلی خرابۆوە بەرباسو ئەگەرەکانی پێوەندیدار بەو مەسەلەیە ئاماژەیان پێکرابوو. لەو پێوەندییەداو بە ئەسپاردنی پەروەندەی ئەتۆمیی ڕێژیم بە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پلینۆم بەرپرسایەتیی هەرچەشنە دژکردەوەیەکی جیهانی بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئاکامەکانی داوێنی خەڵکی وڵاتەکەمان بگرێتەوە، خستە ئەستۆی ڕێژیم کە بە ماهییەتی ئاژاوەگێڕانەو ڕەفتاری سەرەڕۆیانەی بۆتە مەترسییەکی جیددی بۆسەر ئاسایشو ئەمنییەتی ناوچەو تەنانەت جیهان.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی دەفتەری سیاسیدا ئاماژە بە نەقشی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کرابوو. لەو بارەوە پلینۆم بەهێزترکردنو بەرینترکردنەوەی ئەو کۆنگرەی بە پێویست زانیو لەو بڕوایەدا بوو کە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، ئەگەر حیمایەتو پشتیوانیی لێ بکرێ، دەتوانێ وەك ئاڵترناتیڤێکی لەبار بۆ ڕێژیم خۆی دەربخا.

پلینۆم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بەشە لە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی‌دا کە پێوەندیی بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانییەوە هەبوو، دیالۆگ لەگەڵ سەرجەم ئەو هێزانەی بە کارێکی پێویستو بەسوود دانا بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر لێك نزیك ببنەوە، بەڵام ڕادەی هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هەرکام لەو هێزانە بە چۆنیەتیی باوەڕیان بە دێموکراسیو دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێرانیو مافی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران بەستەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمدا، هەوڵەکانی حیزب بۆ پێکهێنانی بەرە یان ئیئتلافێك لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانو ئاکامی ئەو هەوڵانە بەوردی کەوتبۆوە بەرباس. پلینۆم لەو پێوەندییەدا هەوڵەکانی دەفتەری سیاسی تەئیید کردو جارێکی دیکە پێی لەسەر درێژەی ئەو هەوڵانە داگرتەوەو پێویستیی هاوکاریی زیاتری لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەستنیشان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی‌دا ئاماژە بە پێکهێنانی ئەنجومەنی دیفاع لە زیندانییە سیاسییەکانو لەقاودانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا کرابوو. پلینۆم ئەو هەنگاوەی بە کارێکی بەجێو پێویست داناو لەسەر پێویستیی پێکهاتنەکەی پێی داگرتەوە.

لە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی حەوتەمدا، پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان خرابۆوە بەرباس. لەو بارەوە پلینۆم وێڕای تەئییدی هەوڵەکانی دەفتەری سیاسی، پێی لەسەر پێویستیی گەشەپێدانی ئەو پێوەندییانە داگرتەوە.

لە بەشێکی دیکەی کاری پلینۆمدا، بە لەبەرچاوگرتنی لێکدانەوەی سیاسیی پلینۆم، ئەرکەکای حیزب لەو هەلومەرجەدا دەستنیشان کرانو پێویستیی تێکۆشانی زیاترو چالاکتربوونی حیزب لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری کاری تەشکیلاتیو ڕێکخستن، دیپلۆماسی، تەبلیغاتیو ئامووزشو ڕاهێناندا پێی لەسەر داگیرا. پلینۆم لەم بارەوە دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانو چالاکتربوون لەو بوارانەدا لەگەڵ ئورگانەکانی پێوەندیدار بەرنامەی زەمانبەندی دابڕێژێو ئاکامەکانی ئەو هەوڵانە تاقیب بکا.

پلینۆم لە بەشی کۆتایی کارەکانی خۆیدا، لەو نووسراوو بابەتانە دوا کە بەناوی خوازراوەوە لەسەر سایتەکان دانراونو لەواندا درۆو چەواشەکاری بەرانبەر بە حیزبو ڕێبەرایەتی کراون. بەشدارانی پلینۆم بە تێکڕای دەنگ ئەم کارەیان بە توندی مەحکووم کردو بە کردەوەیەکیان دانا کە لە خزمەت سیاسەتو پیلانی دوژمنانی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایە.

پلینۆم پاش بە ئەنجام گەیاندنی بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆم سەعات ٨ی دوایnیوەڕۆی چوارشەممە، ٩ی خاکەلێوە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی
کوردستانی ئێران
١٠/١/ ١٣٨٥ (٢٠٠٦/٣/٣٠)

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

دیسانەوە لە شار و گوندەکانی: ماکۆ، کامیاران، مەهاباد، شنۆ، گوندی "نجیّ" لە ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان، مەهاباد، ژاوەرۆی سنە، سنە، پیرانشار و بانە، ئەندامان و لایەنگرانی چاونەترسی حیزب و ئەمجارەیان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، "رۆژی شەهیدانی کوردستان" و سەری ساڵی تازە، چالاکیی تەبلیغاتییان بەرێوە برد کە بەشێکیان بریتی بوون لە: بڵاوکردنەوە و هەڵواسینی وێنەی رێبەرانی شەهید، پەیامی پیرۆزبایی نەورۆز، ئاموژگارییەکانی دوکتور قاسملوو، دروشمی حیزبی و نەتەوەیی، ژیاننامەی رێبەرانی شەهید، تراکت و راگەیاندراوی حیزب، CD بۆنە حیزبییەکان، سەردانی گڵکۆی شەهیدانی نەتەوەکەمان و دانانی چەپکەگوڵ لەسەر گڵکۆی ئەو شەهیدە نەمرانە و هەروەها بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی "کوردستان".

دوای دەستخۆشی کردن لەهەموو ئەو خۆشەویستانەی چالاکییان بەرێوە بردوە، ئێمەش بەنۆبەی خۆمان ساڵی تازە لە هەموو لایەکتان پیرۆز دەکەین و ماندوونەبوونییان پێ دەڵێین. هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ رۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا ئێمەش سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزبەکەمان و سەرجەم میللەتی کورد دەکەین. هەر سەرکەوتووبن.

بۆ زانیاریی زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ شوێنی بڵاوکراوەکان و چالاکییەکان دا بڕواننە سایتی کوردستان میدیا.

## حوکمی ئێعدامی مستەفا رەسووڵی‌نیا بە خوێنبایی ٥٠ میلیۆن تمەن کرِدرایەوە

حوکمی ئێعدامی مستەفا رەسوڵی‌نیا، لاوی مەهابادی، کە تاوانی کوشتنی دەرەجەدارێکی رێژیم ، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی هاوینی رابردووی کوردستان دا دراوەتە پاڵ، لە لایەن بنەماڵەکەیەوە بە رەزامەندیی دادگا، بە خوێنبایی ٥٠ میلیۆن تمەنی کرِدرایەوە. بە پێی بڕیاری دادگا، دەبێ تەواوی ئەو برِە پارەیە، تا رۆژی ١٥ی خاکەلێوەی ئەوساڵ بە بنەماڵەی کەس‌وکاری کوژراوەکە بدرێ‌و هەروەها سەرەڕای ئەوەش تاوانبار دەبێ بۆ ماوەی ١٨ مانگی دیکە لە زیندان دا بمێنێتەوە.

شایانی باسە، مستەقا رەسووڵی‌نیا ئێستا لە بەندیخانەی "دەریا" لە ورمێ‌دا زیندانەو بەهۆی ئەشکەنجەیەکی زۆرەوە، ژیانی لە مەترسی‌دایە

## ئاوایی هەشەمێزی سنە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە کاتی رێورِەسمەکانی نەورۆزدا لاوێکیان کوشت

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە "کوردستان میدیا" لە کاتی رێورِەسمەکانی سەری ساڵدا هێزەکانی رێژیم لە ئاوایی هەشەمێزی سەر بە شاری سنە تەقە لە دوو لاو دەکەن کە خەریکی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوون‌و لە ئاکام دا یەکێك لەو لاوانە بەناوی ئارمان رەحیمی کوژراو ئەوی دیکەشیان بریندار بوو.

## کوژرانی ژنێك لە لایەن بەکرێگیراوێکی رێژیمەوە

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ‌وە، یەکشەممە، ٦ی خاکەلێوە لە نێوان دوو بنەماڵەی گوندی "نێرگی" ناوچەی مەرگەوەڕ لەسەر ئاوی مەزرا کێشە ساز دەبێ. کورِی یەکێك لە بنەماڵەکان بە ناوی "مەنسوور جوانی" کە بە کرێگیراوێکی ناسراوی رێژیمە، تەقە لە ئەندامانی بنەماڵەی حاجی ئەحمەدی بسکوو دەکا. لە ئاکام دا خێزانی حاجی ئەحمەد بە ناوی "سەدیقە" دەکوژرێ‌و دوو کورِی بە ناوەکانی عەلی‌و خوسرەو بە توندی بریندار دەبن.

شایانی باسە، تا گەیشتنی ئەم هەواڵە مەنسوور جوانی لە ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ لەژێر پارێزگاری دایە.

## رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان: لە بەندیخانەی ورمێ‌دا تێکهەڵچوون ساز بوو

تێکهەڵچوونی نێوان بەندییەکان‌و بەرپرسانی بەندیخانەی ورمێ بووە هۆی بریندار بوونی سێ‌کەس‌و گواستنەوەی چەندین کەسی دیکە بۆ شوێنێکی نادیار.

بەپێی راپۆرتی هەواڵنێرانی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لەم چەند رۆژانەی دوایی‌دا تێکهەڵچوونگەلێك لە بەندیخانەی ورمێ‌دا پێك هاتوون کە بوونەتە هۆی بریندار بوونی سێ‌کەس بە ناوەکانی مستەفا شێخی‌پوور، عەلی تەپەرِەش‌و مامەش فەروەردین. هەروەها لەرەوتی ئەم تێکهەڵچوونانەدا ژمارەیەك لە بەندییە کوردەکان لەوانە لەتیف محەممەدی، جیهانگیر بادوزادەو کەریم مام حسێنی بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون.

دەگوترێ کە ئەم تێکهەڵچوونانە لە نێوان بەندکراوە کوردەکان‌و ئەو بەندکراوە تورکانەی کە لە لایەن بەرپرسانی بەندیخانەوە پشتگیرییان لێ‌دەکرێ، رووی داوەو لەم پێوەندییەدا پێوەندی تەلەفوونی‌و مەلاقاتی بەندکراوە کوردەکان لەگەڵ بنەماڵەکانیان‌دا راگیراوە.

## کۆچی دوایی باوکی دوو شەهیدی حیزب لە ناوچەی هەوشار

بەگوێرەی هەواڵی گەیشتوو لە ناوچەی هەوشارەوە، مام سەعیدی ئاقایی خەڵکی گوندی گویاغاج‌و باوکی دوو شەهیدی سەربەرزی حیزب‌و گەل، شەهیدان فەیزوڵڵاو عەتا ئاقایی، بەهۆی نەخۆشییەوە، کۆچی دوایی کرد. لە لایەن ناوەندی یەکی کوردستانەوە سەرەخۆشی‌و هاوخەمی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەو کەس‌وکاری مام سەعیدو خەڵکی گوندی گویاغاج‌و بە گشتی ناوچەی هەوشار رادەگەیەنین.

## هاووڵاتییانی دەستبەسەرکراوی بۆکانی دەبێ ئازاد بکرێن

بەپێی راپۆرتی هەواڵنێرانی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە شاری بۆکان‌دا دەیان کەس لەهاووڵاتیان لە رۆژەکانی ٢٨و ٢٩ی ٨٤و حەوتووی یەکەمی ئەمساڵدا لە لایەن هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی رێژیمەوە دەستبەسەرکراون. ئازاد رەسووڵی، ئەبوبەکر باپیری، خدر سەعیدنژاد، محەممەد سالح کۆخاشیدە، خالید شێرزاد، ئەبوبەکر تیکانتەپە، ئاوات قورەیشی، محەممەد سەلیمیان، سەعدوڵڵا سولتانیان، خدر مەولوودی، رزگار سەلیمیان، دارا قورەیشی، محەممەدو کامیل سەلیمیان لەم دەستبەسەر کراوانەن.

ژمارەی دەستبەسەرکراوەکان کە زۆرتر لە هێزە تەسلیمی‌یەکانی رێکخراوو حیزبەکانی ئۆپۆزیسیونن، بەزیاتر لە ١٠٠ کەس مەزەندە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە هۆی دەستبەسەرکردن‌و شوێنی راگرتنی گیراوەکان تا ئێستا بە بنەماڵەکانیان رانەگەیەندراوە.

لەم پێوەندییەدا رێکخراوی داکۆکی لەمافی مرۆڤی کوردستان لە راگەیەندراوێك‌دا خوازیاری ئازادکردنی گیراوەکان بەزووترین کات لە لایەن رێژیمەوە بوو.

## بەڕێوەچوونی مانۆڕی نیزامیی هێزەکانی رێژیم لە ناوچەی مەهاباد

رۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٥، هێزەکانی رێژیم جێگیر لە مۆڵگەی پادگانی جاددەی ورمێ ـ مەهاباد دا لە پاڵ کێوەکانی گوندی کۆسەکەرێز لە ناوچەی مەهاباد، مانۆڕێکی نیزامییان بەرِێوەبرد.

لەم مانۆرِەدا هێزە دژی گەلی‌یەکان لە مۆتۆرو کەرەستەی جۆراوجۆری نیزامی‌و ماشینی نیزامی کەڵکیان وەرگرت‌و لە کاتژمێر ٩ی بەیانی‌یەوە تا ١٢ درێژەی کێشا.

## تێبینی:

خوێنەری خۆشەیستی رۆژنامەی "کوردستان" سەردێرِی بەشێك لەو هەواڵانەی لە لاپەڕەی هەواڵەکان دا نەهاتون بریتین لە:

- سەرهەڵدانی کێشەی کەمیی بەنزین لەشاری سەردەشت دا.
- لە ترسی راپەرێنی خەڵك، رێژیم هێزێکی زۆری خزاندۆتە شاری سەقز.
- لە رەوشێکی تەواو نیزامی‌دا خەڵکی دیواندەرە جەژنی چوارشەممە سوورێیان بەرێوە برد.
- کێشەی خاوەندارێتیی زەوی، کوژراوێك و دوو بریندار لێ کەوتەوە.

سەبارەت بە چۆنێتیی رووداوەکان و بابەتی هەواڵەکان سەردانی سایتی کوردستان میدیا بکەن.

# چەند هەواڵ لە دەرەوەی وڵات

## بەرێوەچوونی رێورەسمی نەورۆز لە دەرەوەی وڵات

بەبۆنەی ساڵی تازە، جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی، لە دەرەوەی وڵات، کۆمەڵێك رێورەسمی بەشکۆ لە لایەن رەوەندی کوردەوە، بەرێوە چوون، کە دەسپێکی هەموو رێورەسمەکان بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان بوو.

بڕگەکانی دیکەی ئەو رێورەسمانە بریتی بوون لە:

- خوێندنەوەی پەیامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و، خوێندنەوەی پەیام لەلایەن حیزبە بەشدارەکانی دیکەوە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی سوسیالیستی کوردستان، پارتی یەکێتیی کورد لە سووریە، پارتی دێموکراتی کوردستان (باکوور)، پارتی ئازادیی کورد لە سووریە.
- گۆرانی گوتن لەلایەن هونەرمەند گەلێکی وەك: رەشیدی فەیزنەژاد، قادر ئەلیاسی، عەلی باران و گرووپەکەی، هێڤی، جانی، ئاراز، سلێمان، ئەکرەم، خاتوو مزگێن، دلشاد زاخویی و...
- خوێندنەوی کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی، وەك: شێعر، پەخشان و...
- برِگەی ئاخری هەموو رێورەسمەکان هەڵپەرکێی گشتیی بەشداران بووە.

بەشێك لەو شارو وڵاتانەی ئەو رێورەسمانەیان تێدا بەرێوە چوون، بریتین لە: شاری ئاتێن (پێتەختی وڵاتی یونان)، شاری Bremenی ئاڵمان، رێنێس (سویس) و... لە لەندەن.

جێی ئاماژە پێ کردنە کە بەرێز "کن لیونیگ ستونگ" شارەداری لەندەن بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لە تێکرِای میللەتی کورد کرد و برِیاری‌دا ئاهەنگی نەورۆز لە ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی‌دا بە شێوەیەکی گەورە لە مەیدانی ترافسلگاری لەندەن بەرێوە ببەن. بۆ زانیاریی زیاتر بروواننە سایتی کوردستان میدیا.

## بەشداری لە سی‌وسێهەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی فەرِانسەدا

حیزبی کۆمۆنیستی فەرِانسە، لە رۆژانی ٢٣و٢٤و٢٥ی مانگی مارِسی ٢٠٠٦دا، سی‌وسێهەمین کۆنگرەی خۆی لە ناوچەی بوورژە (Bouret)ی دەرووبەری پاریس دا بەرِێوە برد. لەم کۆنگرەیەدا بێجگە لە نوێنەرانی فیدراسیۆنگەلی سەر بە حیزبی ناوبراو لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا نزیکەی ٧٥ شاندی بیانییش بە نوێنەرایەتی لە لایەن حیزب‌و رێکخراوە کۆمۆنیست‌و دێموکرات‌و ئازادیخوازەکانی جیهانەوە بەشدار بوون. چەند حیزب‌و رێکخراوێکی ئێرانیش بۆ ئەم کۆنگرەیە بانگهێشن کرابوون کە بریتی بوون لە:

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢ـ رێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران
٣ـ رێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)
٤ـ فورووومی کۆمەڵایەتیی ئێران کە رێکخراوێکی دێموکراتیکە لە لایەن کۆمەڵێك تێکۆشەری ئێرانی لە دەرەوەی وڵات دا پێك هاتوە.

بابەت‌و مەسەلەکانی نێو کۆنگرەکە، جگە لە تاوتوێکردنی چەلەنگی‌و چالاکییەکانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەداو لێکدانەوەی کێشە هەنووکەیی‌یەکانی جیهان، بۆ باس لەسەر ئاریشەکانی ئێستای نێو کۆمەڵگای فەرِانسە، بە تایبەت خەباتی ئەمرِۆکەی خوێندکاران‌و قوتابیان‌و سەندیکا کرێکارییەکان لە هەمبەر ریفۆرمگەلی دەوڵەتی راست خوازی فەرِانسەدا، بە تایبەت، دژی گەڵاڵەیەك کە ئەم دەوڵەتە لەم رۆژانەدا بەناوی "گرێبەستی یەکەم دامەزراندن"دا لە پێوەندی لەگەل بێکاریی لاوان لە مەجلیس دا، پەسندی کردو هەروەها مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماریی ئەم وڵاتە، تەرخان کرابوون.

شایانی باسە کە پێنج گەڵاڵەی جۆراوجۆر لە لایەن فراکسیۆنەکانی نێوحیزبن کە پێشتر لە لایەن فیدراسیۆنگەلی حیزبەوە خرابوونە دەنگدانەوەو گەڵاڵەی خانمی ماری ژورژ بووفە، سکرتێری یەکەمی حیزب‌و لایەنگرانیەوە ئامادە کرابوو، ٦٤٪ی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو، بەردەم ئەندامانی کۆنگرە کە لە کۆتایی کاری خانمی ژورژ بووفە بە وەدەستهێنانی نزیکەی ٨٠٪ی دەنگی ئەندامانی بەشداری کۆنگرەکە، دیسان وەك سکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێردرایەوە.

شایانی باسە کە شاندی حیزب بە سەرۆکایەتیی هاورِێ دوکتور خوسرەو عەبدوڵڵایە، توانیی لە رۆژانی بەرِێوەچوونی کۆنگرەکەدا، چەندین دیدارو چاوپیکەوتن لەگەڵ شاندگەلی میوان دا پێك بێنێ‌و رەوشی ئێران، ناوچەکەو کوردستانیان لەگەڵ تاوتوێ بکا.

## چاوپێکەوتنی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی کومیتەی حیزب لەگەڵ بەرپرسی بەشی یکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کانادا

لەسەر داوای کومیتەی حیزب لە وانکۆوێری کانادا، رۆژی دووشەممە، ١٣ی مارسی ٢٠٠٦، چاوپێکەوتنێك لەنێوان هاورِێ سەعدی عەبدی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە وانکۆوێری کاناداو بەرِێز دان رایت، بەرپرسی بەشی رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی کانادا ئەنجام درا.

لەم چاوپێکەوتنەدا باسێکی تێروتەسەل لەمەرِ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی‌و لە کوردستان بە تایبەتی لە لایەن دەسەڵاتدارانی رێژیمی دیکتاتۆری‌و تیرۆریستیی ئێران‌و، هەروەها باسێك لەمەرِ خۆپیشاندانەکانی هاوینی رابردووی خەڵکی کوردستان بە شێوەی شارستانیانەو مەدەنی، لە هەمان کات دا دژکردەوی توندوتیژو دژی ئینسانی‌و کوشتن‌و بریندارکردن‌و گرتنی دەیان کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن دەسەڵاتدارانی رێژیمی ئێرانەوە، لە لایەن هاورِێ سەعدی عەبدی پێشکەش کرا.

هەروەها لە لایەن بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە وانکۆوێری کانادا راپۆرتێکی باوەرِپێکراوی ٢ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی لەسەر ژمارەی ئێعدام کراوەکان، بەردباران کراوەکان‌و هەروەها رۆژنامەو گۆڤارە داخراوەکان‌و ترساندن‌و تۆقاندنی نووسەران‌و رووناکبیران‌و راکێشانیان بۆ دادگا دژی ئینسانی‌یەکانی رێژیم، پێشکەش بە بەرِێز دان رایت کراو ناوبراویش بەڵێنی دا کە لە راپۆرتی رێکخراوەکەیان دا کە بەم زووانە لە لەندەنی ئینگلستان دەردەچێ لەو راپۆرتە ئامارییەی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە وانکوویری کانادا، کەڵکی بەسوود وەربگرێت.

## دوو میلیۆن تمەن سزا بۆ هەرکام لە گیراوانی خۆپیشاندانەکانی ماکۆ دیاری کرا

بەپێی برِیاری بەناو دادگای رێژیم، هەر کام لەو کەسانەی کە لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی شاری ماکۆو دەورووبەری‌دا گیرابوون، سزای دوومیلیۆن تمەنیان بۆ برِدراوەتەوەو هەر کەسێك ئەم پارەیە نەدا، دەبێ لە باتی ئەوە بچێتە بەندیخانەوە.

شیاوی باسە کە ئەم برِیارە نادادپەروەرانەیە لە کاتێك دایە کە نزیکەی ٨٠٠ کەس لە خەڵکی بێ‌تاوان لەو ماوەیەدا لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە گیران‌و هەموویان کەسانێکی هەژارو کەم داهاتن‌و لە سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا توانای دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆشیانیان نیە تا چ بگاتە دابین کردنی پارەی ئەو سزا قورسە. هەروەها رێژیمی دژی مرۆڤانی ئاخوندی نە تەنیا هیچ ئاورِێکی لە داخوازییە رەواکانی خەڵکی مەینەتچێشتووی‌ماکۆو دەوروبەری نەدایەوە، بەڵکوو بە کوشتنی ١٠ کەس‌و بریندارکردنی دەیان کەسی دیکە پێیانی سەلماندکە لە بیرو هزری‌دا هیچ مافێك بۆ مرۆڤ نیەو هەر دەنگێکی نارِازیی‌و مافخواز، سزای مەرگو نەمانە. جێی باسە کە لە سیستمی دادپەروەرانەی!!! حکوومەتی وەلایەتی فەقیە دا هیچ دادگایەك بۆ راگەیشتن بە سکاڵای کەس‌وکاری کوژراوان‌و بریندارbووان نیە.




## لە لایەن بەشی وەرزشی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی‌یەوە "جامی تیشك" بەرِێوەچوو

بەشی وەرزشی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی بە بۆنەی دامەزرانی کاناڵی ئاسمانیی "تیشك"ەوە، جامێکی ریزگولی، لەژێر ناوی "جامی تیشك" دا بەرِێوەبرد. لەم جامەدا ٢٠ تیم بەشداربوون کە بەسەر پێنج گرووپی ٤ تیمی‌دا دابەش‌کران.

لەرێکەوتی ١٣٨٤/١٢/٢٥دا، یارییەکان دەستیان پێ‌کردو لەئاکام‌دا دوو تیمی فێرگەو زێویە چوونە رادەی فینال‌و دوو تیمی کوڵانی ماچان‌و یەڵدا کەوتنە رەدەبەندی.

لەرێکەوتی ٨٥/١/٦دا، یارییەکان کۆتاییان پێ‌هات، کە ئاکامەکان بەشێوەی خوارەوە بوون:

تیمی فێرگە ــــــ پلەی یەکەم
تیمی زێویە ــــــ پلەی دووهەم
تیمی یەڵدا ــــــ پلەی سێهەم

**ڕۆستەم جەهانگیری:**

**با هەموومان پاداشی شەهیدان بە درێژەدانی ڕێگایان و وەفادار مانەوە بە ئامانجیان بدەینەوە ئەو ڕێیەی کە ئەوان لە بەرپێیان دانابن تا گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی بیپێوین و بەمجۆرە هەم ڕۆحی شەهیدان شاد بکەین و هەم لە دواڕۆژدا ناچار نەبین شەهیدی لەوە زیاتر بدەین.**

# لە ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دا

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خەڵکی خەباتگێری کوردستان!**

ئەمڕۆ، ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە. بەم بۆنەوە سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی کوردو لە بەرانبەر فیداکاری و گیان بەخت کردویی شەهیدان دا سەری ڕێزو ئەمەگناسی دادەنوێنین. لە هەمان کات دا پەیمانی وەفاداری بە ئامانج و باوەڕەکانیان نوێ دەکەینەوە و بەڵێنی دەدەین ڕێبواری شیلگیرو ماندوویی نەناسی وەدیهاتنی ئاواتەکانیان بین.

**ڕۆڵە ئازاو بوێرەکانی نەتەوەی کورد!**

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو، سەرۆك کۆماری یەکەم کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، ئەبولقاسمی سەدری قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی، براو ئامۆزای پێشەوای نەمری نیزیك بە سێ مانگ دوای جوانەمەرگ کردنی کۆماری کوردستان و بە دوای حوکمدان لە دادگایەکی فەرمایشی دا لە گۆڕەپانی چوارچرای مهاباد، لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیەندرا، لە سێدارە درا. تەرمی بێ گیانی ئەو شەهیدانە هەر ئەو ڕۆژە لە سەرشانی خەڵکی وەفادار و ئەمەگناسی شاری مەهاباد، لە کەشو هەوایەکی ماتەمین و پڕ لە غەم و پەژارەدا بە خاکی پاك و پیرۆزی کوردستان ئەسپێردران و مەزاریان بوو بە زیارەتگەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد.

ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا بە لە نێو بردنی کۆمارو لە سێدارەدانی پێشەوای کورد لەو خەیاڵە دابوو کە خەباتی ئازادیخوازانەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ هەمیشە سەرکوت دەکاو ئاگری شۆڕشی کورد دادەمرکێنێ و هیچ کوردێك لە خۆی ڕانابینێ کە درێژەدەری ڕێگای شەهیدان بێ. بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو خەیاڵە چەندە خاوەو ئەم جۆرە بیرکردنەوانە چەندە ساویلکانەن. چوونکە هەر ئەو کات پێشەوا قازی محەممەد لە دوا ساتەکانی ژیانی دا بە بەکرێگیراوان و جەللادەکانی ڕێژیمی شای فەرموو: **ئێوە قازی محەممەدێك دەکوژن، بەڵام لە داهاتوودا دەبینن کە هەر لاوێکی کورد قازی محەممەدێك دەبێ.** ڕەوتی ڕووداوەکان و درێژەی خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان فەرموودەکەی پێشەوای نەمری وەراست گێراو پووچی و بێ بناغە بوونی بۆچوونی چەوتی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شای بە تەواوی دەرخست.

خۆ ئەگەر بڕوانینە ڕەوتی بە ناو دادگایی کردنی پێشەوا و سەرنجی بەیانات و دیفاعیاتی پێشەوا بدەین دەبینین کە چۆن گەورەیی و چاو نەترسیی پێشەوا بوو بە وانە و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لێی فێر بوون و دەیڵێنەوە.

**ڕۆڵەکانی مافخوازی کورد!**

بەردەوامیی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە خەبات دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و شیلگیر بوونی خەڵکی کوردستان لە درێژەدان بە خەبات و خۆڕاگری، سەرەنجام بە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاویدا، تۆماری تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتی و حکومەتی حەمە ڕەزا شای تێکەوە پێچاو، بە دوای ئاشکرا بوونەوەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١٠ی خاکەلێوە، وەك ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کرا. تا لەو ڕۆژەدا وێڕای یاد کردنەوە لە سەرقافڵەی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد بە شێوەیەکی تێکڕایی ڕێز لە یادو فیداکاری و خۆبەخت کردوویی سەرجەم شەهیدانی کوردستان بگرین. لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو ساڵێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرەڕای بوونی فشارو زەختی ڕێژیم لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا بە چوونە سەر مەزاری شەهیدان، بە پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە بە سەردان لە بنەماڵەی شەهیدان و بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمی تایبەتی، یادی شەهیدانی سەربەرزو سەروەر دەکەنەوە و پەیمانی وەفاداری بە





ئامانجەکانیان لە گەڵ نوێ دەکەنەوە.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هیوادداربوون کۆتایی بە مەینەتییەکانیان بێ، ستەمی نەتەوایەتی، سیاسی و ئابووریيان لە سەر نەمێنێ و دەرگای ئازادی و بە مافی نەتەوایەتی گەیشتنیان بە ڕوودا بکرێتەوە. بەڵام مخابن نەك ئەو هیوایە نەهاتەدی بەڵکوو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ستەم لە سەر کورد زیاتر و لایەنی جۆراوجۆرتریشی بەخۆوە گرت. فتوای جیهاد لە دژی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لە لایەن خومەینییەوە ڕاگەیەندرا، کوردستان گەمارۆدرا، میلیتاریزە کراو کوشتاری ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ هێزەکانی تاریکی و دواکەوتوویی مەباح کرا. بە دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد دەست ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا کەوتنە سەر جەستەی گەلی کورد و بزوتنەوە ڕەواکەی.

لە ڕەوتی کوشتاری ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە دەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا گەلێك سەرکردەو سەرداری دیکەی کورد بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی یا لە ڕەوتی خەبات و خۆڕاگری دژی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆیەدا گیانیان لێ ئەستێندرا و بە خوێنی سووری خۆیان بەڵگەی ڕەوایی و بەرحەق بوونی خەباتی گەلی کورد و سووربوونی ڕۆڵەکانی ئەو گەلەیان لە خەبات تا گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی مۆر کرد.

لەو موناسبەتەدا جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییە دەخەینەوە بەرچاو کە بۆ نرخە ئەو کاتە لە سەر گەلی کورد بە گرانتر دەوەستێ کە دەبینین کەم بنەماڵە لە کوردستان دا هەیە کە شەهیدێك یا تەنانەت چەند شەهیدی لە پێناو ئازادی دا نەدابێ یا کەم بستە خاکێکی کوردستان هەیە کە تەرمی شەهیدێکی ڕێگای ئازادی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی لە ئامێز نەگرتبێ. لە ڕاستیدا ڕەنگە زۆر نەبن ئەو نەتەوە یان، گەلانەی کە لە پێناو ئازادی و بە ماف گەیشتن دا بە ئەندازەی نەتەوەی کورد شەهیدی هەبێ یان خەباتی ئاوا دوورو درێژیان کردبێ‌و، ئێستاش مەودایەکی دیکەی تا سەرکەوتن لە بەربێ.

لە موناسبەتی ١٠ی خاکەلێوەی ئەو ساڵ دا، لە پەنجاو نۆهەمین ساڵڕۆژی شەهید کران و زامی تیرۆرو شەهید کرانی مامۆستای دێموکراسی دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دواتر زامی تیرۆر کرانی دوکتور سادقی شەرەفکەندی جێگری بەوەجی دوکتور قاسملوو و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەنا زامی سمکۆ بە دەست ڕەزا شاو لە سێدارە درانی پێشەوا قازی محەممەد بە ئێمەی کورد شەهید بوون، هەدەف و ئامانج نیە بەڵام لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و ئازادی و مافی نەتەوایەتی دا لە شەهید بوون و شەهید دان سڵ ناکەینەوە. چوونکە باوەڕمان بە فەرموودەی دوکتور قاسملووی نەمر هەیە کە دەڵێ : **گەلێك ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا.**

بە داخەوە نرخی ئەو ئازادییە و بە ماف گەیشتنەش گرانەو، ئەویش خوێنی ڕۆڵەکانی ئەو گەلەیە، ئەو لە سێدارە دان و شەهید کرانی پێشەوای هەڵکەوتووی کورد، قازی محەممەدی نەمردا و لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دا جارێکی دیکە وەفادارییی خۆمان بە ئامانجەکانی شەهیدان دووپات دەکەینەوەو پەیمانی نەسرەوتن تا وەدیهێنانی ئاواتەکانیان لە گەڵ نوێ دەکەینەوە، هەروەك ئەوان پەیمانی وەفاداری خۆیان بە کوردو بە ئامانجەکانی کورد بە سەردانان لە پێناو سەرکەوتن دا بردە سەرو تاجی سەربەرزییان لە سەرنا.

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن ئەوانەی، وا لە دڵی میللەتا ئەژین**

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە ئاماژە بە وتەیەکی بە نرخی دیکەی مامۆستاو ڕێبەرمان دوکتور قاسملووی نەمر دەکەین کە فەرموویە: **"باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە".**

با هەموومان پاداشی شەهیدان بە درێژەدانی ڕێگایان و وەفادار مانەوە بە ئامانجیان بدەینەوە ئەو ڕێیەی کە ئەوان لە بەرپێیان دانابن تا گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی بیپێوین و بەمجۆرە هەم ڕۆحی شەهیدان شاد بکەین و هەم لە دواڕۆژدا ناچار نەبین شەهیدی لەوە زیاتر بدەین.

سلاو لە گیانی پاکی پێشەوای نەمر قازی محەممەد سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان.

**سلاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان.**

**سەربەرزی بۆ بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان.**

**سلاو لە سەرکەوتن، ئامانجی بەرزی شەهیدان**

---

# پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



*رامبود لوتفیپووری*

**هاوڕێیانی بەڕێز!**
**بەشدارانی خۆشەویست!**

بە داخەوە مێژووی ژیانی کورد و خەباتە ئازادیخوازانەکەمان، گەلێك ڕووداوی تاڵ و ڕۆژی ناخۆشی بە خۆوە دیون، پۆل پۆل شەهیدو قوربانیدان و کارەسات لە دوای کارەسات، بوونەتە تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم خەباتە ڕەوایە. زۆر جار دوژمنانی بە خوێن تینووی ئازادیو دادپەروەری، خوێن و گوللەیان کردۆتە خەڵاتی جێژنەکانمان و ڕۆژی شادییان لێ کردوینەتە پرسەو سەرەخۆشی.

نەورۆزی هەڵەبجەیان لە گازی کیمیاییدا خنکاندو جێژنی قوربانی هەولێریان شەڵاڵی خوێن کرد. مخابن، ئەم نەریتی ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆری لێدراوی ئێمەیە کە نرخی ئازادی و مافخوازی، گیانی مرۆڤە و چەندین نەوە قوربانی دەبن تا نەوەیەك بە ئازادیو بەختەوەری بگا. لە دونیای مۆدێرن و سەردەمی ئۆمانیزمدا، کە مرۆڤ بۆتە تەوەری جیهان و مەعریفە و گیان و ژیانی لە سەرووی هەموو ئایدۆلۆژیا و باوەڕێکەوە جێگایان گرتوە، ئێمەی کورد لە کوردستانی لە ڕۆژهەڵات هەڵکەوتوودا، گیانمان بۆتە سووتەمەنیی شۆڕش و خەباتێکی ڕەوای نەتەوایەتی. دەمێکە ئەم وڵاتە بێ‌وڵەتە، بۆتە قوربانگەی ئازادیخوازان و هەزاران هەڵۆی بەرزەفڕی سەر چیا سەرکەشەکانی. لە مێژە دەمرین بۆ ژیان، مردووین بۆ ژیانی ئێستەو دەژیێینەوە بۆ بەختەوەریو سەرکەوتنی داهاتوومان.

**خۆشەویستان!**

شەهید بوون و کولتووری شەهادەت لە قامووسی ئێمەدا بە واتای مەرگدۆستی و بە پیرۆز کردنی مردن نیە، شەهید بوون بە واتای ڕێزگرتن لە ژیان و بایەخدان بە خۆشەویستی، ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ بەختەوەری و ژیانی باشتری کۆمەڵگایە.

شەهید ئەو مرۆڤە مەزنەیە کە گەیشتۆتە بەرزترین لووتکەی هەڵوێست و باوەڕو قووڵترین مانای بوونو ژیان. شەهید گیانی خۆی دەبەخشێ بۆ پاراستنی گیان و ڕێزگرتن لە مرۆڤ وژیان. خۆشەویستیی ژیان و بەختەوەریی مرۆڤ و کۆمەڵگا بۆ شەهید، ئامانج و بنەمایە. ئازادی و خۆشبەختیی مرۆڤ و ژیانی سەرفرازانە و خواستی نەمر بوون و مانەوەیە کە دەبێتە هەوێنی هەڵوێستی ئەو مرۆڤە گەورەیەی گیانی خۆی بەخت دەکا و دەچێتە ڕیزی نەمران و هەتاهەتایی دەبێتەوە.

**بەڕێزان!**

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، لە ڕۆژە پیرۆزەکانی نەورۆزی کوردەواری داین، نەورۆزی ڕاپەڕین و ژیانەوە، نەورۆزی ڕابوون و بووژانەوە. لەم ڕۆژەدا بوو کە داگیرکەری زستان پەرستی لە هەتاو تۆقیو، پێشەوای بێداری و ئازادی و هێمای نەتەوایەتیمانی لە سێدارە دا، لەم ڕۆژەدا بوو کە قازی محەممەدی ڕێبەرو زانا، لە پێناو ئامانجە بەرزەکانیدا گیانی فیدا کرد، تا ئێمەی نەوەی داهاتووی لە بەر تیشکی بیرە بەرزەکانیدا ڕێچکەی ئەستەمی خەبات و هەورازی سەخڵەتی ئازادی، تێپەڕ کەین. لەم ڕۆژەدا ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرقافڵەی خەباتی مۆدێرنی ناسیۆنالیستیی کورد، بوو بە ئامانجی ڕق و قینی شەمشەمەکوێرەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەهلەوی و تەرمی پیرۆزی سەرداری بوو بە ئاڵای ڕاپەڕین و خۆڕاگریمان.

پێشەوای هەردەم زیندوی کورد، سەلماندی کە مرۆڤی ئازا گەر بیهەوێ نامرێ وبەردەوام لە هزرو ئەندێشەی نەوەکانی دوای خۆیدا، دەژێیت و نووژەن دەبێتەوە.

پارادۆکیسکاڵترین چەمکەکانی پێکەوە گونجانە گرێیدان، خۆبەدەستەوەدان لە پێناو بەرخۆدان و مردن لە پێناو ژیاندا، خۆی بەدەستەوەدانی بۆ ئەوەی لە بێدادگای ڕێژیمی پاشایەتیدا دەسەڵاتی جەورو نەزانی دادگایی بکاو دەرس لە خۆبوردوویی و ئازایەتی بە نەتەوەکەی بدا. گیانی بەخشی بۆ ئەوەی کە مانا بە ژیان بداو بەرزترین ماناکانی مرۆڤایەتی بچەسپێنێ.

ئەگەر چی پێشەوای کورد لە سێدارە دراو کۆمارە ساواکەی جوانە مەرگ کرا، بەڵام نەك هەر نەدۆڕاو نەمرد، بەڵکوو سەرکەوت و ژیان و ئەندیشەکانی لە دڵو دەروون و بیروباوەڕی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و نەوەی داهاتوویدا چەکەرەیان کردو ڕەگیان داکوتا. مامۆستای کوردایەتی و ئازادیخوازی، مەشخەڵی خەباتێکی هەڵ کرد کە دوای خۆی گەورە پیاوانێکی وەك قاسملوو و شەرەفکەندی بەدەستیانەوە گرت و ئاڵای شۆڕشێکی لە مەهاباد بەرز کردەوە کە تا ئێستا نەك هەر لە موکریانی زێدی، بەڵکوو لە سەرتاسەری کوردستان، لە ماکۆ و ورمێ‌وە بگرە تا دەگاتە سنەو کرماشان و ئیلام دەشەکێتەوە. بۆیە دەڵێین نەمردووە و بەردەوام لە بیری کوردو کولتووری کوردەواریدا دەژێیت و نووژەن دەبێتەوە.

بەداخەوە وەك گوتمان خەباتی ئازادیخوازانە لە ڕۆژهەڵاتدا، تێچوویەکی گەلێك قورسی هەیە، بەڵام چ چارەیەکمان نیەو دەبێ داری ئازادی بێتەبەر، تەنانەت ئەگەر نرخی لەوە زۆرتر و قورستریش بێ.

وەك پێشەوا بۆ خۆی دەڵێ: "دڵنیابن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتن و خوێندەواریتان باش بێ، زۆر باشتر بە سەر دووژمناندا سەر دەکەون، ئێوە نابێ بە کوشتنی من و براو ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ، زۆر کەسی دیکەی وەك ئێمە لەم ڕێگایەدا بەخت بکەن، تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان."

**ئازیزان!**

لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە بۆنەی ئەم یادەوەرییە تاڵەوە (شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی) پرسەو سەرەخۆشی لە پێشدا لە خۆمان و ئینجا لە ئێوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو سەرجەم نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دا دەکەین، هەروەها جێگای خۆیەتی لەم بۆنە خەماوییەدا جگە لە پێشەوا، یادی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە تایبەت پێنج هەزار شەهیدی حیزبی دێموکراتو لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدانی سەرکردە دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی بکەینەوەو بەڵێنیان لەگەڵ نوێ بکەینەوە کە تا گەیشتن بە لووتکەی سەربەستیو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان ساتێکیش هەدا نەدەینو واز لە خەباتو تێکۆشان نەهێنین.

یادیان بەرزو ڕێگایان پڕڕێبوار

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٥ی هەتاوی**

# دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟!

**محەممەدجەمیل کولاهی**

بەدوای شەڕی عێراقدا، پرۆژەی ناوکیی ئێران گەورەترین کێشەی نێونەتەوەیی بووە، کە نێزیك بە سێ ساڵ وتووێژو دیالۆگو دانی ئێمتیازگەلی جۆراوجۆری ئابووری بەو ڕێژیمە بە مەبەستی دەست هەڵگرتن لەو پرۆژەیە بێئاکام مایەوەو دۆسیەی ئەتۆمیی ڕێژیم لە IAEAیەوە گوازرایەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا بەڵکوو ئەو ڕێژیمە لە ژێر فشاری نێونەتەوەیی لەوانە هەڕەشەی گەمارۆی ئابووری یان تەنانەت هێرشی نیزامیدا دەست لە درێژەدان بە بەرنامە ناوکییەکانی هەڵگرێ. دوای ئەو ماوە دوورودرێژەو ئەو هەموو وتووێژانە ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ وڵاتانی بڕیاردەرو گەورەی جیهان بە بڕیارێکی یەکگرتوو لەسەر ئەو کێشەیە نەگەیشتون؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لە دوو قۆناخی جیاوازدا لەسەر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران باس بکرێ:

١ـ بەر لە هاتنە سەرکاری ئەحمەدینەژاد

٢ـ دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدینەژاد

لە قۆناخی یەکەمدا وڵاتانی خاوەن بڕیاری جیهان لەبەر چەند هۆ لەسەر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بە یەکدەنگی نەگەیشتن، کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

الف) ئەمریکا وەك گەورەترین زلهێز بە شەڕی ئەفغانستانو عێراقەوە سەرقاڵ بووو، چونکە لەو بارەیەوە لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بەرەوڕووی ڕەخنەی توند ببۆوە، نەیدەتوانی یەك لایەنە گوشارێکی ئەوتۆ بخاتە سەر ئێران، بەڵکوو بەدوای یەکدەنگ کردنی کۆمەڵی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی ئەتۆمیی ئێرانەوە بوو.

ب) یەکیەتیی ئورووپاو چینو ڕووسیە لە ئێرانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرژەوەندییەکی زۆری ئابوورییان هەیە، بۆیە پێیان خۆش نەبوو کە بۆ چارەسەری کێشەی ئەتۆمیی ئێران پەنا بۆ گەمارۆی ئابووریو هێرشی نیزامی ببرێو دەیانویست بە ڕێگای دیالۆگو دیپلۆماسییەوە کێشەکە چارەسەر بکەن.

ج) ئەو کات لە ئێراندا باڵی ریفۆرمخوازی ڕێژیم لەسەر کار بوو کە بەهۆی گرتنی ژێستی ریفۆرمخوازانەو دێموکراسیخوازانە رووی دزێوی کۆماری ئیسلامیی لە ژێر ئەو بێژە سەردەمییانانەدا شاردبۆوە، ڕێژیم لەو ماوەیەدا تووشی چەند دەنگیو چەند هەڵوێستی هاتبوو کە دنیای دەرەوەشی تووشی سەرلێشێواوی کردبوو.

د) ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە یەکێ لە ئێستراتیژیکترین ناوچەکانی جیهانە، هاوکات بەهۆی چەندین قەیران وەك شەڕی عێراقو ئەفغانستان، مەسەلەی فەلەستینو ئیسرائیلو ئاڵۆزییەکانی لوبنان ئامادەگیی بەرەورووبوونەوەی قەیرانێکی دیکەی نەبوو.

ئەو خاڵانەی کە ئاماژەیان پێکرا، هەموویان لە خزمەت کۆماری ئیسلامیدا بوونو زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بە ئێمتیازگەلی جۆراوجۆری سیاسیو ئابووری بگات، بەڵام چونکە ئەقڵیەتێکی وشك بەسەر ڕێبەرانی ڕێژیمدا زاڵ بوو کە مانەوەی خۆیان لە وەدەستهێنانی چەکی ناوکیدا دەدی، ڕێژیم نەیتوانی بەو ئێمتیازانە بگا. بە هاتنەسەرکاری ئەحمەدینەژاد، دۆخەکە گۆڕاو کێشەی ناوکیی ئێران چووە قۆناخێکی نوێوە. لە هاتنە سەرکاری ناوبراوەوە تا ئێستا کات بە زیانی ڕێژیم تێپەڕیوە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هەڵوێستو ئیستراتیژییان لەمەڕ کۆماری ئیسلامی گۆڕا. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە ئەحمەدینەژاد لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕێژیم لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا لە گرێژنەی خۆی ترازاوەو لە ئامانجەکانی دوور کەوتۆتەوە، بۆیە بۆ پاراستنی بنەماو ئامانجەکانی ڕێژیم دەبێ لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا ڕابوەستێ. بۆ ئەم مەبەستە گەڕایەوە بۆ دروشمەکانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی. لەوانە پاك کردنەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی. دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد بەبێ گوێدان بە ڕای گشتیی جیهان، تێکۆشانە ناوکییەکانی لە ناوەندە ئەتۆمییەکان کە لەسەر داخوازیی IAEAو بڕیارنامەی پاریس بۆ ماوەی دوو ساڵ بوو داخرابوون، دەست پێکردەوە. ئەو هەڵوێستانەی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد، بوون بەهۆی یەکدەنگیی وڵاتانی ئەندام لە IAEAو ناردنی دۆسیەی ئەتۆمیی ڕێژیم بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئێستا پێنج وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکی وتووێژ لەسەر چۆنییەتیی فشارهێنان بە مەبەستی پاشگەزکردنەوەی ڕێژیم لەو سیاسەتانەن کە گرتوونیەتە پێش. ئێستا ڕێژیم لە دۆخێکی جیاواز لە قۆناخی یەکەم دایە، چونکە ئەمریکا بەهۆی پێکهاتنی دەوڵەت لە ئەفغانستانو بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت لە عێراقدا سەرقاڵییەکی ئەوتۆی نەماوە، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی پێداگریی ڕێژیم لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی، وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئەمریکا تاڕادەیەکی زۆر ڕێك کەوتوون. بە شێوەیەك کە ئێستا ئەوان خەریکی نووسینی ڕەشنووسی بەیاننامە دژی ئێرانن. بێجگە لەوانە بەهۆی لەسەرکار لاچوونی ریفۆرمخوازەکان لە ئێران، چەند دەنگی لەسەر ئەو پرۆژەیە نەماوەو ئێستا ڕێبەرانی ڕێژیم لە سەر ئەو مەسەلەیە هەموو یەکدەنگنو دەستڕاگەیشتن بە تێکنۆلۆژیی ناوکی بە مافی خۆیان دەزانن. بۆیە ڕێژیم ئەو کارتانەی لە دەستیدا بوونو نەیتوانی کەڵکیان لێ وەربگرێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەریکە لە دەستیان دەداو مەیدانی لێ بەرتەسکتر دەبێتەوە. لەو کاتە هەستیارەدا ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی بتوانن ڕووسیەو چین لەسەر کێشەی ئەتۆمیی ڕێژیم بە قەناعەت بگەیەنن، ڕێژیم بە تەواوی لەباری سیاسییەوە بایکوت دەکرێ، کە ئەمەش دەتوانێ دەرکردنی بەیاننامە یان بڕیارنامەیەکی توندی لێ بکەوێتەوە کە ئەگەر ڕێبەرانی ڕێژیم ئەو داخوازییانە جێبەجێ نەکەن، گەمارۆی ئابووریو تەنانەت ڕەنگە هێرشی نیزامیشیان بەدواوە بێ.

ئەگەر چینو ڕووسیە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە سەر کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێك نەکەوتن یان گەمارۆی ئابووریو فشارە نێونەتەوەیییەکان بۆسەر ئێران کاریگەرییان نەبووو ڕێژیم لەسەر بڕیاری خۆی پاشگەز نەبۆوە، بەهۆی ئەوەوە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئێران لە ناوچەیەکی هەستیارو ئیستراتیژیکی دنیا هەڵکەوتووەو وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکا ناتوانن تا ماوەیەکی زۆر وەك



کوریای باکوور بە ئێرانەوە خەریك بنو شاهێدی ئاژاوەخولقێنیو دەستێوەردانی ڕێژیم لە وڵاتانی ناوچەکە دابن، چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرژەوەندیی سیاسیو ئابوورییان هەیە. بۆیە لەوانەیە ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەشێوەکی یەك لایەنە گورزی سەربازی لە ئێران بوەشێنێ، چونکە ئەمە باسێکە کە لە ژێر ناوی هێرشی بەرگرییانە لە نوێترین ئیستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا هاتووەو گوتراوە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا لە هەموو ڕێگاکان کەڵك وەردەگیرێ، کە هێرشی نیزامییش یەکێ لەو ڕێگایانەیە. ڕەنگە بگوترێ کە هێرشی بەرگرییانە بۆچی؟ لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

الف ـ ڕووسیەو چین دەیانەوێ وەك زلهێز خۆیان پیشان بدەن، بەم بۆنەیەوە ئەمریکا دەیەوێ هێزی خۆی بەو دوو وڵاتە نیشان بداو وەك گەورە زلهێزی جیهان خۆی بسەلمێنێ.

ب ـ ئێستا ڕێژیمی ئێران یەکێك لە دەسەڵاتە بەهێزەکانی ناوچەیە، کە ئەمە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نیە کە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ـ مەزهەبی، دژ بە ئەمریکا لەو ناوچەیەدا وەك زلهێزێك هەڵسوکەوت بکا، بۆیە دەیەوێ بە وەشاندنی گورزێکی سەربازی، لانیکەم بە توندی لاوازی بکا.

ج ـ بە لاوازکردن یان لەنێوچوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تاقمە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی ناوچەکە، بەتایبەت تاقمە ئاژاوەگێڕەکانی نێو عێراق، گەورەترین پشتیوانی خۆیان لە دەست دەدەنو بە توندی لاواز دەبن.

و ـ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە لای ئەمریکاوە بە مانای جێگیربوونی دێموکراسیو ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینە، چونکە گەورەترینو بەهێزترین دوژمنی ئازادیو دێموکراسی لە ناوچەکەدا ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران دایە.

ر ـ تا ئێستا ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورە پارەیەکی یەکجار زۆری خەرج کردووەو ئەم هەموو خەرجە بەبێ دەستەمۆکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە سەرەکیترین پشتیوانی تیرۆریزمە بێماناو بێئاکامە.

ز ـ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئیسرائیلو دەوڵەتە عەرەبییەکان کە هاوپەیمانی ئەمریکان.

بۆیە تەنیا ڕێگای دەربازبوونی کۆماری ئیسلامی لەو سزایانە، وازهێنانی لە درێژەپێدانی بەرنامە ناوکییەکانیەتی، کە ئەمە لە عەقڵییەتو بیری بەرتەسکی ڕێبەرانی ڕێژیم بەدوورە، چونکە مانەوەی ڕێژیمەکەیان لە بەدەستهێنانی چەکی ناوکیدا دەبینن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەی بۆ دەرکەوتوە کە چەندین کێشەو قەیرانی دیکەی وەك کردەوەی تیرۆریستیو پشتیوانی لە تیرۆریزم، دەستێوەردان لە بارودۆخی نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە، دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو فەلەستین سەرکوتی بێبەزەییانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو پێشێلکردنی مافی مرۆڤو...ی هەیە، کە بە پاشەکشەکردن لەو کێشەیە دەکەونە ڕوو، چونکە ئێستا کێشە ئەتۆمییەکەی بەهۆی ئەوەوە کە هەڕەشەیەکە بۆسەر کۆمەڵگای جیهانی، لە چاو کێشەکانی دیکەی زەقو بەرچاوترەو پێشی بە زەقبوونەوەی مەسەلەکانی دیکە گرتوە. ڕێژیم وای بۆ دەچێ کە پاشەکشە لە درێژەپێدان بە بەرنامە ناوکییەکانی سەرەتای دەستپێکردنی گوشارگەلی دیکەی نێونەتەوەییو پاشەکشە لە دوای پاشەکشەیە، کە پاشەکشە لەو مەسەلانە کۆماری ئیسلامی لە بنەماو ئامانجەکانی دوور دەخاتەوەو ئەمنییەتو مانەوەی ڕێژیم دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە ڕێژیم مانەوەی خۆی لە وەدەستهێنانی چەکی ناوکیدا دەبینێ، کە ئەمە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نیە. بۆیە ئەگەر لەسەر درێژەپێدانی بەرنامەکانی خۆی پێ دابگرێ، ڕووبەڕووی توندترین سزاکان دەبێتەوە.

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەی بۆ دەرکەوتوە کە چەندین کێشەو قەیرانی دیکەی وەك کردەوەی تیرۆریستیو پشتیوانی لە تیرۆریزم، دەستێوەردان لە بارودۆخی نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە، دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو فەلەستین سەرکوتی بێبەزەییانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو پێشێلکردنی مافی مرۆڤو...ی هەیە، کە بە پاشەکشەکردن لەو کێشەیە دەکەونە ڕوو.**

# ڕاپۆرتی بەشداریکردن لە کۆنفراسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئەمریکا

**و: ڕەسووڵ سوڵتانی**

هەژدەهەمین کۆنفرانسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، لە باکووری ئەمریکا، لە ڕۆژەکانی ١٧و ١٨و ١٩ی مارسی ٢٠٠٦، لە هوتێل هیلتۆن، لە دەوروبەری واشینگتۆن بەڕێوەچوو. کاتژمێر ١ی ڕۆژی هەینی ١٧ی مارس بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبو بەخێرهاتنی میوانانو قسەکانی بەڕێز دوکتور وەفا خورشید، جێگری سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد؛ کۆنفرانسەکە دەستی بەکار کرد. دواتر لە مێزگردێکدا کە بەرپرسانی ڕێکخراوی لاوانی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەك کورد، تێیدا بەشدار بوون، باس لە کێشە، گرفتو کاروباری لاوانی کورد لە کۆمەڵگای ئەمریکادا کرد. بەشدارانی مێزگردەکە بریتی بوون لە: ١ـ گۆران سەجادی، سەرۆکی ڕێکخراوی لاوان، ٢ـ خاتوو ئاریان ئاکرەیی، جێگری سەرۆك؛ ٣ـ خاتوو شێنێ سەلیم، ئەندامی ڕێکخراوی لاوان؛ ٤ـ نەزار ئەحمەد؛ خەزنەداری ڕێکخراوی لاوان ٥ـ ئارا ئالان، ئەندامی ئەنجومەنی ڕێبەریی ڕێکخراوی لاوان؛ ٦ـ بۆتان ئامێدی، سکرتێری ڕێکخراوی لاوان.

لەو مێزگردەدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە هەموو لایەنەکانی کێشەو گیروگرفتی لاوانی کوردی کۆمەڵگای ئەمریکا تاوتوێ کرانو خرانە بەرباسو جەخت کرایەوە لە سەر ئەوەی کە چارەسەری ئەم کێشەو گرفتانە پێویستی بە هاوکارییو لێتێگەیشتنی منداڵانو بنەماڵەکان هەیە.




بەشی دووهەمی بەرنامەی کۆنفرانسەکە لە ڕۆژی هەینیدا بۆ هەڵسەنگاندنو تاوتوێکردنی بارودۆخی بەشە جیاجیاکانی کوردستان تەرخان کرا، کە لە لایەن بەرپرسانی" KNC"یەوە باسی لێکرا. لەم بەشەدا ئەم کەسایەتییانە بیروڕای خۆیان دەربڕی:

١ـ دوکتور جاك ویلسۆن، لە ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، ٢ـ دوکتور کەماڵی ئارتێن ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، لە باکووری ئەمریکا ٣ـ دوکتور کرمانج گوندی، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ٤ـ کاك بەختیار زوهدی، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

لەم بەشەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە سەرنجی تایبەت بدرێتە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێرانو سووریە لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردەوە.

دوایین بەشی ڕۆژی هەینیی کۆنفرانسەکە تەرخان کرا بۆ تاوتوێکردنی بەرنامەو پەیڕەوو گۆڕانکارییەکان لەم بەرنامەیەداو هەروەها پێشاندانی فیلمێك سەبارەت بە جەنایەتەکانی سەددام حسێن لە کوردستانی عێراق دا.

ڕۆژی شەممە ١٨ی مارس کاروباری کۆنفرانسەکە تەرخان کرابوو بۆ مێزگرد سەبارەت بە بەشە جیاجیاکانی کوردستان.

لە یەکەم مێزگردی شەممەدا، کە بەڕێز شێرکۆ عەبباس (کەسایەتیی کوردی سووریە)، بەڕێوەبەری بوو، ئەم کەسایەتییانە قسەیان کردو بیروڕایان دەبڕی:

١ـ بەڕێز موبارەك ئەلغەزنەوی، کەسایەتیی سەربەخۆی کوردی سووریە، ٢ـ سلێمان میرۆو عەبدولباقی یوسف، لە بەرپرسانی حیزبی یەکیەتی.

لە دووهەمین مێزگرددا کە بۆ کوردستانی ئێران تەرخان کرابوو، خاتوو سورەیا سیراجەدینی بەڕێوەی دەبرد، نوێنەرانی پێنج حیزبو ڕێکخراوی کوردستانی ئێران بەشدارییان کرد کە بریتین لە:

١ـ دوکتور مورتەزا ئیسفەندیاری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا، ٢ـ حەمید بەهرامی، لە ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران ـ کۆمەڵە ٣ـ عارف باوەجانی، لە ڕێکخراوی ئازادی، ٤ـ زاگرۆس یەزدانپەنا، لە یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ٥ـ حەسەن شەمس لە کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران.

هەرکام لەو نوێنەرانە سیاسەتەکانی ڕێکخراوو حیزبی خۆیانیان خستە بەرباسو لە کۆتاییشدا وەڵامی پرسیارەکانی بەشدارانیان دایەوە.

لەم بەشەدا دوکتور سامان شالی ئاماژەی بە چالاکیو تێکۆشانەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئەمریکا بۆ پێکهێنانی یەکیەتی یا بەرەیەك لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێراندا کردو گوتی: لەو پێناوەدا هەنگاوەکان باش بوونو هیوادارە کە ئەم هەوڵانە بە ئاکامێکی دڵخواز بگەن ـ بەڕێزیان بە تایبەت باسیان لە دانیشتەکەی ڕۆژی ٦ی مارسی ٢٠٠٦ کرد کە سێ لایەنی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ ڕێکخراوی خەباتو یەکیەتیی شۆڕشگێڕان بەشدار بوون، بەڵام هیچکام لە کۆمەڵەکان نەهاتبوون. ئەوان بە تەلەفۆنو ناردنی نامە جەختیان کردەوە لە سەر ئەوەیکە لە دانیشتنەکانی داهاتوودا بەشدار دەبن.

بەڕێز سامان شالی، لە کۆتاییدا ڕایگەیاند کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە پێداگرییەوە درێژە بە هەوڵو تێکۆشانەکانی خۆی لەم بوارەدا دەدا.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنفرانسەکە (ڕۆژی شەممە) تەرخان کرابوو بۆ یادکردنەوە لە دوکتور ئەحمەد عوسمان، ئەندامی کارای کۆنگرەی نەتەوەیی کە پارەکە، کۆچی دوایی کرد. لەو بەشەدا بەڕێز حیکمەت فیکرەت، بە نوێنەرایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، چووە پشت تریبوونو وێڕای خوێندنەوەی ژیاننامەی پڕلە شانازیی دوکتور ئەحمەد عوسمان، باسی لە کەسایەتیی بەرزی بەڕێزیان کرد. پاشان خاتوو موعەزەز ئەمین عەزیز، کە کۆنفرانسەکەی بەڕێوە دەبرد، ڕایگەیاند کە دوو پەیام لە لایەن دوو کەسایەتیی سیاسیی کورد، بەڕێزان مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو نێچیروان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کۆنفرانس هاتوونو هەر لەلایەن خاتوو موعەزەز ئەمینەوە خوێندرانەوە.

ئەوجار داوا کرا لە کاك خوسرەو عەبدوڵڵاهی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات، لە دەرەوەی وڵات کە بە نوێنەرایەتیی کاك مستەفا هیجری بەشداریی ئەم کۆنفرانسە بوو، پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بخوێنێتەوە، کاك خوسرەو عەبوڵڵاهیش وێڕای سوپاس لەبەرپرسانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بۆ بانگهێشتنیان لە حیزبی دێموکرات بۆ بەشداریی لەم کۆنفرانسەداو هەروەها هیوای سەرکەوتنیان لە کاروبارەکانیاندا، پەیامی سکرتێری گشتیی خوێندەوە کە لەلایەن بەشدارانەوە پێشوازی لێکرا.

## وردە سەرنج

مەسعوود بابایی

**سەرنجی حەوتەم:**

**زمان و نەتەوە و ناسیونالیزم**

ئایا نەتەوە دیاردەیەکی مێژوویی‌یە؟ یا دیاردەیەکی دەرهاویشتەی مودێرنیتەیە؟ئێمە وەکو کورد نەتەوەین یان نا؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە کیلۆی خۆمان بە تەرازوی خۆمان بپێوین؟ کەسانێك هەن کە پێیان وایە هەتاکو بە پێکهێنانی دەوڵەت نەگەین، ناشتوانین پێناسەیەکمان بۆ نەتەوە هەبێ، فەرەنسەوی‌یەکان لە تیۆریی دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆیان پێی لەسەر ئەم پێناسەیە دادەگرن. ئاڵمانییەکان، نەتەوە بە دیاردەیەکی مێژووکرد، دەزانن. هێگل دەڵێ: "نەتەوە هەمەکی‌یەکی تاقانەیە لەمێژوودا گیانێکی تایبەت بە خۆی هەیە... پێویستیی جەنگ لە ژیانی نەتەوەکان دا لێرەوە سەرچاوە دەگرێ". هەڵبەت تیۆریی نەژادی پاشان هاتە نێو ئەم روانگەیە و نازیسمی لێ کەوتەوە. لەم تیۆریی‌یە ئەڵمانییەدا زمان توخمی سەرەکییە. بەڵام بۆچی زمان چەکی مەزنی ناسیونالیزمە؟ لە سەرنجەکانی پێشوودا باسمان لە بابەتی مەودا ـ جیاوازی کرد. بەڕای من نەتەوە، دیاردەیەکی مێژووکردە، بەڵام لەرووی سیاسییەوە، ئەگەر نەتەوە بە بوونی دەوڵەتەوە گرێ بدەین، ئێمە هێشتا نەتەوە نین و لە دەرەوەی مێژووداین. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە تیۆریی فەرانسەوی‌دا کە مۆرکی فەرانسەیە. واتە کۆمەڵە نەتەوەیەك لە پانتایی‌یەکی جوگرافیایی‌دا جێ کراونەتەوەو شوناسێکی فەرەنسەوی‌یان دراوەتە پاڵ، ئەم شوناسە هەمان شوناسی "نەژادی گۆل و زمانی گۆل"ە کە ئێستا فەرەنسەوی پێ دەوترێ، لەم دوایانە و لە رووداوەکانی ئەم دوایانە فەرەنسە، گرفتەکانی ئەم تیۆرییەمان بۆ دەرکەوت. رەنگە لەم سەرنجەدا دەرفەتی روونکردنەوە و بنەمای ئەم بانگەشەیە نەبێ.

زمان دەربڕی خەیاڵدانی نەتەوەیە، ئوستورە، ئەفسانە، سەربردە، چیرۆکی فۆلکلۆری و فەنتازیك، مەتەڵ، پەند، بژێرویژی (aphorism)، قسەی نەستەق، هەموویان لە ئارشیڤی مێژووی نەتەوەدان. ئارشیڤی نەتەوە لە سیستمی کولتوری زارەکی‌دایە کە بە گوتەی ئانتۆنی گیدێنز "لەڕادەبەدەر کونزێرڤاتە". توانای رازاندنەوەی زمان و تایبەتمەندیی مۆزیکاڵی بەرهەمە فۆلکلۆری‌یەکان ـ کە بەگشتی بە مەبەستی ئاسان لەبەر کردنە ـ بۆشایی مەعنەویی نەتەوە پڕدەکەنەوە و مۆرکی رەسەنایەتیی نەتەوە تۆختر دەکەنەوە و لە هەمان کاتدا رۆحی نەتەوەیی بەهێزتر دەکەن.

هەموو ئەوانە خەیاڵی مێژوویی و ئێستایی و دوارۆژ یەکانگیر دەکەن و دەبنە هۆی پێکهێنانی خەیاڵی سیاسی. کاتێك کە دەوترێ "هەموو نەتەوەیەك خۆی لەبەرامبەر نەتەوەیەکی دیکە پۆلێن دەکا". لێرەدا بەراوردی کولتووریی نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، جۆرە بەریانێك بۆ کولتوری هاوشێوە دروست دەکا. لێرەشدا چەمکی مەودا ـ جیاوازی قوت دەبێتەوە. مەودای کولتوری دەبێتە هۆی جیاوازیی کولتووری. بۆیە زمانی نەتەوایەتی لەرێگەی توخمە زمانییەکانەوە ئاسۆی کولتووریی نەتەوە، هێندە بەرین دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی خەیاڵی سیاسی. مەبەست ئەو خەیاڵە سیاسییەیە کە دەیەوێ لە کیانێکی سیاسی‌دا کە لەسەر بنەمای کولتووری هاوشێوە و زمانی نەتەوایەتی دروست بووە، خزمەت بە بوژاندنەوەی کولتوورێك بکا کە لە رێگەی زمانی نەتەوایەتی‌یەوە دروستبوە. لێرەدا رۆڵی زمانی نەتەوایەتی پاراستنی کولتوری مەعنەوی و زارەکی‌یە، نەك کولتووری مەتریالی. کەوابوو تەنیا دەوڵەتی نەتەوەیی دەتوانێ پارێزەری شوناسی نەتەوەیی و کولتووری هاوشێوە بێت کە لەرێگەی ناسیونالیزمەوە دروست دەبێ، ئەپستمی هەر نەتەوەیەك سەرەتا هەوێنەکەی لە کولتووری زارەکی‌دا (...) دەبەستێ، تایبەتمەندیی مۆزیکاڵی فولکلوور بەتایبەت فولکلووری کوردی، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام کاتێك کە دەگەینە کولتوری نووسراو تایبەتمەندیی مۆزیکاڵی کولتوور نامێنێ. چونکە کورتبوون و هەروەها مۆزیکاڵی بوونی دەقێکی ئەدەبی ـ ئەگەر زارەکی بێ ـ ئاسانتر لەبەر دەکرێ و کاتێك دەگەینە کولتووری نووسراو (ئەدەبی نووسراو) دەق توانای بەرفراون بوون و پەل هاویشتنی زیاتر دەبێ. کولتووری نووسراو قۆناغی هاتنە نێو مێژوویە، واتە بە کولتووری نووسراو سیستمی گواستنەوە و پەرەگرتن و ئاڵ و گۆڕ رەوتێکی خێرا پەیدا دەکا و هەروەها کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت فەرمی دەبێ. زمان لەم قۆناغەدا تەنیا ئامراز و هۆکاری پێوەندی نیە، بەڵکوو دیاردەیەکی مێژوویی‌یە کە دەتوانێ چەکێکی سیاسی بێ و بەڵگەی سەربەخۆیی‌خوازی و زۆر لە مافەکانی دیکەی نەتەوە بێ.

جیاوازییەکی دیکەی کولتووری زارەکی و نووسراو، ئەوەیە کە لە کولتووری زارەکی‌دا بواری راڤەکردن زۆر کەمترە، چونکە واتا لە ئەدەبی زارەکی‌دا ئێجگار چڕە و لەکاتی دەربڕین دا چڕتر دەبێتەوە و رامان لێی ئاسان نیە، ئەمەش وادەکا بەستێنی واتایی بابەتێکی ئەدەبی فۆلکلوریك نەناسرێتەوە، هەروەها باری زمانەوانیی وشە نازانرێت. بەڵام دەقی نووسراو، بەهۆی تۆمار کردن لەسەر لاپەڕەیەك یا هەر شتێکی دیکە، توانای لێ ڕامانی مرۆڤ زۆرتر دەکات و دەتوانێ لەرێگەی راڤەوە پاشخانی هزریی نەتەوەیەك وێنا بکا. لێرەوە گرنگیی دەقێکی کۆن بۆ ئێمە دەردەکەوێ.

دەقی نووسراو لایەنی بەرهەستی "عینی" زمان زەقتر دەکاتەوە. بەڵام رەنگە بە تەواوی نەتوانێ موزیکی کولتووری زارەکی بپارێزێ. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە کە تایبەتمەندیی کولتووری نەتەوەیەکن، لەرێگەی زمانەوە دەپارێزرێن و کاتێك کە نەتەوە لەئاستی زمانی خۆی بگاتە وشیاری، کە دەتوانین زاراوەی "وشیاری بە زمان" یا "هەستیاری بە زمان"ی پێ بڵێین، یەکێك لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی رەوایی بەخشین بە ناسیونالیزمە. دەگەرێینەوە بۆ چەمکی مەودا ـ جیاوازی. زمان دروستکەری مەودا ـ جیاوازییە، ناسیونالیزمیش زەق کەرەوەی مەودا ـ جیاوازی‌یە و شوناسی نەتەوەیی لەرێگەی پرۆژەی ناسیونالیزم لەسەر ئەم بنیاتە دەپارێزرێ.


# ریالیزم و لایەنگری (١)

وەرگێڕان لە فارسییەوە: شەریف فەلاح (هێژا)

فردریك ئینگلس


رۆمانی "کۆن و نوێم" خوێندەوە، بەم بۆنەوە لە قووڵایی دڵەوە سوپاست دەکەم. ژیانی کرێکارانی کارگەکانی خوێ لەم رۆمانەدا بە هەمان راستگۆی و وەستایی ژیانی جوتیاران لە رۆمانی "ئێستیفان"دا پەسن کراوەو وێنای کردوە. وێنا کردنی دۆخی ئەنجومەنی "ویێن" لە زۆر بوار دا زۆر باشە. لەراستی‌دا وییێن تەنیا شاری ئەڵمانە کە لەوێدا ئەنجومەنگەلی جۆراوجۆر چالاکییان هەیە.

لە "بێرلین"دا تەنیا کۆڕ و ئەنجومەنگەلی دیاریکراو و رەنگە زیاتر کۆڕو کۆببونەوەگەلی نادیار بێت، لەم رووەوە تەنیا زەمینە و بوار بۆ


ئاریستۆفان

نووسینی رۆمان لەمەڕ ژیانی ئەنجومەن و کۆڕی ئەدەبی، "پرۆکراتەکان" و هونەرمەندان لەبەرە.

ئایا هانەی کردە لەم بەشەی بەرهەمی ئێوەدا نەختێك بە پەلە پەرەی پێ نەدراوە؟ هەرچەند کە لەم بارەیەوە ئێوە ئاسانتر لە من دەتوانن داوەری بکەن. زیاتر لەوەی کە لە بەرهەمەکەتاندا دەیخولقێنن کاریگەری لەسەر هەرکام لەئێمە لە بێرلیندا رەنگە بەپێی جۆری کەسایەتیی نێودەوڵەتیی کە پڕە لە توخمی رۆژهەڵاتی و باشووری بە تەواوەتی سروشتی بنوێنێ. کەسایەتییەکان لە هەردوو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بە وردبینی باوی تەنیایی‌یەوە داڕێژراون. هەر تاکێك جیالەوەی لەگەڵ کۆمەڵدایە و تیپە، کەسایەتییەکی بەتەواوەتی جیاوازیشە - و ئەو بەرامبەرە لەگەڵ وتەی هێگلی پیردا کە ئەوەی کە هەیە هەمان شتە کە دەتوانێ ببێت. تەنیا لەبەر بێ لایەنی نەختێ ئاماژە بە خاڵە نەگەتیڤەکانی رۆمانەکەش دەکەم، بۆ ئەم کارە "ئاڕنۆڵد" دەست نیشان دەکەم. ئەو لەراستی‌دا بەگشتی بێ تاوانە و لە ئەنجام دا لە کەوتنە خوارە و لەشاخ گیانی خۆی لەدەست دەدا، ئەمە دەتوانێت تەنیا لەگەڵ ئەم دادوەرییە شاعیرانەیەدا بگونجێت کە ئەو بۆ ئەم دونیایە لەرادەبەدەر باش بوو. بۆ نووسەر نابەجێیە کە لەگەڵ کاراکتەر و قارەمانی رۆمانەکەیدا هەستی


ئاشیل

هاودەردی بکا، بەڕای من ئێوە لەو بارەیەوە شێوەیەك کەموکۆڕی و لاوازیتان نواندوە. "ئێلزا" هێشتا تایبەتمەندیی کەسایەتی هەیە، ئەگەرچی ئەویش بە شێوەیەك ئارمانی دەبێتەوە، بەڵام لە ئاڕنۆڵد دا کەسایەتی بەگشتی لە بنەڕەت دا سڕدراوەتەوە. ریشەی ئەم لاوازی و کەموکۆڕییە لە درێژەی خودی رۆمان دا بە تەواوەتی دیارو بەرچاوە. راشکاوانە پێویستی راگەیاندنی وێکچوون و بە یەکسانییەکان و سەپاندنی قبوول و تەئیید کردنیان لەبەرامبەر گشت جیهاندا لەبەرامبەر ئێوەوە هەست پێدەکرێ. ئێوە پێشتر ئەو کارەتان کردوە. ئەم کارە پێش ئێوەش بە چەشنێکی‌تر ئەنجام دراوە، و هۆیەك بۆ دووپات کردنەوەی لە وەها فۆرم و شێوازێك دا نیە.

من لە بنەڕەتدا ئەوەندە دژی شێعری لایەنگرانە Tendenz نیم. باوکی تراژیدیا، "ئاشێل" Aeschylus، باوکی کومێدی، "ئاریستۆفان" Aristophanes هەردووکیان مەیل و بەریانی شاعیریان هەیە،



سێروانتس

بەو چەشنەی کە "دانتە" dante و "سێروانتس" Cervantes هەیانبوو، شایستەیی سەرەکی پسپۆری و عەشقەکانی "شیلێر" ( Car and loves) لەمەدایە کە یەکەمین شانۆنامەی پڕوپاگەندەی سیاسیی ئەڵمانە.

نووسەرانی مۆدێرنی رووسی و نۆرویژی کە رۆمانگەلی بەناوبانگ دەنووسن خاوەنی هەموو مەیل و بەریانەکانن. بەڵام من وای بۆ دەچم کە


دانتێ

مەیل و ئیرادەی رۆمان دەبێ لەناکاو لە دۆخ و کردە و ئاکاری بێ نیشانەگەلی تایبەت هەڵ قوڵێ و سەرچاوە بگرێ و، نووسەر ناچار نیە رێگەچارەگەلی مێژوویی داهاتوو و دژایەتی و نایەکسانەگەلی کۆمەڵایەتی وێنا کراو بەسەر خوێنەردا بسەپێنێ. بە تایبەت لە بارودۆخی ئێمە دا رۆمان زیاتر خوێنەرانی کۆڕوکۆمەڵگەلی بۆرژوایی تێرورازی دەکا، وا راستەوخۆ پێوەندی بە ویست و مەیلەکانی ئێمەوە نیە. لە روانگەی منەوە، رۆمانێك کە لەسەر بنەمای مەیل و بیرۆکەی سۆسیالیستی دادەڕێژرێ ئەگەر پێوەندیی رووبەرووبوونەوەی واقیعی لەرووی ویژدانەوە، پەسن و وێنا بکا. مەبەستی تایبەتی خۆی سەردەخات، گومان و دوودڵی و ترسگەلی باوی ئەوان ئەڕەوێنێتەوە، خۆشبینیی دنیای بورژوایی دەسڕێتەوە و، لە تایبەتمەندیی گەوهەری نەزمی ئێستا دڕدونگ دەبێ، ئەگەرچی نووسەر رێگا چارەیەکی دیاریکراو پێشنیار ناکات یان تەنانەت راشکاوانە لایەنی تایبەتی و دیاریکراوی هەڵوێست ناگرێ.



## پێشنیارێك بۆ کۆڕی پەروەردە

# ڕۆڵی ڕەنگەکان و کاریگەرییان لەسەر منداڵان

بەشی دووهەم

ناسر فەتحی

**ڕۆڵی ڕەنگەکان لەسەر حاڵەتە دەروونی‌یەکانی مرۆڤ**

لێرەدا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەك، بۆ تێگەیشتنێکی سەرەتایی، کۆمەڵێك ڕەنگم هەڵ بژاردوە. نموونەکان بۆ باشتر دەرك کردنی ڕۆڵی ڕەنگەکان لەسەر حاڵەتە دەروونییەکان هاتوون، ئەمەش بەو مانایە نیە کە ئەو حاڵەتانە لە هەموو کەس دا وەك یەك و نەگۆڕ بن. بەڵام بە گشتی لە زۆرینەی خەڵك دا ئەو حاڵەتانەی ئاماژەیان پێ دەکەین پێك دێنن.

**ڕەنگی زەرد :**

ڕەنگی زەرد کە لە هەموو ڕەنگەکان بریسکەدارتر و ڕووناکترە سەمبۆلی زانست و بیرە، ڕەنگی زەرد ئوخژن دەدا بە بیروهۆشی بینەرەکانی و چاوەڕوانی سەرکەوتنیان دەکا، هەروەها پێشکەوتن و دڵخۆش بوون بە چارەسەری گرفتەکان لە بینەرەکانی‌دا پێك دێنێ.

**ڕەنگی سوور:**

ڕەنگی سوور ڕەنگێکە کە بە سانایی تیشکە بەهێزەکانی دیل ناکرێن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش وانیەکە نەتوانێ لەگەڵ سروشت خۆبگونجێنێ بەڵکوو بەو تایبەتمەندییە جۆراوجۆرانەی کە هەیەتی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سروشت هەیە. ڕەنگی سوور هاندەری ئیرادەیە بۆ سەرکەوتن، ژیان و دەسەڵاتی تێدا بەدی دەکرێ، ئاڵوگۆڕ هێنەرە، پێویستی‌یەکی زۆری بە جموجۆڵی هەیە، وەرزش و بەرەنگاریی تێدایە، کەسێك کە سوور هەڵدەبژێرێ خاوەنی ئاوات گەلێکی زۆرە و، تامەزۆری ژیان و، چاوەڕوانی بە دەسەڵات گەیشتنە و ئیرادەیەکی بەرز و بەتوانای هەیە.



**شین (ئابی):**

شین سەمبولی ڕۆحانیەت و حاڵەتە ناسکە دەروونییەکانە. ڕەنگی شین پێوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەستەکانی مروڤ هەیە. شین ڕۆحی بەشەر بۆ ناکۆتا (بێ برانەوە) دەبا و ئارامییەکی قووڵ و تەواوی دەداتێ. شین باس لە ڕاستی‌یەکان دەکا.

سۆزێکی نەرم و نیان هەیە و حەز دەکا دوور لە دڵەڕاوکێ بژی.

**نارنجی:**

نارنجی ڕەنگێکە کە کەیف سازی، خۆشحاڵی و خۆنوێنی نیشان دەدا.

**بنەوش:**

ڕەنگێکە پڕ لە نهێنی و خۆشەویستی، ئەم ڕەنگە دەبێتە باس لە باوەر، عیشق، لەخۆبۆردوویی و گیان بەخت کردن دەکا. کەسێك کە ڕەنکی شین هەڵ دەبژێرێ پێویستیی بە هێوری، ئاشتی‌و تەبایی‌و هاوئاهەنگی و دڵخۆشی هەیە و پێویستی‌یەکی زۆری بە حەسانەوە و مەحەببەت و هۆی سەرسووڕمان و باس لە سەربەرزیش دەکا، ڕۆحێکی شاعرانە و ڕۆمانتیك بە بینەرەکانی دەبەخشێ.

ئەو چەند نموونەیەی لە سەرەوە باسمان کردن هەموو ڕەنگەکانی سروشت نین، بەڵکوو یەك لەسەدی هەموو ئەو ڕەنگانەن کە مرۆڤ ناسیونی‌و پێناسەی کردوون. بەگشتی هەموو ڕەنگەکان، هەر یەکەو بە شێوەیەك شوێنەواری ڕاستەوخۆیان لەسەر حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤ هەیە، هەربۆیە بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ڕەنگەکانمان بۆ دەرکەوێ، بۆ ئەوەی بتوانین زانستیانە لەگەڵیان بەرەوروو بینەوە دەبێ هەستیارانە و بەرپرسیارانە لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان وردبینەوە و بەکاریان بێنین - ئەویش بە چەشنێکی زانستی و لە ڕوانگەیەکی دەروون شیکارییانەوە.

**پێوەندیی نێوان ڕەنگەکان و یۆنیفۆرم لەگەڵ جل و بەرگی قوتابییان و خوێندکاران دا**

یۆنیفۆرم یا هاوشێوەکردنی جل وبەرگ، یەکێکی دیکە لەو فکرانەیە کە مرۆڤ بەدوای شارستانیەت دا پێی گەیشتوە و هەنووکەش زۆربەی وڵاتانی دونیا بۆ ئیدارە و ئورگانە ڕەسمی‌یەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو دەبینین یەکەم یۆنیفۆرمەکان ئەو کەسانە دایان هێناوە کە بیرێکی دژە سەرمایەداریان هەبووە - بۆ ئەوەی سەرمایەدار و هەژار یەك ڕەنگ بکەن - بەڵام ئەوەی کە زەق و بەرچاوە ئەوەیە کە یۆنیفۆرمەکان زیاتر لەنێو قوتابخانەکان و ناوەندە پەروەردەیی‌یەکان دا خۆیان پاراستوە و تا ئێستاش لە هەندێ لە وڵاتانی دونیا دا ئەم فۆرمە هەر بەردەوانە.

دیارە جۆری فۆرمەکان زۆرن و ئەمن لێرەدا نامهەوێ لەسەر جۆرەکانی یۆنیفۆرم بدوێم، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ڕەنگی یۆنیفۆرمەکانە، ئەویش لە جل وبەرگ دا.

جل وبەرگی فۆرم وردە وردە خەریکە لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا وەلا دەنرێ و بە کردەییش لە زۆر وڵاتاندا وەلا نراوە. کەچی هێشتا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا جیا لەوە کە هەر بە شێوەیەکی باو کەڵکی لێ وەردەگیرێ، کەسیش نەهاتوە لەسەر دروستی و نا دروستیی یۆنیفۆرم بکۆڵێتەوە و لایەنەکانی لێك بداتەوە. لێرەدا کێشەکە زۆر لەسەر مان یان نەمانی یۆنیفۆرم نیە، بەڵکوو ئەوە "ڕەنگە" کە لە فۆرمەکان دا مامەڵەیەکی دەروون ناسانەی لەگەڵ نەکراوە و بۆتە هۆی وروژانی ئەم بابەتە. بەداخەوە ئەوە دەیان ساڵە بەسەر بەڕێوەبردنی ئەم یاسایە و دەیان بەناو یاسای دیکەش دا تێ دەپەڕێ کەچی هیچ یەك لە بەرپرسانی ئەم کۆمەڵگا دواکەوتوویەی ئێمە نەهاتوون ئەم جۆرە یاسایانە بۆ وێنە یاسای لەبەر کردنی جلی فۆرم، بە چاوێکی زانستی‌یانەو ڕەخنەگرانە سەیر بکەن و هەروەها بە سانایی بە پەنای‌دا تێپەڕبوون.



# کوردۆ

٧

**ئەفراسیاب گرامی (کانی)**

خەریك بوو لە نزاری پشت ئاوایی بەرەو خۆرەتاوەکە دادەگەڕام. بۆنی گوڵان و نێرگسەجاڕ و ئاوازی یەکانگیر دەبوون و سەمایان بە پەپولەکان دەکرد، خۆر تیشکە زێڕینەکانی بەدوای ڕەهێڵە بارانێکەوە داشۆڕاندبووە دەشت و چیا، شنەباش کەرۆێشکەی بە سەوزەڵان دەکرد و بۆنی گوڵانی لە توێشەرەکەی سەرشانم خول دەدا...وشەکان لە توێشەبەرەکانی سەرشانمەوە لە کونە پینەکراوەکانەوە، سەریان دەکێشا و تەقەڵەکانیان هەڵدەوەشاندەوە، وشەکان، پیتەکان... یەك یەك و دوو دوو ملیان دەکێشا و سەیری بەهاریان دەکرد. وشەیەکی دەم بەهاری چکۆڵانەکە بە پیتێك گوێی جەڕ دابوو ، تەح، ئێرە کوێیە، بۆ ئەوەندە خۆش و دڵڕفێنە، لەوانەیە بەهەشتی گوم بووبێت. وشەکان هرۆژمیان دەهێنا و تەقەڵی پیتەکانیان دەدڕی و ملیان دەکێشا. یەکێ گوێچکەی پیتەکەی هەڵکەندرابوو و بەجێ مابوو، یەکێ برژانگی پیتەکان لە تەقەڵەکونەکان گیردەبوون، یەکێ تر لە وشەکان بە کۆکەکۆك بە پیتێکی چەناکەدرێژەوە سەری لە دوتۆی پیتەکان دەرهێنابوو و یەکێ تر لە وشەکان بە قاچەکانی کە دەتگوت ئەسکەنەیە دەیکردە ژێر تەقەڵەکان و هەڵدەپچڕان، وشەیەکی تر بوو سەرێکی قەوی و خڕی پێوەبوو خەریك بوو بە حۆچ پیتەکانی هەڵدەتەکاند،... یەکێ تر لە وشەکان وەك سمۆرە خەریکی خواردنی بەنی تەقەڵەکان بوو هاواری دەکرد تکایە... تکایە... بە نۆبە... وشەکان کە گەلە کۆمەیان دەکرد و نەیاندەهێشت وشەی نۆبە دروست بکەن خێرا خێرا گوڕیان دەبەستەوە و ملیان دەکێشا و سەریان لە یەکتر گیر دەبوون، زۆر لە وشەکان چلێ لە وشەکانی تر دەچووە چاویان و پاشەکشێیان دەکرد. وشەیەك کە لەسەرووی هەموانەوە تا ناوقەدی بەدیار بوو وتی: بڕوانن وشینە ! ! ئەها ئەو گوندە... وشەیەکی‌تر کە لە ژێرەوە تاسابوو بە خزەخز هەرچونێك بوو سەری کێشا و گوتی: ئەرێ باشە ئەم پیرەپیاوە بۆ پێمان ناڵێ ئێرە کوێیە؟ ئەم گوندە، ئەم ولاتە...

وشەیەکی چاو قەشپەی جوان هاتە ولام و وتی وازی لێ بێنن... لێی گەڕێن... ئەمە چەند ڕۆژ و چەند ساڵ و چەند سەدەیە... بەڕێوەین و ماندوو و شەکەتە...

وشەکان مقۆمقۆیان دانابوو... ئەرێ ئەم گوندە کوێیە... ئەمە ساڵانێکە دەگەڕێن و وڵاتان دەپشکنین ئاسمان و دیمەنی سروشتمان ئاوەها نەدیوە... تۆ بڵێی کوێ بێ....

لەنێو ئاپوورەی وشەکاندا کە بە (.......) پورەیان بەستبوو دیمەنەکان سەرنج ڕاکێشێ دەکردن، وشەیەك کە پیتێکی درێژی بە کۆڵەوە بوو دەیگوت هەست دەکەم ئەم گوندە وڵاتی ئێمەیە...

ئەرێ وڵاتی ئێوە چۆنە... نازانم... بەڵام هەست دەکەم... ئاشنایە، ئەم خاکە ئاشنایەکی دێرینمە و بە نامۆیی نازانم... ئاخر دایکم و باوکم لەکاتی سەرمەرگیشدا بۆنی ئەم خاکە و ئەم نێرگسەجاڕەیان لێ دەهات.

دەی... دەی...

نازانم هەر کات کە چوومە سەریان دەستیان بۆ وێنەیەکی کە بە سوچی ماڵەکەمانەوە هەڵ واسرابوو و دەکێشا و وشەکانی سەرزاریان نەدەهاتە دەر، لە نامۆیی غەریبی‌دا دەتاسان...

چۆن بوو... وێنەکە چی‌بوو...

وشەکە کە دڵی پڕ ببوو... ژاوەژاوەکەی بێ دەنگ کرد و سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، وێنەکە هی گوندێکی جوان و دیمەنی وەرزی بەهاری ئەو گوندە بوو... نیگارکێشێکی دۆستی باوکم بە دیاریی نوێ بوونەوەی ساڵ بۆ باوکمی ناردبوو.

گوندەکە لە دوورەوە دیاری دەدا. لە کونەرێگەکان و شوانەرێگەکان بەرەوخوار دەبووینەوە... گەیشتینە پیرەدارێکی بەرووی دەم کەل. لق وپۆپی لێ درێژ کردبوو و باڵابەرز "چوار دەوری خۆی چاو لێبوو" پاڵم دایە بە کۆتەی چیرەدارەکەوە وچانێك بگرم و دوکەڵێکیش لەهەوا دەم.

وشەکان هاتنە دەر لە نوێشەبەرەکە و لە بەردەممدا دەوریان دا و دانیشتن، "بە یەکدەنگی بابەگەورە... پێمان دەڵێی ئەو گوندە کوێیە، ئێرە چ وڵاتێکە.

منیش ئاخێکی حوزناویم هەڵکێشا و وتم: پەلە مەکەن... وشەکانم، وشەکان بێدەنگ بوون و چرپەچرپ دەکەوتن و گوێ ڕایەڵ دەبوون بە قسەکانی من...

ئەم وڵاتە وڵاتێکی خۆش و دلگیرە... مەکۆی ئەوین و ژیانە... هاوینەهەواری فریشتەو پەریەکانە... کۆشکی پاشای ئەویندارانی جیهانە... با پێتان بڵێم هەموو ساڵێ سەری نوێ بوونەوەی ساڵ جێژنێکیان هەیە بەنێو نەورۆز... تیپ تیپ بە ڕەشبەڵەك و هەڵپەرکێ... سەما بە ئەوین و پەیڤەکانی ئەوینستان دەکەن...

یەکێك لە وشەکان کە بە ڕەشتیەکەمەوە وەك شەمشەمەکوێرە شۆڕبووبۆوە و سەرەونخوون بوو بوو وتی: ڕەشبەڵەك! ! هەڵپەرکێ چی‌یە ! ! ....

هەڵپەرکێ و ڕەشبەلەك سەمایەکی تایبەتیی ئەم دەڤەرەیە... کیژ و کوڕان لە ڕۆژی نەورۆز دا لە چواردەوری ئاگر دەست دەگرن و قوڵ لە قوڵی یەکتر دەکەن و شاهی دەگێڕن... وشەیەکی سەرقەوی کە وەك خەتجەر بەسەر پشتێنەکەم چەقابوو... وتی: ئاگر! ! بۆ ئاگر! !

پیرەدار جوڵەیەکی کرد و وشەکان لەترسان دا خۆیان لەبن باڵم و لەژێر فەقیانەکەی کەواکەم دا دەشاردەوە، پەلە مەکەن: سەردەمانێك... (من ئەوکات جەحێڵ بووم و توولە نەمامێکی هەرزەکار) کاتێك زووحاکی خوێنمژ بەدەستی کاوەی ئاسنگەر سەری نرایە چاڵی نەمانەوە، کاوە بەسەر تەواوی بەرزاییەکانی ئەم وڵاتە... ئاگری ڕۆشن کرد و ڕۆشنایی ژینی هێنایە دڵی مرۆڤەکانەوە، بۆیە ئاگر وێنەی پاکی و ژیانەوەی ئەم وڵاتەیە بەدوور لە نەفرەت و تاریکی‌یەکانی جندۆکەکان وەك زوحاك. گشتمان بێدەنگ بووین و دیمەنەکەی ئەو ڕزگاربوونەمان لەپێش چاومان دا وێنا دەکرد.

وشەکان کە ترسیان شکاندبوو لەژێر باڵم و ژێر فەقیانەکەوە وەك مشك سەریان دەکێشا، یەکێ لە وشەکان بە پیتە قژناویەکەیەوە وتی: ئەرێ باس لە هەموو شتێك کرا بەڵام ئیدی نەتان گوت ئەم وڵاتە کوێ‌یە؟

دیسان پیرەدار کە جارجارێك قولۆتە جەوتێکی کۆنی و مازویەکی لاشکاوی دەخستە خوارەوە و وەچی تازەچرۆ و چووزەی تازەی دەردەکرد. وتی: ئێرە کوردستانە، وڵاتی خەون و ئارەزووەکانە، وشەکان ماق و وڕ مابوون. وشەکەش کە پیتە درێژەکەی بە بەکوڵەوە بوو وتی: ئەها ! بیرم هاتەوە، هەر ئەو وێنەیەی باوکم کە بە دیواری ماڵەکەمانەوە هەڵواسرابوو کوردستانی لێ نووسرابوو، وام دەزانی نیگارکێشەکەیە، یەکێ لە وشەکان وتی چۆنە؟ پیتەکانی چۆن دەکێشران؟ وشەکەش سەری هەڵبڕی و بە لەنجەیەکەوە وتی ئەها! من چۆنم، وەکوو من وایە (کوردۆ) سەیری من بکەن، پیرەدار قامکی بۆ لای پیتەکانی (س) و (ت) و (ا) و (ن)یش ڕاکێشا و وتی: ئادەی قول بە قولی کوردۆدا بکەن و، (کوردستان)نیان نووسی.

منیش کە لەو بەسەرهاتە گەشەکەش دەبووم وتم: ئادەی خێراکەن، هەر یەکی‌و باوەشێك چیلکەو دار کۆکەنەوە و ئادەی بە پیتەکانی "ئـا" و "گ" و "ر" ئاگر دروست بکەن، با قلەی بگاتە ئاسمان.

منیش بە گوچانەکەمەوە هەستامەوە، وشەکانیش لە خۆشیان دا، بە ڕەشبەلەك لەدەوری ئاگرە قلەی تەورۆزدا، ئەم دێڕ و ڕستەیان بە ئاواز و هۆرە و حەیران و سیاچەمانە هەڵ دەپەڕاند.

**ئاوی کوردستان سەرچاوەی**
**کەوسەرە**
**خاکی کوردستان وێنەی گەوهەرە**

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن
edeb_huner@yahoo.com

# ئێران‌و کوردستان له ساڵی ١٣٨٤ی هەتاویدا

ناسر سالحی ئەسڵ

له کاتیك دا ئاوڕ له ساڵی رابردوو دەدەینەوە کە هێشتا سێبەری رەشی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، وەك موتە باڵی بەسەر ئێران‌و کوردستان دا کێشاوە. ئێستاش خەڵکی ئازادیخوازو ژیارمەندی ئێران به گشتی‌و کوردستان به تایبەتی، لەژێر تەوژمی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی دان. رێژیمی گەندەڵی ئێران له ساڵی رابردوودا پەنای بردە بەر زەبروزەنگ‌و سەرکوت‌و چەوساندنەوەی ئازادیخوازان‌و جیابیران له کوردستان‌و سەرانسەری ئێران، وەك دوایین میکانیزم بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی خۆی. نەتەوەکانی ئێران به گشتی‌و نەتەوەی عەرەب‌و بەلووچ‌و کورد به تایبەتی له ساڵی رابردوودا بە هۆی ئازادیخوازی‌و داوای مافەکانیانەوە، کەوتنە بەر توندترین هێرش‌و پەلاماری هێزەکانی حکوومەتی ویلایەتی فەقیه. "بیرۆکەی پێکهێنانی دوڕگەیەك لە دواکەوتوویی‌و سەرەڕۆیی لەسەردەمی گلوبالیزاسیون لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە پتر وەك خەیاڵ دەچێ. رێژیمێك کە تەنانەت بوونی تەکیەی دەروێشەکانی "نعمت الهی" لە قومی پێ قبووڵ ناکرێ‌و دەیرووخێنێ، چۆن دەتوانێ خۆی لەگەڵ رەوتی دێموکراتیزاسیۆن بگونجێنێ"(١). ئێستا ئیدئولۆژیی دەسەڵاتدارانی رێژیم له نێوخۆی ئێران بەردەنگی نیه هەتا دەگا به بیروڕای گشتیی جیهان.

(١)

ساڵی رابردوو، ساڵی بەرزبوونەوەی هوشیاریی نەتەوایەتیی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بوو. هەستی یەك چارەنووسیی نەتەوەی کورد، له ساڵی رابردوودا خەڵکی کوردستانی هان دا بۆ دەربڕینی شایی‌و خۆشی به بۆنەکانی هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال بۆ سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ‌و کاك مەسعوود بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و به مەبەستی نیشاندانی یەك چارەنووسیی نەتەوەی کورد، رژانە سەر شەقامەکان. ئەم کردەوەیە تووڕەیی رێژیمی بەدواوە بوو. بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو له رۆڵەکانی نەتەوەی کورد به تاوانی ئازادیخوازی له ناوچە چۆراوجۆرەکانی کوردستان دەستگیرو رەوانەی زیندانی کردن. هەروەها ژمارەیەك له زیندانییانی سیاسیی کوردستان کە پێشتر به تاوانی دەربڕینی هەستی نەتەوایەتیی له لایەن رێژیمەوە دەستگیرو زیندانی کرابوون، حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپا. له مێژووی جووڵانەوەی خەڵوکی کوردستانی ئێراندا راپەڕینی شارەکانی کوردستان له هاوینی ساڵی رابردوودا به زەقی دیارو بەرچاوە. چونکە خەڵکی کوردستان یەکگرتووو یەك دەنگ به دەستی بەتاڵ بەگژ رێژیمێکی تەیارو پڕچەك دا چوونەوە.

هەر له ماکۆوە تا کرماشان‌و ئیلام دەنگی نارەزایەتیی بەرز بۆوەو خۆپیشاندان وەڕێ خرا. خەڵکی تێکۆشەری مەهاباد به تایبەت لاوەکان له درێژەی خۆپیشاندانەکانیان کە له رۆژی ١٨ی پووشپەڕ، بە بۆنەی دەربڕینی نارەزایەتیی لە شەهید کردنی کەماڵ ئەسفەرەم ناسراو بە "شوانە" دەستی پێکردبوو، لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بە بۆنەی شازدەیەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو هاوڕێیانی له ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش، بە دەستی تیرۆریستەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەروەها دەربڕینی نارەزایەتی له هەڵبژێرانی مەحموودی ئەحمەدینەژاد کە دەستی لە تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا بووە، دووکان‌و بازاڕی شار داخران‌و بەگژ هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم دا چوونەوە. خەڵکی شاری مەهاباد بەوپەڕی ئازایەتییەوە چوونە سەر شەقام‌وبوێرانە دروشمەکانی خۆیان بەرز کردەوە.

گرینگتر لەوەش، دوابەدوای مەهاباد، خەڵکی تینووی ئازادی‌و سەربەستی شارەکانی دیکەی کوردستان، بۆ دەربڕینی هاودەنگی لەگەڵ خەڵکی مەهاباد، هەر لە شنۆ، سنە، پیرانشار، سەقز، مەریوان، دیواندەرە، پاوە، کامیاران، سەرپێڵ زەهاو، کرماشان، ئیلام‌و بۆکانیش هاتنە سەر شەقام‌و لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە یەکگرتوویی‌و خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەیان لە مێژووی خوێناوی نەتەوەی کورددا زیاد کرد.

ئەگەرچی رێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش سەرکوتی خۆپیشاندەرانی هاوینی ساڵی رابردووی کوردستان‌و گرتن‌و کوشتن‌و بێسەروشوێن کردنیان پێی وابوو زەبرێکی وای نواندوە کە نەتەوەی کورد بیر لە راپەڕین ناکاتەوە، بەڵام گڕکانی نەتەوایەتی‌و ئازادیخوازی دیسانەوە ئەم جارە لە چیای ئاگری‌و لە شاری ماکۆ هەڵ چووەوە. نەتەوەی کورد سەلماندی کە خەبات تا وەدەستهێنانی مافی چارەنووس هەر بەردەوامە. سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی شاری ماکۆو شارەکانی دیکەی ئوستانی ئازەربایجان‌و کوشتنی سەدان کەس لە کاسبکارەکان لەژێر ناوی بەرگری لە قاچاخی کەلوپەل، یان سەرکوتی راپەڕینی خەڵکی پیرانشار، هەموو لە ئاستی کوردستان دا بوون.

(٢)

بەڵام لە ئاستی ئێراندا بە گشتی رێژیم، بە نواندنی زەبروزەنگ، وەك سەرکوتی راپەڕینەکانی خەڵکی عەرەب لە ئەهواز، سەرکوتی مانگرتن‌و خۆپیشاندانی هێمنانەی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسرانیی تاران، داخستنی رۆژنامەکان‌و زیندانیکردنی رووناکبیران‌و رۆژنامەنووسان، سەرکوت کردنی کۆبوونەوەی رۆژی ٨ی مارسی ژنان لە پارکی خوێندکار لە تاران‌و... لە نموونەکانی زەبروزەنگ نواندنی رێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی رابردوودا بوون.

رووداوێکی دیکەی ساڵی رابردوو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی سەرکۆماریی ئێران بوو. سەرەتا دەبێ بڵێین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا هەڵبژاردنی بەمانای رەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵك بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەکار نەهێناوە. بەڵکوو بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، ئەویش لە رێگای سەپاندنی یاساگەلی نادێموکراتیك‌و لە رێگای بەکارهێنانی فێڵوتەڵەکەی جۆراوجۆرەوە بە مەبەستی رەوایی بەخشین بە دەسەڵاتە ناخەڵکییانەکەی خۆی بەکار هێناوە. هەر بۆیە پاش ٢٧ ساڵ ئەزموونی دەسەڵات لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا، کەسێکی دەستنیشان کراوی وەك مەحموودی ئەحمەدینەژاد لە دەزگا ئەمنییەتی‌یەکانیەوە، کە پێشتر کرابوو بە شارەداری تاران، بە شێوەیەکی نادێموکراتی کرا بە سەرکۆمار. دیاریکردنی مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد لە رۆژی ٣ی پووشپەڕی ساڵی رابردوودا، بۆ یەکەم جار لە تەمەنی رێژیم داو، هەڵبژێرانی سەرکۆماری دووهەم، کەوتە دەوری پاکانەحیسابی کێشەی نێوخۆی دەسەڵاتدارانی سەرەکیی رێژیم بوو. ئەمە بەرهەمی کێشەی دەسەڵات لە نێوان خامینەیی‌و رەفسەنجانی‌دا بوو، کە ئاکامەکەشی شکستی رەفسەنجانی بە رواڵەت بەرامبەر پاسدارێکی بێناوو نیشان دا بوو. بەڵام لە راستی‌دا شکست بۆ خامینەیی بوو.

لەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی کوردستان بە باشی بەپیر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاتن‌و رێگەی تەحریمی هەڵبژاردنیان گرتە پێش، زیاتر لە ٨٠٪ی خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنیان تەحریم کرد. ماڵپەڕی پەیامنێر بە سەرنجدان بە راگەیاندنی کاربەدەستانی دەوڵەتی‌و هەواڵ‌و راپۆر تی سەرچاوە کوردییەکان رایگەیاند کە کەمتر لە ٢٠٪ی خەڵکی کوردستانی ئێران لە شانۆسازیی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا بەشدار بوون.

(٣)

ساڵی رابردوو، کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای پێشکەوتوودا، پێی نایە قۆناخێکی نوێوە. لە مانگی جۆزەردانی ساڵی رابردوودا نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکا بڕیارنامەیەکیان لە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرکرد. لەو بڕیارنامەیەدا، بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران وەك "هەڕەشەیەك بۆ سەر قازانجە ئەمنییەتییەکانی ئەمریکا" ناوبراوە. هەروەها گوتراوە کە تاقیکردنەوەی مووشەکی "شەهابی ٣" نیشانی داوە کە ئێران توانای ئەنگاوتنی ئیسرائیل‌و هێزەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوین هەیە. هەر لەو بڕیارنامەیەدا گوتراوە کە رێژیم وازی لە هەوڵەکانی بە مەبەستی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی نەهێناوە. لەم بڕیارنامەیەدا داوا لە سەرکۆماری ئەمریکا کراوە، ئەگەر وتووێژەکانی نێوان ئێران‌و ترویکای ئورووپا "ئەڵمان، فەرانسە، بریتانیا" سەرنەکەوتن، داوا لە بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بکا، دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بنێرێتە ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوای گۆڕانی تیمی وتووێژو هاتنەسەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد، سیاسەتێکی دیکەیان گرتەبەر، ئەویش بەرفراوان کردنی وتووێژەکان بە شێوەیەك کە جگە لە ترویکای‌ئورووپا "ئەڵمان، فەرانسە، بریتانیا" وڵاتانی دیکەی ئەندام لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییش بگرێتەوە. بە تایبەتی رووسیەو چین‌و چەند وڵاتی دیکە لە رێکخراوی وڵاتانی بێلایەن "غیر متعهد" وەك بریزیل، ئەفریقای جنووبی، مالیزی. رێژیم بەم هەنگاوەی دەیویست مەیدانی وتووێژەکان فراوانتر بکات‌و لە قۆرخکردنی ترویکای ئورووپای دەربێنێ. رێژیم دەیویست گۆڕینی میکانیزمی وتووێژەکان خۆی لە گێروگرفتە سەرەکییەکە بدزێتەوەو بەرنامەکانی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی درێژە پێبدا. هەر لەو کاتەدا رێژیم لە رێگەی ئەم پێشنیارەیەوە دەیویست سوود لە کات وەربگرێ‌و رووبەری مانۆڕە سیاسییەکەی فراوانتر بکا. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی متمانەی بە قسەکانی رێژیم لەبارەی هەوڵی بەدەستهێنانی تێکنولوژیی ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتی‌خوازانەوە نیە.هەر بۆیە مانگی رێبەندانی ساڵی رابردوو لە کۆبوونەوەی ئەندامانی شووڕای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی "IAEA"دا کە لە شاری ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش پێك هات. دوای وتووێژێکی چڕوپڕ سەرەنجام بڕیارنامەی پێنج وڵاتەکەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و ئەڵمان، دوای هێندێك دەسکاری بە پەسندی شووڕای داوەری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی "IAEA" گەیشت. کە راپۆرتی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران درا بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەوەش سەرکەوتنێك بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی‌و شکستێك بوو لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی. دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد لە کۆنفرانسی "جیهانی بە بێ زایونیزم" کە لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی رابردوو لە تاران بەڕێوەچوو، خوازیاری سڕینەوەی وڵاتی ئیسرائیل لە رووی نەخشەی جیهان بوو. دوایش لە پەراوێزی دانیشتنە نائاسایی‌یەکانی رێبەرانی رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی‌دا لە شاری مەککە لە مانگی سەرماوەزدا وێڕای دووپات کردنەوەی ئەفسانە بوونی کوژرانی جوولەکەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا کە دواتر بە هولوکاست ناوبانگی دەرکرد، داوای پێکهێنانی وڵاتی ئیسرائیلی لە ئورووپا یا کانەدا یان ئالاسکادا کرد. ئەم قسانە رەوتی بەرەوپێش چوونی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانیان زیاد کرد. کوفی عەننان سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری‌دا سەفەری خۆی بۆ ئێران هەڵوەشێنێتەوە. دیارە تا ئاخری ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی چارەنووسی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دا دیاری نەکراوە، بڕیارێك لەو بارەوە دەرنەچوو.

لە مانگی جۆزەردانی ساڵی رابردوودا نوێنەرێکی پارلمانی ئوتریش لە حیزبی سەوزەکان رایگەیاند کە لەم دوایانەدا بەڵگەگەلێکیان بەدەست هێناون کە ئەوانە دەیسەلمێنن، ئەکبەری هاشمیی رەفسەنجانی کاندیدای سەرکۆماریی ئێران لە دەرکردنی فەرمانی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو دوو رێبەری دیکەی کورددا بەشدار بووە. رێزدار pater pilz گوتی: "لە کۆی شەش کەس لەو کاندیداتورانەی کە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٤ی هەتاوی‌دا تەئیید کراون، سێ کەس لە کاندیداتۆرەکان گومانی بەهێزیان لێ دەکرێ کە دەستیان لە تیرۆرە نێونەتەوەیی‌یەکان دا هەبووبێ. پیترپیلر دەڵێ: "جگە لە ئەکبەری هاشمیی رەفسەنجانی ئەو دوو کەسەی دیکە بریتین لە: مۆحسین رەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران‌و مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد شارەداری تاران".

ئەمە بەشێکی کورت لە رووداوەکانی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لە ئێران‌و کوردستان دا بوو، هیوادارین ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی ساڵی دەسکەوتی خەباتی خوێناویی گەلانی ئێران‌و نەتەوەی کورد، لە ژێر سێبەری حکوومەتێکی دێموکرات‌و فیدراڵدا بێ.

(١) لە پەیامی نەورۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# لە ئەستەنبۆل کۆنفرانسێکی گەورە لەسەر کێشەی کورد پێك هات

ئازاد کوردی




لە رۆژانی ١١و ١٢ی مانگی مارسی ٢٠٠٦دا، لە زانکۆی بیلگیی شاری ئەستەنبۆل، کۆنفرانسێکی گەورە لەژێر ناوی "مەسەلەی کورد لە تورکیەو لێگەرینەکانی چارەسەر کردنی دێموکراتیك‌و سڤیل" لەسەر کێشەی کورد لە تورکیە بەڕێوە چوو کە نزیك بە ٥٠٠ کەس لە نووسەر، مافناس، رۆژنامەڤان، کەسایەتیی ئاکادێمیك، کۆمەڵایەتی، دەروونناس، نوێنەرانی پێشووی پارلمان، وەزیران، سەرۆك‌و نوێنەرانی سیاسیی کوردو تورك لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون.

هەرچەند پێشتریش لە شاری ئەستەنبۆل دا کۆنفرانس‌و کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر پرسی کورد پێك هاتون، بەڵام کۆنفرانسی ئەم جارە، گەورەترین‌و گرینگترین کۆنفرانس لەسەر مەسەلەی کورد بوو. پێکهاتەی کۆنفرانس لەسەر بنەمای فرەدەنگی‌و فرە رەنگی، گرینگییەکی تایبەتی هەبوو.

لە ماوەی ٢ رۆژ کارو خەباتی بەردەوامی کۆنفرانسەکەدا، ١٠ پانەل بۆ باس‌و نیقاش‌و گەنگەشە لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی کورد لە تورکیە، بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش کران.

١ـ رەوتی مەسەلەی کوردو بناخە مێژوویی‌یەکانی
٢ـ بەرێخستن‌و ئەزموونەکانی ئەوان
٣ـ ئاکامە دەروونناسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کۆچبەری
٤ـ نەژادپەرستی‌و ناکۆکییەکانی
٥ـ ئەزموونەکانی عێراق‌و پێکهاتەکەی

پانەلەکانی رۆژی دووەمیش بریتی بوون لە:

١ـ مافە ناسنامەیی‌و لایەنە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان
٢ـ مافی کەمە نەتەوەیی‌یەکان
٣ـ سیستەمی حقووقی‌و کێشەی کورد لە تورکیە
٤ـ پرسی کوردو سیاسەتەکانی دەوڵەت
٥ـ کۆتایی کۆنفرانس بۆ باس لەسەر "پرسی کوردو میدیا" تەرخان کرابوو.(١)

سەزگین تانریکولر، یەکێك لە ئامادەکارەکانی کۆنفرانسەکە رایگەیاند کە ئامانجی ئەم کۆنفرانسە هێنانەئارای پێشنیارو باس‌و گەنگەشە لەسەر چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە وڵاتی تورکیە لە بوارەکانی سیاسی، فیکری، فەرهەنگی، راگەیاندن‌و ئاکادیمیك دایە.(٢)

لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی‌یەوە کە کۆماری تورکیە دامەزرا، حەتا ئێستاش کێشەی چارەسەر نەکراوی کورد لە تورکیەدا، سیاسەتەکانی دەرەوەو نێوخۆیی ئەم وڵاتەی بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خستۆتە ژێر کاریگەری‌و باندۆری خۆیەوە.

گەلی کوردو خەبات‌و تێکۆشانی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردو شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیەدا لەبەر ئەوە بووە کە دەسەڵاتدارانی تورکیە گوێیان بە مافە رەواکانی نەتەوەی کورد نەداوە. لە ماوەی ٨٤ ساڵی رابردوودا، دەوڵەتی تورکیە هەموو کاتێك سیاسەتی ئینکارکردن، سەرکوت‌و زەبروزەنگ، زۆرداری، نەژادپەرستی‌و زۆر مێتۆدی دیکەی نەژادپەرستانەو شۆڤینیستانەی لە بەرانبەر نەتەوەی کورددا بەڕێوە بردون.

لەم ساڵانەی دوایی‌داو لە چوارچێوەی پێکهێنانی ریفۆرم‌و ئاڵوگۆڕی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بۆ ئەندام بوون لە یەکیەتیی ئورووپادا، هێندێك گۆڕان لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە کورد پێك هاتون وەك:

بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی، بڵاوبوونەوەی بەرنامەی رادیۆیی‌و تەلەڤیزیۆنی بە زمانی کوردی، لە هێندێك رۆژی هەفتەدا، هەڵگرتنی حکوومەتی نیزامی‌و رەوشی ئاوارتە لە شارەکانی کوردستانی تورکیە کە هەرێمەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیە دەگرێتەوە.

سیاسەتی حیزبە ئیسلام خوازەکان لە بەرانبەر دۆزی کورد لە تورکیە، کەمێك نەرمتر بووەو جاروبار دەڵێن کە دەیانهەوێ مەسەلەی کورد لە تورکیە بە شێوەیەکی سیاسی‌و ئاشتییانە چارە سەربکەن، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی سەرۆك وەزیری تورکیە، رەجەب تەییب ئەردۆغان لە شاری ئامەد بکەین کە دانی بە بوونی کێشەی گەورەی کورد لە تورکیەدا ناو ئێعترافی کرد کە دەوڵەتی تورکیە بەنیسبەت کوردەوە زۆر ناحەقی‌و زۆریی کردوەو...

حیزبی عەداڵەت‌و پێشکەوتن (AKP)ی دەسەڵاتدار لە تورکیە، حەتا ئێستا لەبەر کێشەو ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەو مەسەلەکانی گرێدراو بە یەکیەتیی ئورووپاوە، زۆر بە کەمی سەرنج‌و باڵی داوەتە کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و فەرهەنگییە نێوخۆیی‌یەکانی ئەم وڵاتە. دەتوانین بڵێین کە سەرچاوەی زۆربەی ئاریشەو کێشەکانی دەرەوەی تورکیە، مەسەلە، نێوخۆیی‌یەکانی ئەو وڵاتەن.

لابردنی رێژیمی دیکتاتۆری بەعس لە عێراق، پێکهاتنی حکوومەتێکی فێدراڵ‌و دێموکراتیکی کوردی لە کوردستانی عێراق‌و ترس‌و نیگەرانیی تورکیە لەو پێوەندییەداو هەروەها رەخنەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەسەر پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیە، فشار گەلێکن کە تورکیایان ناچار کردوە تا ئاوڕ لە کێشەی کورد لەو وڵاتەدا بداتەوە.

هەتا کێشەی کورد لە وڵاتانی تورکیە، ئێران، عێراق‌و سووریە بە شێوەیەکی عادیلانە، دێموکراتیك‌و ئاشتییانە چارەسەر نەکرێ، رۆژهەڵاتی ناڤین ئاشتی، ئارامی‌و تەناهی بە خۆیەوە نابینێ.

پێکهاتنی کۆنفرانسێکی گەورەو بەرین لە شاری ئەستەنبۆل بۆ هێنانە بەرباسی کێشەی کورد لە تورکیەو نیقاش‌و گەنگەشە لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی ئەو دۆزە، دەتوانێ ببێ بە سەرتایەك بۆ دیالۆگ‌و هەڤپەیڤین سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا. بەمەرجێك کە لە لایەن دەسەڵاتداران‌و بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیەوە هەنگاوی جیددی‌و ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد هەڵبگیرێ‌و خۆیان لە نەژاد پەرستی‌و هەڵوێست‌و هەستی شۆڤینیستی دوور بخەنەوەو راستی‌و رەوایی کێشەی زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کورد لە تورکیە قبوول بکەن. بێگومان سازکردنی کۆنفرانس گەلێکی وەها دەتوانێ یارمەتیدەری پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیە دابێ. چوونکە پێکهێنانی چەند رێفورم‌و ئاڵوگۆڕ بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە لەسەرەتای ئەم گۆتارەدا باس کران، حەتا ئێستا زیاتر لایەنی رواڵەتییان هەبووەو بەشێوەیەکی کردەکی پراکتیزە نەکراون. ئەرتەش‌و هێزو حیزبە میللی‌و رادیکاڵەکانی تورکیە کە هەمووکاتێك هەڵوێست‌و روانگەی شۆڤینیستانەو نەژادپەرستانەیان لە بەرامبەر دۆزی کورددا، هەبووە، گەورەترین خەتەر، ئاستەنگ‌و کوسپ دەژمێردرێن.

سەرچاوەکان:

(١) ناوەندی هەواڵنێری هاوار دەنگوباس

(٢) حەوتوونامەی Dema Nû، ژمارە ١٤٥

**بۆئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" ئەم وتووێژەی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سەبارت بە شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە ژمارەی پێشووی کوردستاندا بڵاوکرابۆوە، بەڵام بە هۆی هێندێك هەڵەی تێکنیکییەوە کە تێی کەوتبوون، وێڕای داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز بە پێویستمان زانی دووبارە بڵاوی بکەینەوە .**

**بەڕێز مامۆستا! یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کە شەست ساڵەی تەمەنی تێپەڕ دەکا، چی بکا بۆ ئەوەی چالاکانەترو بە ئینسجامێکی زۆرترەوە لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەشدار بێ؟**

ئەمن پێم‌وایە ژنان چ وەکوو ژن وەکوو یەك عونسور، چ وەکوو یەکیەتیی ژنان‌و وەکوو ڕێکخراوێك دوو ئەرکیان لە پێشە، ئەرکێکیان ئەوەیە وەکوو هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەشدار بن، چونکە حەللی موشکیلی نەتەوایەتی بە بێ‌شك کۆمەك دەکا بە حەللی هەموو گیروگرفتەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی‌و... تا نەتەوەیەك چارەنووسی خۆی بە دەستەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ ئەو گیرو گرفتانەی دیکە کە بە دەرەجە دووو دەرەجە سێ حیسابن چارەسەر بکا، جا ئەمن لە وەڵامی پرسیارەکەدا، پێم‌وایە ژنان هەروەها یەکیەتیی ژنانیش چالاکن. ئەمن بەو عەینەکە رەشەوە تەماشای ئەو شتانە ناکەم. پێم خۆشە شتەکان لە چوارچێوەی وەزعی مەوجووددا هەڵسەنگێنم، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەن ژنان لە خەباتی نەتەایەتیی میللەتی کورددا بەشدارن، بگەرێوە بۆ تاریخی ئەو بیست‌و حەوت ساڵەی کە بە هاتنە سەرکاری جمهوریی ئیسلامی دەست پێدەکا. لەو ماوەیەدا بە سەدان‌و بگرە بە هەزاران تێکۆشەری ژن دەبینن، دەبینن کە لە نێوریزەکانی پێشمەرگەشدا، (کاری پێشمەرگایەتی شاراوە نیە، کارێکی سەختە)، ئێمە ناوی بە دەیان‌و سەدان عونسوری ژن دەبینین کە پێشمەرگایەتییان کردوە، لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بوون‌و تەنانەت شەهیدیش بوون‌و زۆر ناوی بەرزی شەهیدانیشمان هەیە کە لە ژنانن، کەوابێ ئەوان هەر لە ئێستادا بەشدارن، پاشان ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین. ژنان وەکوو عونسوری ژن لە داخلی وڵاتدا لە تێکۆشانی سینفی یان سیاسی بەراستی بەشدارن، ژنانی زۆر ئازامان هەن، ئاگاهیی سیاسییان لایەقی خۆیانە، یانی بەو جۆرە کە حەقیانە، چونکە ئەگەر ژنان لە هێندێ بارەوە قابلییەتیان پتر نەبێ، لە پیاوان بە بێ‌شك لە پیاوانیش کەمتر نین لە باری ئیستعدادو لێوەشاوەیی‌یەوە، لە پاشان بە جورئەت‌و بەشەهامەتەوە هاتوونە مەیدانێ، تەنانەت هێندێ لەمپەریشیان بە ئازایەتیی خۆیان پەڕاندون. ڕەنگە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، هێندێك سوننەتمان مابن لە کۆمەڵی کوردەوارییدا کە بنەماڵە، باوکان، برایان، مێردان حەزیان لەوەنەبێ کچەکانیان، خۆشکەکانیان یا ژنەکانیان زۆر واریدی فەعالییەتی سیاسی‌و ئیجتماعی بن، بەڵام بەو حاڵە ئەو لەمپەرانەیان پەراندوە لە فەعالییەتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یا نەتەوایەتی‌دا بەشدارن. ئەوە جێی شانازی‌یەو ئەگەر تەماشای یەکیەتیی ژنان‌و بڵێین فەعالییەتی سیاسی ـ ڕێکخراوەیش بکەین دیسان ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەك ئەندام هەن، لەنێو کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە خۆشییەوە کەسانی وامان هەن کە جێگای شانازین‌و فەعالییەتیان زۆرەو ئەگەر تەماشای کاری خودی یەکیەتیی ژنانیش بکەین ئەمن وەزعییەتی یەکیەتیی ژنان ئێستا بە باشی هەڵدەسەنگێنم، بە تایبەتی لە حەوت، هەشت ساڵی ئەخیردا ئەم یەکیەتییە، هەنگاوێکی تازەی بەرەو پێش ناوە گوڤارێکی هەیە، پیاو بەرێزەوە تەماشای دەکا، یەکیەتیی ژنان دەتوانێ شانازیی پێوە بکاو بینێرێتە نێو گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان، کە ڕەنگە قەت لە رابردوودا شتی ئاوای نەبووبێ، بەرنامەی رادیویی هەیە، دیسانەکە موحتەرەمە، لەپاشان بەرنامەی فێرکردنی هەیە بۆ ژنان. لە مەجالاتی جۆراجۆردا توانیویەتی دەورە بکاتەوە با دەوری کورتخایەنیش بن، بەڵام سەعی بکا لەبواری جۆراوجۆردا ژنان‌و کچانێك کە یەکیەتیی ژنان دەستی وێیان رادەگا فێری شتی تازەیان بکا لەوانەش بەولاوەتر یەکیەتیی ژنان با لەرادەی پێویستیشدا نەبێ (دڵخواز نیە بە بێ‌شك)، بەڵام پێوەندیی دەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان هەیە بەتایبەتی لە کوردستاندا، دەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان، دەگەڵ زۆربەیان پێوەندیی هەیە، دەگەڵ هێندێ ڕێکخراوی خاریجی کوردستان بڵێین ڕێکخراوی ژنان لە ئێران یا لەهێندێ جێگای دیکە. هێندێك پێوەندیی دامەزراندون، ڕێگای لەبەردەم ئاوەڵایە کە شتی گەورەتر لەوەش بکا مەسەلەن ئەو بەینانە وانیشاندرا کە یەکیەتی لاوان لە یەکیەتیی لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستدا، وەرگیراوە، نەخێر دەکرێ بڵێین فەعال بوو، دەنا هەر ئەو ڕۆژەی کە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات بوینە عضوی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست، هەر لەو ڕۆژەدا کورسی‌یەك بۆ یەکیەتیی ژنان‌و یەکیەتیی لاوان لەنێو یەکیەتییەکانی ژنان‌و لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست داندراون، هەر لەو ڕۆژەوە ئێمە هەقمان هەبووە ببین بە ئەندام لە یەکیەتییانەرا بەڵام ئێستا دەستیان بە چالاکیی کردوە.



**ئەو دیدگایە کە لە کۆمەڵــی کوردەواری‌دا هاتۆتە نێو حیزبی دێموکرات کە ژن نابێ وەکوو پیاوان واریدی ئەو جۆرە مەیدانانە بێ، بەداخەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش‌دا، لەنێو پیاوەکان‌دا ئێستاش هەر هەیە،**

**بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بە حوکمی ئەوەی کە بەڕێزیان تەمەنێکی دووروودرێژ خەریکی موبارێزەو تێکۆشان بوون‌و نزیك بە یەك دەیەش سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، لێم پرسی: بۆچی ژن تا ئێستا کەم چوونەتە ئاستی ڕێبەری‌و بەرپرسایەتییان کەمتر پێ‌ئەسپێردراوە؟ بەڕێزیان لە وەڵامدا وتی:**

ڕەنگە ئەمە زیاتر لە هۆیەکی هەبێ، هۆی جۆراوجۆری هەن. پێش هەموویان بمانەوی‌و نەمانهەوێ دواکەوتوویی، کۆمەڵی کوردەواری هێندێك سوننەتی خراپی تێدا هەن کە تەئسیریان کردۆتە سەر ئەو جۆرە بوارانە، یانی ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەتا ئێستاش دەگەڵ بێ دیدگای پیاوان تەنانەت دیدگای ژنانیش بۆ بەرابەریی وەك یەك لەنێوان پیاوو ژندا لەو مەجالە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییانەدا دروست نەبوو، ئەوە کە داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوەی دەکا، هێندێ شتی دیکەش دەگەڵ خوی دێنێ، ئەوە کە بەهەر حاڵ دەگەڵ ئەوەی ئێستا فەرقەکەی دەگەڵ جاران زۆرە، بەهەر حاڵ ژنان مەیدانی پێگەیشتن‌و خوێندەوار بوونیان کەمتر لەبەر ئاوەڵایە، تا پیاوان، یانی ئێستایش دەگەڵ بێ ئەوەندە کە خەڵك کورەکانیان دەنێرنە مەدرەسە بەو رادەیە کچەکانیان نانێرنە مەدرەسە. ئەوە یەقینەن کارێکی وای کردوە. کە ئەو قابلیەتانە لە ژناندا پەروەردە نەبن. بە بێ‌شك هەیە، بەڵام پەروەردە نەبووە، لەوە موهیمتر ئیجازەدان بۆوەی ژنان بەو جۆرە بێن واریدی فەعالییەتی سیاسی بن، ئەوەش ڕێگاکەی زۆر بەرتەسکترە، مولاحەزە بکەین هەر ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین‌و لاوەکان دێن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەمە لە فەزایەکەوە دێن کە خەفەقانی تێدایە، ستەمی نەتەوایەتی زۆر لەمە چاتر هەست پێدەکەن، ئێمە دەرکی دەکەین بەڵام هەستی پێی ناکەین، بە قەولی مەشهوور لەمسی ناکەین، ئەوانە بە گۆشت‌و خوێن‌و رەگ‌و پێستەوە هەستی پێدەکەن، بەڵام ئێستاش کە تەماشا بکەین لە موقابیل هەر کچێکدا کە دێ بۆ پێشمەرگایەتێ رەنگە چوارو پێنج‌و شەش کوڕبێن، بۆ؟ ئەوە دیسانەکە دەلیلی ئەو قەیدو بەندەیە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەسەر کچەکان هەیە، بۆیە ئەمە دەتوانین بە یەکێك لە هۆیەکان دابنێین. شتی دیکە سەختیی هەلومەرجی سەختیی خەباتەکەمانە. ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نیین، وەکوو حیزبێکی عەلەنی، ئازاد کار بکەین‌و ژنانیش بتوانن لە فەعالیەتی سیاسی‌دا بەشدار بن. بێجگە لە مەسائیلە کۆمەڵایەتی‌یەکە ژنان بۆ خۆیان هێندێ موشکلاتی دیکەیان هەیە کە پێویست نیە زۆر تەوزیحی بدەم. هەموو کەس ئەو موشکلاتە دەزانێ کە بۆ ژنان هەیە، بۆیە تەحەمولی هەلومەرجی سەختیی خەبات بۆ ژنان دژوارترە لە پیاوان، لەبەر ئەوە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی، چونکە لەنێو حیزبیش‌دا، بۆخۆی عادەتێکی‌وا هەیە دەبێ وردە وردە بەشدار بێ لە خەباتەکەداو لە فەعالییەتەکەداو کەم کەم پلەکانی پێشکەوتن‌و تەرەقی ببڕێ، ئەمەش یەکێکە لەشتەکان. شتێکی دیکە کەمێك بەعوزرەوە لە خۆشکەکان بێ ئیعتمادیی ژنەکانە بە خۆیان، یانی خۆ نادەنە موباریزە، با بۆ یەکەمجار ئەوە بڵێم خەڵك بیبیسێ، زۆرجار ئێمە هەوڵمان داوە کچەکانمان، خۆشکەکانمان، ئەوتنەی کە خوێندەوارن، بێن واریدی فەعالییەتی زیاتر بن، حازر بە فەعالییەتی جیددی نین. ئیعتماد بە نەفسی تەواویان تێدا نیە، دەخۆیان ڕانابینن، لە حاڵێکدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە، مەسەلەن دەبینن لەباری پلەی خوێندەوارییەوە وەکوو کوڕەکان خوێندەوارە، لەباری تێگەیشتنی سیاسییەوە وەکوو وانە. کەچی کە داوای لێ‌دەکرێ بێتە پێشەوە بۆخۆی‌نایەتە پێشی، ئەمن پێم‌وایە تەنیا راحەت تەلەبی نیە، ڕەنگە راحەت تەلەبی بۆ هەموومان ئەوەی تێدا هەبێ، هەموو کەس پێی خۆشە وەزعەکەی باش بێ، خۆی ماندوو نەکا، بەڵام زیاتر ئەو ئیعتماد بەنەفس نەبوونەیە کە ئەوان وادار دەکا کەمێك خۆ لەکاری جیددی‌و عەمەلی بپارێزن، کە دیارە سەختیشە، بەڵام لە هەمووی موهیمتر ناتوانم ئەوەی نادیدە بگرم کە پێم‌وایە تەقسیری حیزب دێموکراتی کوردستانەو لە پێش هەموانیش‌دا بە خۆم دەڵێم، پێم‌وایە ئێمە لەو بارەیەوە کارمان کەم کردوە نابێ خەتایەکەی خۆمان نەبینین، دەبێ بیبینین، چوونکە ئەگەر نەبینین قەت چارەسەری ناکەین، دەگەڵ ئەوەی وانیەکە هیچ هەوڵمان نەدابێ بەڵام پێم‌وایە هەوڵی پێویستمان نەداوە، لە پاشانیش ئەو دیدگایە کە لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا هاتۆتە نێو حیزبی‌دێموکرات کە ژن نابێ وەکوو پیاوان واریدی ئەو جۆرە مەیدانانە بێ، بەداخەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش‌دا، لەنێو پیاوەکاندا ئێستاش هەر هەیە، ڕۆحی شادبێ "دوکتور قاسملوو" دەیگوت، لە یەك کەلامدا پیاوانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی مەسەلەی ژنانەوە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە، بەو سەراحەتەوە دەیگوت، یانی دەگەڵ ئەوە حیزبەکە هەموو ڕێگایەکی کردۆتەوە، بەرنامەی حیزبەکە موساواتی موتڵەق لەبەینی ژن‌و پیاودا قائیلە، بەڵام پیاوەکان لە عەمەلدا بەو جۆرە نین. کەوابێ دەتوانم بڵێم بۆ ئێستا ئیدی خەتای حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە کەمکاریمان کردوە. لەپێش‌دا بەخۆم دەڵێم، جادوایە بە هەر کەسی دیکە. ئەو خەتایە نابێ بشارێتەوە، چونکە ئەگەر بشارێتەوە، عەیبە کە نابینین قەت هەوڵی چارە سەرکردنیشی نادەین. هیوادارم دیدگایەکان بگۆڕێن، لە هەمووشی موهمتیر ئارەزووم ئەوەیە کە شەرایەتێکی وا بخولقێ کە موشارەکەتی ژنان لە کاروباری سیاسی‌و لە تێکۆشانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا زیاتر بێ، ئەو وەختی بۆ خۆیان ئیجازە نادەن کە ئەوا حقووقیان پایەماڵ بکرێ.

## مادێح:

# ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە لە جیهاندا

دارا ناتق

**✓بەڕێز کاك مادێح، سەرەتا حەز دەکەین بزانین جەنابت لە کەیەوەو چۆن تێکەڵ بە کاروانی ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیران بوون؟**

• پێشەکی سپاستان دەکەم. ئەمن سەرەتا واتە نزیکەی ٥ ساڵ لەمەوپێش کە لە قوتابخانە بووم بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆم وەکوو ڕۆژنامەفرۆشێك چوومە بنکەی ڕۆژنامەی "جام جم" لە شاری سنەو لەو ڕێگەیەوە ڕۆژنامەم بەنێو شەقام‌و کۆڵانەکان دا دەگێڕا، کە خەرجی ژیانی خۆم دابین بکەم. دوای ماوەیەك چوومە بەشی دابەشکردنی بنکەی ڕۆژنامەی "کەیهان" لە شاری سنەو لەوێوەو بەرەبەرە دەستم بە نووسینی هەواڵ‌و ڕاپۆرت کرد.

پاش چەند مانگ، چوومە هەفتەنامەی "ئاسۆ"و بۆ ماوەی نزیك دوو ساڵ لەوێ لە دوو بەشی(هەواڵ)ی کوردی‌و فارسی‌دا، سەرقاڵی کارکردن بووم. دوای ئەمە بۆ دوو ژمارە لەگەڵ هەفتەنامەی "ڕۆژهەڵات" لە بەشی هەواڵدا کارم کردوە. پاشان بۆ ماوەی ٤ مانگ لەگەڵ ڕۆژنامەی "هەمبەستەگی" بووم‌و دواتر بە گشتی لە بواری ڕۆژنامەگەری‌دا تا ئێستا بۆ ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان کارم کردووەو یارمەتیی چەند بڵاوکراوەی خوێندکاریشم داوە.

**✓هەروەك دەزانین جەنابت ماوەیەك پێش ئێستا لە لایەن ڕێژیمەوە قۆڵبەست کران. هۆی ئەم کارەی ڕێژیم چی‌بوو؟**

• ئەمن بە هۆی کارکردن لەسەر ژینۆسایدی قارنێ ـ کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە شەڕی ٣ مانگەی ساڵی ١٣٥٨دا کەوتە بەر پەلامار ـ کەوتمە ژێر چاوەدێریی دەزگا ئاسایشییەکان‌و پێش بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکەم لە ڕێکەوتی ١٣٨٤/٥/٦دا دەستگیر کرام. بەم بۆنەیەوە تاوانی هەوڵ بۆ مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی لە بواری نێونەتەوەییدا، خرایە پاڵم. دوای ئەوی‌کە دۆسیەکەم قوولتر بوو لە چوارچێوەی جوولانەوە دژی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا، ئەم تاوانانەم خرایە پاڵ: ١ـ هەوڵ بۆ تەحریمی هەڵبژاردن ٢ـ سووکایەتی بە بەرپرسانی باڵای نیزام ٣ـ وتووێژ لەگەڵ ئەو میدیا گەلەی کە دژ بە ئێران لە چالاکی‌دان ٤ـ پێوەندی‌گرتن لەگەڵ پارتە رامیارییەکان دا ٥ـ هەوڵ بۆ ناساندنی کۆماری ئیسلامی وەك پێشێلکەری مافی مرۆڤ ٦ـ بڵاوکردنەوەو لە چاپدانی هەواڵ‌و بابەتی ناڕاست‌و درۆ ٧ـ .....

**✓لەو ماوەی کە لە زیندان دا بوون، هەڵسووکەوتی ڕێژیم لەگەڵ جەنابت وەك ڕۆژنامەوانێکی کورد، چۆن بوون؟**

• ئەگەرچی لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا، ئەشکەنجە قەدەغە کراوە بەڵام بە پێچەوانەی تەواوی ئەو بڕیارانەی کە لە بواری نێونەتەوەیی‌دا لەم بارەیەوە لە ئارادان، من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ دڕندانەترین شێوەی ئەشکەنجە ڕووبەڕوو بوومەتەوە. بۆ چەند جار دەسبەندی قەپانی کراوم. بە سەدان شێوە هەڕەشەیان لێ دەکردم بۆ وەرگرتنی ئیعتراف. بە گشتی خراپتر لە تەواوی زیندانییەکان (واتە ئەوانەی کە تاوانیان شتێکی‌ترو یان لەگەڵ ئێمەمانان دا تاوانەکەیان جیاواز بوو) لەگەڵمان هەڵسوکەوتیان دەکرد. تەواوی هەوڵەکانیان لە پێناوی سست کردنی ئیرادەی تۆی زیندانیی‌دا بوو. بۆ بە لاڕێدابردن بە سەدان جۆر هەوڵیان دەدا. من بۆ خۆم لە دەرەوەی زیندان قەت حەشیش‌و تریاکم نەبینیبوو، بەڵام لە زیندان دا زۆر بە سانایی دەست دەکەوت.

**✓ ژورنالیستەکانی ئێران بە گشتی‌و بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسی کورد تا چ ئاستێك لە دەربڕینی بیروڕاکانیان دا ئازادن؟**

• بە بڕوای من لە وڵاتێك وشە پیرۆزو ئاشتیخوازانەکان قەدەغە کراب‌و حەرام راگەیەندرابن، قەت ناکرێت تۆ دڵخۆش بە ئازادیی نووسین‌و رادەربڕین بێ. بە پێی ئامارگەلێك سەبارەت بە داخستنی بڵاوکراوەکان‌و دەستگیرکردنی



مادێح ئەحمەدی دارا ناتق

**ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان خەڵك‌و ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر لاوازە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش بە خۆشییەوە کۆمەڵێك ڕۆشنبیرمان هەیە کە خاوەن بیروباوەڕێکی نەتەوەیی پتەون‌و تا رادەیەکی زۆر کەم توانیویانە لەو کەش‌و هەوا پولیسی‌و داخراوەدا بە زەق کردنەوەی کێشەی نەتەوەکەیان، دزە بکەنە نێو خەڵك‌و کاریگەریی خۆیان بسەلمێنن.**

←

# تەوەرێك لە سەر تیرۆریزم

هوشیار ئەحمەدی
hoshearahmady@yahoo.com

**تیرۆریزمی دەوڵەتی:**

**ئەوەی کە لە یارییە ئیدئۆلۆژیکەکان دا، چاوپۆشی لێ کراوە، مێژوویەکی دوورودرێژی دەسەڵاتی دەوڵەتەکانە لەسەر میکانیزمی تیرۆر. (جیمز درداریان)**

جێگای تێرامانو سەرنجە، لە سەردەمی بەجیهانیبوون یان بەجیهانی کردن دا، کە وڵاتە پێشکەوتووەکان هەوڵی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگاکانیان دەدەن، سنووری دەستێوەردانی دەسەڵات لە کاروباری مەدەنیدا بەردەوامو ڕۆژبەڕۆژ بەرتەسکتر دەبێتەوەو بانگەوازی مەدەنیەتو مرۆڤ تەوەری لە وڵاتانی پێشکەوتووو خاوەن ئاشتیو تەباییدا دەنگ دەداتەوە، دەبینین مرۆڤەکان لەو دنیا پانو بەرینەدا بە ئاواتی چێشتنی تامی ئازادی، ئاشتی، تەبایی،و ئاسایش لە دانی هیچ نرخێك درێغیان نەکردوە، کەسەکان، گرووپ، لایەن یان بزووتنەوە ئاشتیخوازەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیانو بۆ دابینکردنی داواکانیان لەلایەن دەسەڵاتە بەهێزەکانەوە، هەوڵ دەدەن بە مکانیزم، ڕێگاو پرۆگرامێکی مەدەنییانە، لۆژیکیو ئاشتیخوازانە تێبکۆشن.

بەڵام بە سەرنجدان لە مێژووی هاوچەرخو چەند دەهەی پێشوو، واتە هەر لە قۆناخەکانی شەڕی سارد بەم لاوە بەو ئاکامە دەگەین لە وڵاتانێك کە دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆریو دەوڵەتگەلێکی توتالیتار حوکمی کردونو بەردەوام مکانیزمەکانی ڕاگرتنو بەڕێوەبردنی دەسەڵات تیرۆریزمی دەوڵەتی بووە لەژێر لەفافە جۆراوجۆرەکاندا، لە دنیایەك دا کە سەردەمی قەبزەکردنی دەسەڵات لەدەست ئیمپراتورەکان دا بەسەر چووە. لە دنیایەك دا کە گەشەی بیری مرۆییو سەرکەوتنی ئامرازو تکنۆلۆژیی پەیوەندیگرتن بە "ئینتێرنێتو ڕاگەیاندن" بەرەو لووتکە هەڵدەکشێ، مرۆڤەکان ناتوانن لە پلەی هاووڵاتیی پلەچەندەم دا بژین، کەوابوو دەنگی نارەزایەتیی بەرز دەبێتەوە، گرنگ نیە مەدەنی بێ یان توندوتیژ، چوونکی دەسەڵاتی توتالیتاریزم دەنگی ناڕەزایەتیی پێ ناخۆشە. لەبیرمان نەچێ کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە هەموو بایەخە مرۆییو دێموکراتیکەکان دا بێبەرییە، کەوابوو دەبێ چاوەڕوانی چ بین؟ دێوەزمە باڵی بەسەر دەسەڵات دا کێشاوە، ملدانی دەسەڵاتو قبوڵکردنی ئەو خاڵانەی کە ئەو لێی بێبەرییە، ئاکامەکەی شکانی دێوزمەی دەسەڵاتەو سەرکەوتنی یەکەم بەرامبەرە بە نەمانی دووهەمی. یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی توتالیتێریش ئەوەیە کە ریفۆرمو چاکسازی هەڵناگرێ، واتە ناچار بە شکان دەبێ، کەوابوو بەردەوام پارێزگاری لە دەسەڵات قورسترو قایمتر دەبێو مکانیزمی تیرۆریزمی دەوڵەتیش مۆدێڕنو مۆدێڕنتر دەبێتەوەو هەروەها کە ئاماژەمان پێکرد، گشتاپۆکان، چێکاکان، ساواکەکان، ئیستخباراتەکانو... ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بە ئامرازو کەرەستەی مۆدێڕن خۆیان پڕچەك دەکەنەوەو سنووری چالاکییەکانیشیان بەربڵاوتر، واتە کەرەستەکانی تیرۆریزمی ئەمجارەیان، پاکتاوی ڕەگەزیو ژینۆساید بوو، بەناوی تیرۆریزمەوە سەرکوتکردنی دڕندانەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بوو، وڵاتانی پێشکەوتووش بەرژەوەندییەکانیان بەلاوە گرینگتر بوو، پاراستنی مافی مرۆڤ دروشم بوو، بەڵام بە ڕوودانی کارەساتەکەی ١١ی سێپتامبر، تەقینەوەکانی مادریدو...، خێرا پێناسەکان دیاری کران. تیرۆریزمی دەوڵەتی، غەیرە دەوڵەتی، نێودەوڵەتی، پێناسەی مۆدێڕنیان بۆکرا، تەنانەت هەوڵ بۆ "ریفۆرماندنیان" درا، بەڵام هەروەها کە گوتمان نیزامی دیکتاتۆریو سیستمی توتالیتاریزم ناتوانن خۆیان "ریفۆرمیزە" بکەن، چونکی دەشکێنو لێك بڵاو دەبن، ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی خۆیان بگونجێنن، چونکی کۆمەڵگای جیهانی بەدژی ئەوان ڕێك کەوتوە ئۆپۆزیسیۆنیشی خستوونەتە ژێر مەنگەنەوە. بۆیە ناچار دەبێ مکانیزمە پەیڕەوکراوەکەی درێژە پێبدا. لە ئاکامدا تیرۆریزمی دەوڵەتی بە لووتکەی خۆی دەگاو لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی تێپەڕبوونی سنوورەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتیو دژکردەوەی جیهانی، لە ئاکامدا چارەنووسی تالیبان لە ئەفغانستانو بەعسی لە عێراقی بەدواوە دەبێ.

دەوڵەتانی تیرۆریست بەو نێوەڕۆکە تیرۆریستییەوە کە هەیانە، بەردەوام کاریگەرییان لەسەر دوو مێژوو هەبووە، یەکەم مێژووی خۆیان، دوو، مێژووی جیهان، چونکی مێژوویەکی ترسناكو نائەمنو دوور لە ئاشتیو تەبایی پێك دێنن کە کۆمەڵگای پێشکەوتووو دێموکرات ناچارە بەرەنگاری بێتەوە، کەوابوو ئەو مێژووە کە مێژووی پێکدادانی تیرۆریزمی دەوڵەتیو ئەنتی تیرۆریزمی جیهانییە.

بۆ ئەوەی لە نێوەڕۆکی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە قۆناخی مۆدێڕندا بە باشی تێبگەین، دەبێ بۆ ڕەگو ڕیشەو بیرۆکەی بەڕێوەچوونەکەی ئەو ئیدەیە لە کۆمەڵگاکەیدا بگەڕێنێتەوە، واتە فۆنداسیۆنی تیرۆریزمی دەوڵەتی هەر دەوڵەتێك لەسەر بنچینەی مەکتەبی کۆمۆنیزم، نازیسم، لەسەر بنچینەی ناسیۆنال سوسیالیستیی ڕەگەزپەرستانە، کەمالیزم لەسەر بنچینەی پان تورکیزم، بەعسیزم لەسەر بنچینەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو سوسیالیزم، تاڵیبان لەسەر بنچینەی بناژۆیی ئیسلامیی "فندەمنتالیزمی ئیسلامی"، کۆماری ئیسلامی لەسەر فۆنداسیۆنی ئیسلامی سیاسی، بە دواکەوتووترین شێوازی بیرۆکەکانیەوە....

هەرکام لەم ئیدئۆلۆژییانە، دەتوانن باشترین بوار بن بۆ سەرهەڵدانو پەرەسەندنی تیرۆریزمی نێودەوڵەوتی، واتە تیرۆریزمی دەوڵەتی بەجۆرێك لە جۆرەکان بەرهەمی پێکدادانی ڕوانگەو بەرژەوەندییەکانی داهاتوو بینو ڕابردوو دۆستەکانە، ڕابردوو دۆستەکان، تەنیا مەبەستیان مانەوە لەسەر تەختی دەسەڵات بووە، بیر لە چۆنیەتییەکەی ناکەنەوە، تەنیا مەبەستیان مانەوەیەو بەس، گرنگ نیە نرخەکەشی دەدەن، چ دەبێ ناڕەزایەتییەکی نێوخۆیی سازدەبێ، ئامرازو کەرەستەی مۆدێڕنی بۆچییە؟! دەوڵەتێك وەکوو کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵی ١٩٧٩وە بەشێکی بەرچاوی داهاتی وڵاتی بەجێ تەرخان کردن بۆ پرۆژە چاکسازیو ئاوەدانییەکان، بۆ چەكو تەقەمەنیو ئامرازو کەرەستەی سووكو قورسی شەڕ تەرخان کردوە، ئەو ئامڕازو کەرەستانە، لە دەستی دەزگا نیزامیو باندو گرووپە تیرۆریستییەکان دان کە لە خزمەت دوگمترین بواری فندەمنتالیزمی ئیسلامیدانو باوەڕیشیان بە کردەوەی خۆکوژی بۆ بەرگری لە ڕێژیمەکەیان هەیەو بە کردەوەش سەلماندوویانە. لە باروودۆخێکی وادا دەبێ چ چاوەڕوانییەکمان هەبێ؟ هیچ چاوەڕوانییەك جگە لە ئاکامگەلێك وەکوو فتوای جیهاد دژ کورد کە خۆی گرینگترین فاکتەری تیرۆری دەوڵەتییە، کوشتو کوشتاری تورکمەنەکان بەهۆی جیاوازیی مەزهەبییەوە، جینایەتەکانی ئەهواز لەبەر ئەویتربوون، تیرۆرو کوشتو بڕی لایەنەکانی دەسەڵات یان ڕوونتر بێژین شەڕی نێوان مافیای بەرژەوەندیخوازی، تیرۆرو لەنێوبردنی کەسایەتیو ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆییو دەرەکی، کە بە تیرۆری دوکتور کازمی سامی ساڵی ١٣٦٧ دەستی پێکردو بە قەتڵە زنجیرەییەکان درێژەی پێدراوو ئێستاش بەردەوامە، تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە قەولی خۆیان شەڕکردنی پێش جبهەیی لە جۆری دەستێوەردانەکانیان لە ئەفغانستان، عێراق، لوبنانو فەلەستین داو پەرەپێدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی بە هەوڵدان بۆ دەستراگەیشتن بە تکنۆلۆژیی چەکی ناوکی، بە مەبەستی گەرەنتیی کردنی داهاتووی دەسەڵاتە توتالیتێرەکەی، هەموو ئەو فاکتەرانەن کە تیرۆریزم لە سیاسەتی دەوڵەتێك دا دەسەلمێنن. ئەوەی کە باسمان کرد کورتەیەك بوو لەسەر تیرۆریزمی دەوڵەتی، چونکی تیرۆریزمی دەوڵەتی بۆ خۆی باسێکی بەربڵاوو دوورودرێژە کە بابەتی سەربەخۆی دەوێ.

سەرچاوەکان:
١ــ "تیرۆریسم، کۆکردنەوەی" طیب، علیرضا، وتاری جیمز دێردێریان
٢ـ سەردەمی ڕەخنە، ژمارەی ٢ ـ زستانی ٢٠٠٥، وتاری تیرۆریزمو جیهانگیری. ن: شاهۆ سەعید
٣ــ چامسکی، نەوام لە دیاربەکری لە مانگی مارسی ٢٠٠٣دا
www.news.gooya.com
٢٠٠٣/١/٢٧
٤ـ توێژینەوە ژ:٥، کانوونی ١ی ٢٠٠٥، گوتاری تیرۆریستی، و: هیوا مەلاعەلی
٥ــ تیری نێودەوڵەتی ن: د.ئەحمەد محەممەد ڕەفعەت، ـ د. ساڵح بەکر ئەلتەییار، و: کوێستان ـ جەماڵ، چاپی یەکەم ٢٠٠٣، سلێمانی

**وڵاتانی پێشکەوتووش بەرژەوەندییەکانیان بەلاوە گرینگتر بوو، پاراستنی مافی مرۆڤ دروشم بوو، بەڵام بە ڕوودانی کارەساتەکەی ١١ی سێپتامبر، تەقینەوەکانی مادریدو...، خێرا پێناسەکان دیاری کران. تیرۆریزمی دەوڵەتی، غەیرە دەوڵەتی، نێودەوڵەتی، پێناسەی مۆدێڕنیان بۆکرا، تەنانەت هەوڵ بۆ**

## درێژەی چاوپێکەوتن لەگەڵ مادێح ئەحمەدی

ڕۆژنامەنووسان لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٤ لە ئێران لەبەر دەست دان، ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داو دەچێتە خانەی ١٠ وڵاتی سەرکوتکەری جیهانەوە. جێی باسە بە ئاماژە بە هاتنەسەرکاری ئەحمەدینەژاد، پەرەگرتنی بزووتنەوەکانو بەردەوامبوونی زەختو تەوژمو چوونەسەری ڕێژەی دەستگیرکراوان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، واتە ساڵی ٢٠٠٥، ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە لە جیهاندا. بەم پێیە من بۆ خۆم ئازادییەك نابینم. چونکە ئەگەر ئازادی هەبایە قەت ڕۆژنامەنووسانو ڕووناکبیران بە تاوانی دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان دەستگیر نەدەکران.

✓ **بە ڕای جەنابت بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتۆتە چ ئاستێك؟**

• ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان خەڵكو ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر لاوازە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش بە خۆشییەوە کۆمەڵێك ڕۆشنبیرمان هەیە کە خاوەن بیروباوەڕێکی نەتەوەیی پتەون بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر کەم توانیویانە لەو کەشو هەوا پولیسیو داخراوەدا بە زەق کردنەوەی کێشەی نەتەوەکەیان، دزە بکەنە نێو خەڵكو کاریگەریی خۆیان بسەلمێنن. ئەم بوارەش بۆ خۆی وەکوو بوارەکانی دیکە هێندێ ئاستەنگی لەسەر ڕێدایە کە پێویستە ئەوانەش لەبەرچاو بگرین، ئینجا هەڵسەنگاندنەکانی خۆمان بخەینە ئاقاری کێشە جیاجیاکانەوە.

✓ **بە ڕای ئێوە وەك ڕۆژنامەنووسێکی لاوی کورد، شعووری نەتەوەیی لاوانی ئێمە لە کوردستان، تا چ ئاستێك چۆتە سەرێ؟**

• پرسیارێکی زۆر بەجێ بوو. بە بڕوای من فرە حیزبی لە کوردستان دا ئەگەرچی لە لایەکەوە خاوەن هێندێ خەساری تایبەتە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە هۆی ئەوەیکە لاوانو یان بە گشتی خەڵکی ئێمە بە پێی بیروڕای خۆیان حیزبێکی تایبەت هەڵبژێرن. هەر بۆیە من دەڵێم لە کوردستان ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەر بە ڕێژیمن، زۆر کەمن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە بەشداری کردنی خەڵکی ناوچە کورد نشینەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئێران دا. بە هەر حاڵ بە گشتی من پێم وایە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەو هاتنە سەرەوەی ئاستی وشیاریی خەڵك، یان بە واتایەکی دیکە دەکرێت بڵێین ئەم بابەتە پێشتر ئەگەر وەکوو هەستێکی نەتەوەیی بوو، ئەمڕۆ ئەو قۆناغەی تێپەڕ کردوەو بۆتە بیرێکی نەتەوەیی.

✓ **ئێوە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

• بە ئاماژە بەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی گەنجەو حەساسیەتی تایبەتی خۆی هەیەو لەو کۆمەڵگایەدا خەڵکێکی بیانوگیر دەژین، وەختی ئەوە هاتوە کە ئێمە لە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێك دا نەزمو دیسیپلینێك بدەینە ئەو بزووتنەوانە (ئەمە وەکوو پێویستییەك ئاماژەم پێکرد) لە لای ئەمەش دا خەڵکی ئێمە بەو حەرەکەتانە سەلماندیان کە لە چاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران سەرکەوتووترو وشیارترن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەیی بیرکردنەوەی ئەو خەڵکە، بۆیە پێویستە گرنگی پێبدەین. بەو بزووتنەوانە بۆمان دەرکەوت کە خەڵکی ئێمە تا چەند بە نیسبەت کێشەی نەتەوەکەیان قووڵتر بیر دەکەنەوە، بۆیە ئیتر سەرکوتکاریو پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامییان پێ تەحەموول ناکرێ.

✓ **بە بڕوای جەنابت کێشەی بنەڕەتیی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دا چییە؟**

• ئەم پرسیارە بۆ خۆی هەڵگری چەند باسو بابەتی جیاوازو قووڵە کە پێویستی بە دەرفەتو تاقەتێکی تایبەت هەیە. لێرەدا من ناچمە نێو وردەکارییەکانی ئەم باسەوە. بەڵام بە گشتی بە بڕوای من نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا لە نێوان پارتەکانی ڕۆژهەڵات گەورەترین کێشەی بەردەم بزووتنەوەی جەماوەریی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

✓ **چۆن بوو وڵاتت بەجێ هێشتو بەرنامەت بۆ داهاتووی تێکۆشانت چییە؟**

• پاش تێپەڕکردنی ٤ مانگ زیندان بە زەمانەتی ٥٠ میلیۆن تمەن ئازاد کرامو دوای ئازادکرانم، دیسان هەر لەژێر زەختو فشاردا بووم. تەنانەت هەڕەشەی تیرۆرمان لێکرا. لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١/٢٣دا دیسان هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان هێناو ویستیان دووبارە دەستگیرم بکەن، بەڵام بە خۆشییەوە توانیم خۆم دەرباز بکەمو هەڵبێم.

هەروەها چ لێرە بم یان لە هەر شوێنێکیتر بەردەوام دەبم لەسەر بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانمو شانبەشانی کۆمەڵگاکەم بۆ ساتێکیش لە خەباتو تێکۆشان ڕاناوەستم.

**مادێح ئەحمەدی، لە ساڵی ١٩٨٥ لە ئاوایی "گاوەرە" سەر بە شاری سنە لە لەدایك بووە. پاش تێپەڕاندنی خولی سەرەتایی "گاوەرە"ی بەجێ هێشتووە بۆ خوێندن رووی کردۆتە شاری سنە. قۆناغەکانی ناوەندیو دواناوەندیی لە شاری سنە تەواو کردوون لە ڕشتەی ئەدەبیات دیپلۆمی وەرگرتوە. نزیکەی٥ ساڵە سەرقاڵی چالاکیی ڕۆژنامەوانییە. لەم ماوەیەدا لەگەڵ چەندین بڵاوکراوەی کوردیو فارسی بەتایبەت لەم دوایانەدا لەگەڵ بڵاوکراوە خوێندکارییەکان کاری کردوەو خاون چەندین وتارو دوو لێکۆڵینەوەیە کە بریتین لە:**

**١ـ لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ژینۆساید لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . بە تایبەت ژینۆسایدی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە گوندی "قاڕنێ".**

**٢ـ لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهاتنی ڕۆژنامەگەریی کارامە لە کوردستان.**

**درێژەی**

## ڕاپۆرتی بەشداریکردن لە کۆنفراسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئەمریکا

سێهەمین میزگرد بۆ کوردستانی تورکیە تەرخان کرابوو. لەم بەشەدا بەڕێز ئەسعەد خێلانی، بەڕێوەبەری بوو، ئەم کەسایەتییانە قسەیان کرد.

١ـ ئاغای جێف کلاین، ڕۆژنامەنووس ٢ـ ئاغای برووسك ڕەشوەند، ئەندامی کۆنگرەو لە بەرپرسانی ئەنجومەنی کۆڕی کوردانی ئۆتاوا ٣ـ ئاغای کریستۆفێر هیچێنز، نووسەرو ڕۆژنامەنووس.

دوایین بەشی کاری کونفرانسەکە، کە لە ڕۆژی شەممەدا تەرخان کرابوو بۆ کوردستانی عێراق ئەو بەشە لە لایەن دوکتور نەجمەدین کەریمەوە بەڕێوەچوو. ئەم کەسایەتییانەش بیروڕای خۆیان لەم بارەوە دەربڕی؛ ١ـ دوکتور لیام ئاندرسۆن، نووسەر ٢ـ ئاغای قوباد تاڵەبانی، نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەمریکا ٣ـ دوکتور کریستوفێر هیچێنز، ڕۆژنامەنووسو نووسەر ٤ـ ئاغای جێف کلاین ڕۆژنامەنووس.

شەوی شەممە تەرخان کرابوو بۆ بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی نەورۆز. لەو ڕێورەسمەدا، ڕێزگیرا لە زەحمەتەکانی دوکتور نەجمەدین کەریم، وەك دامەزرێنەرو یەکەمین سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو، لەلایەن بەڕێز سامان شاڵییەوە نیشانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی پێبەخشرا.

کاروباری کونفرانسەکە لە ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی مارسدا، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی شورای ڕێبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورددا، تەرخان کرابوو، کە پاش دەنگ وەرگرتن ئەم کەسانە هەڵبژێردران:

١ـ ئاغای تام ورپلوگ ٢ـ دوکتور سامان شالی ٣ـ خاتوو سورەیا سیراجەدینی ٤ـ شوان کەریم ٥ـ بولەند یابان ٦ـ وەفا خورشید ٧ـ خاتوو لانا ٨ـ دوکتور کەمال ئارتین ٩ـ برووسك ڕەشوەند.

دوو خانم بە ناوەکانی نیما ئەردەڵانو موعەزەز ئەمین عەزیزیش، وەك جێگر هەڵبژێردران. ئەندامانی نوێی شووراى بەڕێوەبەری لە یەکەمین دانیشتنی خۆیاندا، دوکتور سامان شاڵییان بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەکەن هەڵبژاردەوە.

جێی باسە کە ئەندامانی وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بریتی بوو لە: خوسرەو عەبدوڵڵاهی، بەبرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، ٢ـ دوکتور مورتەزا ئیسفەندیاری، نوێنەری حیزب لە ئەمریکا، عەلی قادری، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئەمریکاو چەند هاوڕێی دیکە.

# "قاره‌مان ناترسن بمرن"

قادر وریا

به‌ره‌به‌یانی ٤ی ڕێبه‌ندانی ۱۳۸۰، جه‌للاده‌کانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی له‌ به‌ندیخانه‌ی مه‌هاباد، کۆتایی‌یان به‌ ژیانی لاوی به‌بیرو باوه‌ڕو خۆڕاگر، که‌ریم تووژه‌ڵی، هێنا. که‌ریم تووژه‌ڵی کادرێکی به‌وه‌ج‌و زه‌حمه‌تکێشی حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌ ناوچه‌ی سه‌رده‌شت بوو، که‌ ساڵی ۱۳۷۵دوای ئه‌وه‌ی به‌هۆی گیروگرفتی تایبه‌تیی خۆی، وازی له‌ پێشمه‌رگایه‌تی‌و تێکۆشانی ته‌واووه‌خت له‌ حیزب دا هێناو وه‌ك په‌ناخواز رووی کرده‌ تورکیه‌، له‌ درێژه‌ی ڕێککه‌وتن‌و ساتوسه‌ودا شه‌رماوی‌یه‌کانی نێوان ده‌زگا جاسووسی‌و ئه‌منییه‌تی‌یه‌کانی ئێران‌و تورکیه‌دا، ته‌حویلی کۆماری ئیسلامی درایه‌وه‌. که‌ریم له‌ ڕۆژی ته‌حویلدانه‌وه‌ی‌ڕا تا ئه‌و ڕۆژه‌ی په‌تیان کرده‌ مل‌و کۆتاییان به‌ ژیانی هێنا، به‌وپه‌ڕی وره‌ به‌رزی‌و خۆڕاگری‌یه‌وه‌، هه‌وڵ‌و ته‌قه‌للای کاربه‌ده‌سته‌ جینایه‌تکاره‌کانی ئه‌م ڕێژیمه‌ی بۆ ئاشکرا کردنی ناوی ئه‌ندامان‌و دڵسۆزانی حیزب‌و درکاندنی نهێنی‌یه‌ ته‌شکیلاتی‌یه‌کان، بێ‌ئاکام کرده‌وه‌. هه‌موو ئه‌و به‌ندییانه‌ی له‌ به‌ندیخانه‌ که‌ریمیان دیوه‌، به‌شانازی‌یه‌وه‌ له‌ خۆڕاگری‌و وره‌به‌رزی‌و پته‌ویی هه‌ڵوێست‌و بیروباوه‌ڕی ئه‌و تێکۆشه‌ره‌ ده‌دوێن. نامه‌یه‌ك که‌ که‌ریمی جوانه‌مه‌رگ دوای به‌سه‌ردابڕانی حوکمی ئێعدام له‌ به‌ندیخانه‌وه‌ به‌ نهێنی نووسیبووی‌و بۆ هاوڕێ مسته‌فا مه‌ولوودیی ناردبوو و، ڕۆژنامه‌ی "کوردستان" به‌دوای شه‌هیدکرانی ئه‌ودا، بڵاوی کرده‌وه‌، گۆشه‌یه‌کی بچووك له‌و ئه‌شکه‌نجه‌و ئازارانه‌ باس ده‌کا که‌ بۆ به‌چۆك داهێنانی، به‌کار هێنرابوون. به‌ڵام هه‌روه‌ك له‌ نامه‌که‌ش دا ئاماژه‌ی پێ‌کردبوو، ئه‌و ئاماده‌ بوو به‌ سه‌ربه‌رزی‌یه‌وه‌ به‌ پێشوازی مردن بچێ‌و ئاماده‌ نه‌بوو پشت بکاته‌ بیروباوه‌ڕی‌و، چووکترین هاوکاریی دوژمنانی گه‌له‌که‌ی بکا.

هاوڕێ محه‌ممه‌د شاروێرانی، ماوه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ که‌ریم تووژه‌ڵی له‌ زیندانی مه‌هاباد دابووه‌و، ئه‌ویش حوکمی ئێعدامی به‌سه‌ر دابڕابوو، که‌ به‌خۆشی‌یه‌وه‌، دوایه‌ له‌ مردن‌و له‌ به‌ندیخانه‌ ڕزگاری بوو. کاك محه‌ممه‌د وێڕای پێشکێش کردنی نامه‌که‌ی که‌ریم به‌ "کوردستان"، که‌ له‌دوا شه‌وی ژیانی‌دا بۆ ئه‌وی نووسیوه‌، چه‌ند دێڕێکیشی له‌باره‌ی ئه‌و شه‌وه‌ شوومه‌ نووسیوه‌. ئه‌م چه‌ند دێڕه‌ی کاك محه‌ممه‌د شاروێرانی‌و ئه‌م نامه‌یه‌ی شه‌هید که‌ریم تووژه‌ڵی به‌بۆنه‌ی ڕۆژی شه‌هیدانی کوردستان بڵاو ده‌که‌ینه‌وه‌ تا نموونه‌یه‌ك له‌ بیروباوه‌ڕپته‌وی، بوێری‌و قاره‌مانه‌تیی تێکۆشه‌رانی حیزبی دێموکرات‌و گه‌لی کوردمان له‌ به‌ندیخانه‌کان‌و ته‌نانه‌ت له‌و کاته‌دا که‌ به‌ره‌و سێداره‌ ده‌برێن، خستبێته‌ به‌رچاو. دڵنیاین نموونه‌ی وه‌ك شه‌هید که‌ریم تووژه‌ڵی له‌ زیندانه‌کانی کۆماری ئیسلامی‌دا زۆر بوون، به‌ڵام پێویسته‌ شاهیدانێکی وه‌ك کاك محه‌ممه‌د شاروێرانی په‌یدا بن‌و به‌ ئه‌مه‌گناسی‌و ئه‌مانه‌تداری‌یه‌وه‌، داستانی ئه‌م خۆڕاگری‌و قاره‌مانه‌تییانه‌ی ڕۆڵه‌ به‌دیلی شه‌هید کراوه‌کانی گه‌له‌که‌مانمان بۆ بگێڕنه‌وه‌:

**"ئه‌م شه‌وه‌ی که‌ کاك که‌ریم تووژه‌ڵییان برد بۆ قه‌ره‌نتینه‌ بۆ ئه‌وه‌ی به‌یانی سه‌عات ٦ ئێعدامی بکه‌ن (واته‌ ٤ی ڕێبه‌ندانی ساڵی ۱۳۸۰)، سه‌عات یه‌کی شه‌و ئه‌م نامه‌یه‌ی به‌ که‌سێکی جێی باوه‌ڕدا بۆ ئێمه‌ ناردو داوای کرد که‌ ده‌فته‌رێکی بۆ بنێرین، منیش ده‌فته‌رێکی ٤٠ لاپه‌ڕه‌یم بۆ نارد.**


**کاك که‌ریم هه‌تا به‌یانی نه‌نووستبوو، هه‌موو ده‌فته‌ره‌که‌ی نووسیبوو. به‌یانی سه‌عات ٦ که‌ ده‌یانهه‌وێ بیبه‌ن بۆ دیوی ئێعدام، پێش هه‌مووان حیفازه‌تی زیندان ده‌چێته‌ لای‌و داوای لێ ده‌کا ئه‌و ده‌فته‌ره‌ی له‌لایه‌تی بیداتێ به‌ڵام کاك که‌ریم حاشا ده‌کا. وادیار بوو شه‌و خستبوویانه‌ ژێر چاوه‌دێری‌و دیبوویان که‌ خه‌ریکی نووسینه‌ ژێر په‌تۆکه‌ی ده‌گه‌ڕێن‌و به‌داخه‌وه‌ ده‌فته‌ره‌که‌یان دیته‌وه‌و دایان به‌ "فه‌ره‌جی" سه‌رۆکی دادگوسته‌ریی ئه‌وکاتی مه‌هاباد.**

**ئه‌و شه‌وه‌ سه‌ربازێکی کوردی له‌لا بوو، دوای ئه‌و ڕووداوه‌ هاته‌ لام‌و بۆی باس کردم که‌ کاك که‌ریم‌و هه‌موو نووسراوه‌کانی بۆ حیزبی دێموکرات‌و چه‌ند هاوڕێی له‌نێو حیزب نووسیبوو."**

**محه‌ممه‌د شاروێرانی**

**۲ی خاکه‌لێوه‌ی ۱۳۸۵**

**هه‌موو ئه‌و به‌ندییانه‌ی له‌ به‌ندیخانه‌ که‌ریمیان دیوه‌، به‌شانازی‌یه‌وه‌ له‌ خۆڕاگری‌و وره‌به‌رزی‌و پته‌ویی هه‌ڵوێست‌و بیروباوه‌ڕی ئه‌و تێکۆشه‌ره‌ ده‌دوێن**




## ئه‌مه‌ش ده‌قی نامه‌ی شه‌هید که‌ریم تووژه‌ڵی

**(ئه‌م ناوانه‌ی له‌م نامه‌یه‌دا هاتوون ناوی ئه‌و به‌ندییانه‌ن که‌ له‌گه‌ڵ کاك محه‌ممه‌د شاروێرانی پێکه‌وه‌ له‌ ژوورێك دابوون)**

وێڕای سڵاو!

هیوادارم هه‌مووکات ساغ‌و سڵامه‌ت‌و به‌که‌یف بن‌و هه‌روا سه‌ربه‌رزانه‌ ڕۆژگار تێپه‌ڕ بکه‌ن. سڵاوم هه‌یه‌ بۆ ته‌واوی دۆستانی کوپه‌ی ۳و باقی دۆستانی دیکه‌.

برای به‌ڕێزم! هه‌روه‌ك ئاگادارن ئه‌مڕۆ ئێواریَ بۆ ئیجراکردنی حوکمه‌که‌ منیان هێنا بۆ قه‌ره‌نتینه‌. ده‌مهه‌وێ وه‌ك که‌سێك که‌ بۆ من زۆر فه‌ڕزو به‌ڕێزه‌ له‌ دواساته‌کانی ژیان دا لانی‌که‌م به‌ نووسراوه‌ش بێ هێندێك له‌گه‌ڵت بدوێم. ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌مڕۆ هه‌یه‌و ده‌بینرێ بۆ ئێمه‌مانان شتێکی زۆر عادی‌و چاوه‌ڕوان کراوه‌، هه‌ربۆیه‌ ده‌بێ زۆر بێ‌باکانه‌ به‌ره‌و پیری بچین. باوه‌ڕ بکه‌ بۆ من شتێکی زۆر ئاسایی‌یه‌و باکم نیه‌ هه‌ربۆیه‌ داوام له‌ تۆی خۆشه‌ویستییش ئه‌وه‌یه‌ که‌ هه‌ر به‌و چاوه‌ سه‌یری ئه‌م ڕووداوه‌ بکه‌ی‌و تۆسقاڵێك خۆت ناره‌حه‌ت نه‌که‌ی. چون داوای من له‌ جه‌نابت وه‌ك ئاخر داواکاری ئه‌وه‌یه‌و به‌س. گه‌ردنم ئازاد بکه‌و گه‌ردنت خۆش‌و ئازاد بێ، سڵاوی براژنه‌ مریه‌م بگه‌یه‌نه‌و چاوی ساکار ماچ ده‌که‌م. له‌کۆتایی‌دا به‌ نوێنه‌رایه‌تیی من داوا له‌ هه‌موو دۆستانی کوپه‌ی ۳ بکه‌ گه‌ردنم ئازاد بکه‌ن‌و به‌ گه‌وره‌یی خۆیان له‌ به‌دی‌و خراپه‌م چاوپۆشی بکه‌ن‌و له‌لایه‌ن منیشه‌وه‌ گه‌ردنی هه‌موویان ئازاد بێ.

هه‌روه‌ها سڵاوی کاك کاوه‌و مام جه‌لال‌و "مقربی خاص"و خوش نه‌هان بگه‌یه‌نه‌و گه‌ردنم ئازاد بکه‌ن‌و گه‌ردنیان ئازاد بێ.

براتان که‌ریم تووژه‌ڵی

---

# له‌ قامووسی فیمینیزم‌دا

(۱۰)

وه‌رگێڕانی: ب.هانا

**کولتوور** culture

قه‌ڵه‌مڕه‌وی سه‌مبۆلیکی هونه‌ره‌کان. تیۆریی فیمینیستی، ئه‌م پێناسه‌یه‌ له‌به‌ر یه‌ك ده‌کێشێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو به‌رهه‌مه‌ سه‌مبۆلیکه‌کانی کۆمه‌ڵ بگرێته‌ خۆی. ئه‌م تیۆرییه‌ ژنان له‌وه‌ که‌ وه‌ك"ورده‌ کولتوور" بناسێندرێن، ڕزگار ده‌کا.

مێژوونووسانی فیمینیست بۆ قسه‌ کردن له‌ باره‌ی گشتگیر بوونی پانتایی به‌هاکان، دامه‌زراوه‌کان‌و ئه‌و پێوه‌ندییانه‌ی، که‌ڵك له‌ وشه‌ی کولتوور وه‌رده‌گرێ که‌ پێوه‌ندییان به‌ ژیانی بنه‌ماڵه‌یی‌و ئه‌خلاقیی ژنانی کۆتایی سه‌ده‌کانی هه‌ژده‌و نۆزده‌وه‌ هه‌یه‌. کارول سمیت ـ روزێنبێرگ ده‌ڵێ ئه‌م واتایه‌ به‌ نوێترین پێشکه‌وتن له‌ مێژوونووسیی هاوچه‌رخ دا ده‌ژمێردرێ،چونکه‌ ئه‌م توانایی‌یه‌ ده‌دا به‌ فیمینیسته‌کان که‌ زانیاریی زۆر له‌ باره‌ی ژیانی ژنان بدۆزنه‌وه‌و واتایان بده‌نێ. بۆ نموونه‌ دۆزینه‌وه‌ی کۆڕو کۆمه‌ڵه‌ ئامانجدارو به‌ نرخه‌کانی ژنان له‌ ناته‌بایی له‌گه‌ڵ ئه‌م بۆچوونه‌ دابووه‌ که‌ دڵه‌ڕاوکێی ژنان ته‌نیا له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ کێشه‌کای بنه‌ماڵه‌ی ناوکی (خانواده‌ هسته‌ای) دایه‌ ( -Smith Rosen berg).

"گێردا لیرنیر" ده‌ڵێ قسه‌ کردن له‌ تێکۆشان‌و ئامانجه‌کانی ژنان له‌ ڕوانگه‌یه‌کی ژن ته‌وه‌رانه‌، که‌لتووری ژنانه‌. لیرنێر ئه‌م زاراوه‌یه‌ به‌ کاردێنێ تا واتا بدا به‌ پێناسه‌ کردنه‌وه‌ی سه‌رله‌نوێی ژیانی ژنان له‌گه‌ڵ وشه‌کانی خۆیان دا(Lerner , 1978).

فیمینیزمی رادیکاڵ کولتووری ژنان به‌م جۆره‌ وه‌سف ده‌کا: کۆمه‌ڵێك که‌ له‌ ناوه‌وه‌ له‌گه‌ڵ به‌هاکانی یه‌کپارچه‌یی به‌رپرسایه‌تی شکڵی گرتبێ. به‌گوێره‌ی بۆچوونی فیمینیسته‌ رادیکاڵه‌کان، جیایی نێوان ئه‌زموونه‌ ژنان‌و پیاوانه‌کان به‌م مانایه‌یه‌ که‌ له‌راستی‌دا هه‌ر کۆمه‌ڵگه‌یه‌ك خاوه‌نی دوو کولتووره‌ ـ کولتووری بینراو یا پیاوانه‌و کولتووری نه‌بینراو یان ژنانه‌. بۆ نموونه‌، سۆزان گریفین باسی ئه‌وه‌ ده‌کا که‌ دوالیزمی ده‌ستکردی کۆمه‌ڵ‌و له‌ نێوان کولتوورو سروشت‌و، ئاوه‌زو عه‌واتیفه‌وه‌، بۆ ترس له‌ جه‌سته‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌و دابه‌شکردنی کار له‌ ئاستی جیهانیی‌دا لێ‌ده‌که‌وێته‌وه‌ (Griffin, 1982a). ئوودر لۆرد ده‌ڵێ پێناسه‌کانی کۆمه‌ڵ بۆ کولتوورو ترسی ئه‌و له‌ پێوه‌ندیی شێعرو سه‌راوه‌رده‌



نه‌ناسراوه‌کانی زه‌ین، له‌گه‌ڵ ترسی پیاو سه‌ردارانه‌ له‌ ڕه‌گه‌زی مێ، تاریکی‌و به‌هاره‌شه‌کان ـ که‌ به‌ڵگه‌ن بۆ هه‌بوونی زانستێکی شاراوه‌ی کۆنتر ـ پێکه‌وه‌ گرێ دراون(Lorde, 1984a).

شولامیت فایرستون ده‌ڵێ، کولتووری ژنان زاتی(خودی)یه‌: "ئێمه‌ شانازی به‌ کولتووری ژنانه‌ی هه‌ست‌و سۆزه‌کان (عواطف)،"درك شهودی"(تێگه‌یشتن له‌ ڕێگای چاویا بینینه‌وه‌)، خۆشه‌ویستی، پێوه‌ندیی که‌سه‌کان‌و هتده‌وه‌ ده‌که‌ین. چونکه‌ به‌ خودیترین تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌ مرۆیی‌یه‌کانیان ده‌زانین. ئه‌وه‌ ئیستیعمارگه‌رانی به‌ره‌گه‌ز پیاوی ئێمه‌ن ـ ئه‌مه‌ کولتووری پیاوانه‌یه‌ ـ که‌ مرۆڤایه‌تیی زاتییان له‌ سه‌ر بناغه‌ی شوناسی خۆیان پێناسه‌ کردوه‌و گیرۆده‌ی بێبه‌شیی کولتوورین"(Firestone, 1970, P. 178).

تماکاپلان، کولتوور به‌واتای ئاگایی پێناسه‌ ده‌کا. به‌ پێی لێکدانه‌وه‌ی ئه‌و، زۆر له‌و لێکۆڵێنه‌رانه‌ی له‌ بواری کولتووری ژنان دا کراون، پێوه‌ندییان به‌ چینی نێوه‌راسته‌وه‌ هه‌یه‌. چونکه‌ ئه‌م چینانه‌ له‌ نووسین دا حوزووریان هه‌یه‌. به‌ڵام ژنانی چینی کرێکار ڕێوشوێنی کولتووریی تێکه‌ڵ له‌گه‌ڵ کۆڕوکۆمه‌ڵ‌و ڕێوره‌سمی تایبه‌ت به‌ خۆیان هه‌یه‌(که‌ زاره‌کی‌یه‌). کولتووری چینی کرێکار، خاوه‌نی هاوپێوه‌ندیی پشت ئه‌ستوور به‌ کۆڕو کۆمه‌ڵ‌و ڕێوشوێنی به‌ کۆمه‌ڵه‌و، له‌ ڕێگای نه‌ریتی زاره‌کی‌یه‌وه‌ ده‌ستاوده‌ستی کردوه‌و" ئاگایی‌یه‌که‌ی له‌ قاڵبی ده‌ربڕینی نه‌ریته‌ به‌ کۆمه‌ڵی‌یه‌کان دا خۆ ده‌رده‌خا"(Kaplan, 1982, P.60).

مرۆڤناسانی فیمینیست ده‌ڵێن سه‌رکوتی ژنان له‌و جیاوازی‌یه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێ که‌(کۆمه‌ڵه‌کان دا له‌ نێوان سروشت‌و کولتووردا دایده‌نێن‌و، ژنان به‌ لای سروشت دا ده‌شکێنن( Orther, 1974). ئه‌م کاره‌، به‌ گوته‌ی دینێرستین نه‌خۆشیی بنه‌ڕه‌تیی کولتووری مودێرن ـ ئوستووره‌"ماشێنی گه‌وره‌" یان هه‌وڵدان بۆ که‌ڵکوه‌رگرتن له‌ ئاوزه‌مه‌ندێتی به‌ مه‌به‌ستی به‌رینکردنه‌وه‌ی کۆنترۆڵی مرۆڤی لێ‌ده‌که‌وێته‌وه‌ ( Dinnerstein, 1976).

زانایانی فیمینیست پێناسه‌ که‌لتووری‌یه‌کانی پیاوه‌تی‌و ژنێتی به‌ گوێره‌ی کاریگه‌رییان له‌ سه‌ر مێتۆدی که‌ڵکوه‌رگرتن له‌ زانسته‌کان ده‌خه‌نه‌ ژێر لێکۆڵینه‌وه‌. زانست، داکۆکی له‌ تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌ کولتووری‌یه‌کانی سه‌ربه‌خۆیی‌و جیاوازیخوازی ده‌کا. چونکه‌ قه‌ڵه‌مڕه‌وێکی پیاوانه‌ن، ( Keller, 1978). لێکۆڵینه‌وه‌ فیمینیستی‌یه‌ جوراوجۆره‌کان له‌ باره‌ی که‌لتووره‌ ئالتێرناتێڤه‌کان(جێگره‌وه‌کان) ئه‌نجام دراون.

ماری ده‌یلی وه‌سفی که‌لتوورێکی ژنانه‌ ده‌کا که‌ خولقێندراوی جادووگه‌ران‌و پیره‌ ژنانه‌و، مێژوونووسانی ئه‌ده‌بی، وه‌سفی ئه‌و هاوتا داستانییانه‌ ده‌که‌ن که‌ له‌ کۆمه‌ڵه‌ ئاماژه‌ پێکراوه‌کانی کارۆڵ سمیت ـ رۆزێنبێرگ‌و تۆره‌کانی پارێزه‌ری پێوه‌ندیی لیزبینی دا هه‌ن( Federman, 1981, & Auerbach,1978).

له‌ تیۆریی فیمینیستی‌دا، که‌ که‌ڵك وه‌رگرتن له‌ وشه‌ی"که‌لتوور" به‌ مانای پیداگری له‌ سه‌ر خوشکایه‌تی‌و هاودڵیی ژنانه‌یه‌.

کتێبی"فرهنگ نظریه‌های فیمینیستی"

نووسینی مه‌گی هام‌و سارا گه‌مبل

وه‌رگێڕان بۆ فارسی: فیروزه‌ مهاجر، فرخ قره‌داغی، نوشین احمدی خراسانی

تاران، چاپی"توسعه"، ۱۳۸۲

لاپه‌ره‌کانی ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦

---

# بۆ هاوکاریی هێزه‌ دێموکرات‌و پێشکه‌وتووه‌کانی ئێران تێ‌بکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 434   4 Apr 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org    www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr    e- mail: rdk_iran@yahoocom


## چیاکانی کوردستان

## ئاویەر Awiyar

**خۆشە "ئاویەر" بەهەیبەتەوە شاری وەك "سنە" پاڵیدا پێوە**

کێوی جوانی ئاویەرکە ٢٢٥٠ میتر لە رێکی دەریا بەرزترە، کەوتۆتە رۆژئاوای شاری سنە. ئاویەر لە کولتوورو ئەدەبیاتی خەڵکی وردبین‌و تێگەیشتووی ناوچە (بەتایبەت دانیشتووانی شاری سنە)دا جێگەیەکی تایبەتی هەیە. ناوەکەی لە پڕئاوی‌و پڕکانیاو بوونی ئەم چیایەوە سەرچاوەی گرتووەو بەهۆی ئەم کانیاوانەو قەناتەکانەوە باغە جوانەکانی داوێنی کێوەکە بۆ وێنە ئەمانییەو ئەمیرییە پاراو دەکرێن.

رووەك‌و گوڵی بۆنخۆش‌و جوان لە دەوروبەرو داوێنەکانی ئاویەری گەورە دەڕوێن کە دەتوانین ئاماژە بە ئەرغەوان، زەنبەق، گۆیژ، مەرزەو... بکەین. ئاویەر لەباری جۆراوجۆریی گیانلەبەرانیەوە، دەوڵەمەند نیە، بەڵام دەکرێ کەو، فالکون، سوسمار، مار، گورگ‌و... ناو ببەین کە لەم چیایە هەن. ئاوەکانی ئاویەر دەچنەوە نێو چۆمی سیروان. ئاویەر یەکێك لەو کێوانەی کوردستانە کە حەشارگەی شاخەوانیی هەیە. رێگاو رێبازی جۆربەجۆر بۆ چوونەسەر ئاویەر هەن کە هەموویان دەڕواننە سەر شاری سنە. ئاویەر سەرچاوەی کانیی جۆراوجۆرە کە لە رابردووی نزیك دا، ئاشی زۆریان لەسەر ئاوەکانی هەڵبەستبووو سەیرانگەی سروشتیی جوانیان لەسەر دروست کردبوون کە بە داخەوە بەهۆی تێپەڕبوونی رۆژگار لەنێو چوون. هێندێك لەو شوێنانە کە هێشتا پاش ئەو گۆڕانانەی بەسەریان دا هاتوە، هەرماون بریتین لە : خدری زیندە، کانی‌شەفا، ئەمانییە، زەفەرییە، کانیی ماماتکە، تاقەدار، سەرتەخت، موبارەکاوا، بان شلانە، دۆڵئەسپان، کانیی سەفاو... . چوونە سەرو هاتنە خوار لە لووتکەی ئاویەر، ٣ ساعەت دەخایەنێت.



سەرچاوە: جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول، کوهها

ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## چاردەیەمین ژمارەی گۆڤاری "ژنان" بڵاو بۆوە




گۆڤاری وەرزیی "ژنان"، گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ١٤ کە رێکەوتی نەورۆزی ١٣٨٥ (مارسی ٢٠٠٦)ی لەسەرە، ئەم رۆژانە بڵاو بۆوە. بەشێکی بەرچاو لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە پێوەندییان بە شەستەمین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە. ژنان‌و ناسیۆنالیزم لە کۆماری کوردستان دا، چەند هەواڵ‌و راپۆرت لەبارەی کاروچالاکی‌یەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، سەبارەت بە چەمکی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان، ژن لەروانگەی فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاواوەو کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی‌و سیاسیی دیکە لەم ژمارەیەی "ژنان"دا سەرنج رادەکێشن.

## کتێبێکی ئەلیکترۆنی لە بارەی شەهیدانی حیزبی دێموکرات

کتێبی ئەلیکترۆنیی "کاروانێك لە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان" پرۆژەیەکە کە ئەندازیار جەعفەر حامیدی لە ژێردەستی دایەو خەریکی پەرەپێدان‌و تەواوکردنیەتی. نوسخەیەك لەم کتێبە کە پێشکێش بە دوالاپەڕەی "کوردستان " کراوە، ناوو وێنەی نزیك بە ٤٠٠ شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدایە. ئەم کتێبە ٩٢ سەعات کاری لەسەر کراوەو بۆ یەکەم جار ١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٠٤ لە وڵاتی نۆروێژ نیشان دراوە. کتێبی ئەلیکترۆنیی کاروانێك لە شەهیدانی کوردستان، بە وێنەی رێبەرانی شەهیدی حیزب، قازی محەممەد، دوکتور قاسملووو شەرەفکەندی‌و پۆستەرێك کە بە وێنەی هەرسێ شەهید رازاوەتەوە، دەست پێدەکا، دوایە لەهەر ناوچەیەکی کوردستان ناوو وێنەی کۆمەڵێك شەهیدی گرتۆتەخۆ. لە نێوان هەر بەشێکیش‌دا کۆمەڵێك پۆستەر سەرنجی بینەر رادەکێشن.

هیوادارین دانەرو ئامادەکاری "کاروانێك لە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان" پرۆژەی کتێبە ئەلکترۆنی‌یەکەی لە بارەی شەهیدان دەوڵەمەندو تەواو بکاو بەرهەمەکەی بەزوویی بکەوێتە دەست خوێنەران‌و بینەران.

## دوو کەسایەتیی وێکچوو و هاوچارەنووس

سالّی رابردوو، لە دەوروبەری ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدانی کوردستان دا، تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دێموکرات‌و کەسایەتیی ناسراوی ناوچەی شنۆ، پاش ماوەیەکی دووردرێژ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە، دوایین ساتەکانی ژیانی تێپەڕ کردو سەرئەنجام رۆژی ١١ی خاکەلێوە رەگەڵ کاروانی نەپساوەی شەهیدان‌و نەمرانی حیزبی دێموکرات‌و گەلی کورد کەوت.

ئەمساڵیش راست لە رۆژی ١١ی خاکەلێوەدا، سەید عەلیی ئازەری، کە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوی‌دا ببوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات‌و، ساڵانێکی زۆر لە هێزی کێلەشین (سمکۆ)ی حیزبی دێموکرات دا، بەرپرسایەتیی نیزامی‌و خزمەتی پێشمەرگایەتیی بەوپەڕی دڵسۆزی‌و لەخۆبردوویی‌یەوە بەڕێوەبرد، دوای چەند مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە، لە وڵاتی نۆروێژ ماڵاوایی لە ژیان‌و خۆشەویستان کرد.



حاجی محەممەد ئەسکەندەری - سەید عەلی ئازەری

سەید عەلی ئازەری خەڵکی میراوێی شنۆ، سەر بە بنەماڵەیەکی خۆشناوو نیشتمانپەروەر بوو. ئەویش وەك حاجی محەممەد ئەسکەندەری کەسایەتی‌یەکی ناسراوی ناوچەی خۆیان بوو. هەروەك حاجی محەممەدی ئەسکەندەرییش، هەتا توانای هەبوو، خزمەتی حیزبی خۆشەویستی خۆی کرد. نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی، وەك پەنابەر بەماڵ‌و منداڵەوە چووە وڵاتی نۆروێژ. سەید عەلی، خۆی‌و بنەماڵەکەی لە دەرەوەی وڵاتیش وەك هەمیشە بە حیزبی دێموکرات وەفادار مانەوە.

لەگەڵ یادی یەکساڵەی کۆچی دوایی حاجی محەممەد ئەسکەندەری، رۆڵەی بەوەفای حیزبی دێموکرات، بەبۆنەی کۆچی دوایی سەید عەلی ئازەریشەوە، لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئازەری‌یەکان لە نۆروێژو شنۆو لە هەموو کەس‌و کارو دۆستان‌و ناسیاوانی ئەو مرۆڤە بەڕێزە دەکەین.

**یادیان بەڕێز**

## چیرۆکی ئەمجارە

### هەور و مانگ

عادل حیاوی

ب. هیوا کردوویە بە کوردی

هەورەکان بە خێرایی بەسەر مانگدا تێپەڕ دەبوون. کورێژگەکە لە مانگ رامابوو.

دایکە! مانگ بۆ دەڕوا؟

چونکە دەیەوێ رۆژبێتەوە. بنوو درەنگە.

کورێژگەکە ماوەیەکی بە بێدەنگی تێپەڕ کرد.

دایکە! خودا گەورەترە یا مانگ؟

ژنەکە ئەوەندەی خەو دەهات توانای قسەکردنی نەبوو، بە بێوازی گوتی: مەعلوومە، خودا گەورەترە.

کورێژگەکە کە دەتگوت شتێکی گرنگی بۆ دەرکەوتوە، ئەمجار پرسی:

ئەدی چۆنە مانگ دەبینرێ بەڵام خودا نابینرێ؟

خودا، چونکە گەورترە، چووە بۆ بەرزایی ئاسمان.

باشە ئەدی بۆچی هەرچی لێم دەوێ، نامداتێ؟

ژنە کە ئیدی چیتر خۆی لەبەر هرووژمی خەو بۆ نەدەگیرا، هەر لە ژێر لێفەکەیەوە خۆی خزاندە ئامێزی مێردەکەی‌و بە دەنگێکی نزم گوتی:

بێگومان گوێی لێ‌نەبووە، توندتری پێ‌بڵێ با گوێی لێ‌بێ.

کورێژگەکە لە بن لێفە هاتەدەرو لە لێواری بانیژەکە نزیك بۆوە، رووی لە مانگ کردو بە دەنگێکی تێکەڵ بە کوڵی گریان هاواری کرد:

خودایە . . . بابم بنێرەوە ماڵێ.

سەرچاوە: حەوتوونامەی "مێرگژان" ژمارە ١

## مرواریی دەریای وشە

مرۆڤی شەریف کەسانی شەریف رادەکێشێ‌و دەشزانێ چۆن دڵیان رابگرێ. **(گوتە)**

هیچ وتەیەك بەم هۆیەوە کە خاوەنەکەی وەك سەرچاوە (قوتب) سەیری دەکرێ، قبووڵ مەکە. **(رایش باخ)**

هەر مەرجەعێك نەزانتر بێ، [لە بیر کردنەوەش دا] کەللە رەقترە. **(براهام مایرسون)**

بەهێزترین [کەس یا دەسەڵات]یش، هەرگیز ئەوەندە بەهێز نیە کە هەتا هەتایە بە ئاغاو سەروەری وەمێنێ، مەگەر ئەوە دەسەڵاتەکەی بخاتە خزمەتی هەق‌و گوێڕایەڵبوون بکاتە ئەرکی خۆی. **(ژان ژاك رۆسۆ)**

## بەر لەماڵاوایی

# بۆ بیستەمین ساڵی ماڵاوایی "هێمن"



مستەفا مەعرووفی

کەم وا هەیە بەرلەماڵاوایی نەخوێنمەوە. هەرکە گەیشتە دەستم دەی‌خوێنمەوەو نای‌بوێرم، چێژی لێ وەردەگرم‌و لێی فێر دەبم. ئەمجارە بەخت رووی تێ‌کردووم‌و نووسەری ئەم ستوونە پێی سپاردوم بابەتێك بۆ ئەم ستوونەو بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی مەرگی "شاعیری گەل" مامۆستا هێمنی نەمرەوە بنووسم.

زۆرجار وێنە شێعرێکی فارسیی زۆر جوانم لەم هاوڕێیەم بیستوە کە دەڵێ:

**"خورشید رفت و زردش ماند ـ کاروان رفت و گردش ماند ـ یارم رفت و دردش ماند"**

(خۆر ئاوا بوو و زەردایی ما، کاروان رۆیی‌و تەپ‌و تۆزی جێ‌هێشت، یارم رۆیی‌و دەردو کەسەری ما.)

هێمنیش رۆیی‌و زەردی‌و تۆزو کەسەری بۆ ئەویندارانی ئەدەبی کوردی جێ هێشت. لەراستی‌دا هێمن ساڵی ١٩٨٦ کە کۆچی دوایی کرد لە کوردستانی ئێران لەنێو شاعیران دا دەگمەن بوو. لەم بوارەدا یەکتەنە بوو. لەبیرمە کاتێك "ئوکتاڤیوپاز" شاعیرو سیاسەتمەداری بەناوبانگی مەکزیك مرد، سەرکۆماری ئەو وڵاتە گوتی "ئوکتاڤیوگەلی مەکزیکی بەتەنیا جێ هێشت". ئەوکاتیش کە هێمن مرد، کورد بێ "هێمن" مایەوەو هێمنێکی دیکەی نەبوو.

هۆی چ بوو مامۆستا هێمن لەنێو میللەتەکەی‌دا بەو شوێنە گەیشت؟ تایبەتمەندی‌یە ئەدەبی‌یەکەی‌و خزمەتی بە نەتەوەکەی لە مەیدانی کردەوەدا. ئەو، جگە لەوەی شاعیرێکی بەتوانا بوو، چەندین ساڵ لە ریزی تێکۆشەرانی کورد لە "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لەپێناوی وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەی‌دا خەباتی کرد. ئەو، خۆشەویستیی نەتەوەکەی هەر لەچوارچێوەی هەست‌و سۆزدا نەهێشتەوە بەڵکوو بەکردەوەش لەمەیدان دا بوو. جوانترین‌و پاراوترین شێعرو رستەی لە وەسفی نەتەوەکەی‌دا گوت‌و بەقووڵی نیشتمانەکەی خۆش ویست‌و بە جوانترین شێوە وەسفی کرد. هێمن، بە زمانی نەتەوەکەی دەدوا. زمانی شێعرو نووسینی یەکجار زۆر لە زمانی خەڵکی ئاسایی نزیك بوو، بە زمانێکی شاعیرانەو ئەدیبانە ویست‌و حەزو ئارەزووەکانی نەتەوەکەی مشت‌و ماڵ دەداو دەی‌خستنە نێو چوارچێوەی پارچە شێعرێك‌و رستەیەکی سەرنجراکێش. بۆیە سەیر نیە لە خەڵکی ئاسایی‌یەوە بگرە تا خوێندەوارو رووناکبیر، زۆرکەس شێعری هێمنیان لەبەر بوو. چونکە ئاوات‌و هیواکانیان لە ئەدەبیاتی وی‌دا دەدیتەوە.

تایبەتمەندیی شێعریی هێمن زۆرن کە بەشی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نێوەرۆکی شێعرەکانی نەك روخساری. چونکە روخساری شێعری هێمن تایبەتی ئەو نین. یان لەسەر کێشی عەرووزن وەك شاعیرە کلاسیکەکان، یان لەسەر کێشی خۆماڵین وەك هێندێك شاعیری پێش خۆی‌و هاوچەرخی خۆی وەکوو گۆران‌و شێخ نووری شێخ ساڵح‌و... . شێعرەکانی پڕن لە جوانکاری‌و فنوونی شێعری کە لە کۆنەوە باو بووە. وردەکاری‌یەکی زۆری لە ئیهام، مەجاز، کینایە، تەشبیه و لەف‌و نەشردا بەکار هێناوە کە شان لە شانی شاعیرانی گەورەی کورد نالی، سالم، وەفایی‌و... دەدا.

بەڵام نێوەرۆکی شێعری هێمن لەگەڵ ئەوەی‌دا وەك زۆربەی شاعیرانی سەدەی بیستەم نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌یە، تایبەت بە خۆیەتی‌و، رەنگ‌و بۆن‌و بەرامەی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم تایبەتمەندی‌یانە تەنیا وەك خۆیان دەچن‌و دووپاتەی هیچ نموونەیەکی دیکە نین‌و هێمنیان لە شاعیرانی دیکە جوێ کردۆتەوە. "ئەوین"، "نەتەوە"، "نیشتمان" سێ توخمی سەرەکین لە شێعرەکانی‌دا، ئەو لە زۆربەی شێعرەکانی‌دا بە دەرگای ئەوین‌و دڵداری‌دا دەچێتە ژوورو، لە گۆشەی نیشتمان دا مەنزڵ دەگرێ. لە "فرمێسکی رنوو"، "ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە"، "ئامێزی ژن"و... ئەو تایبەتمەندی‌یانە بەروونی دیارن. بۆ نموونە لە فرمێسکی رونوودا ئاوا دەست پێ‌دەکا:

**تۆ گوتت: "من عاشقی سەودا سەرو دینم دەوێ"**
**من گوتم" "تاکوو بە ئاواتت بگەی دینم دەوێ"** یان
**ئەی پەریزادی مەهابادی! ئەتۆ ون بووی لەمن**
**تۆم هەبێ کوانێ پەریزادو پەریی چینم دەوێ**

ئەو هەستە دڵداری‌یە لەکۆتایی شێعرەکەدا دەگاتە ئەوپەڕی هەستی شۆڕشگێڕی‌و خەبات‌و تێکۆشان:

**لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی رەوام**
**دەست‌و چەك، ئیمان‌و هیوا هەستی ئاورینم دەوێ**
**سەخت‌و ناهەموارە ئەم رێگایە کوردی کۆڵنەدەر**
**بۆ خەباتێکی درێژخایەن گوڕو تینم دەوێ.**

هێمن لە شێعرەکانی‌دا بەتوندی بەگژ دابونەریتی کۆنەپەرستانەدا دەچێتەوە، بەتایبەتی ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی لەسەر رێی ژنان‌و کچان دا هەن. ئەو دژی ئەوەیە ژن لە چوارچێوەی ماڵدا خەریکی بەجێهێنانی ئەرکی سوننەتیی خۆی بێ، پێی وایە ژنان‌و کچانیش دەبێ شانبەشانی پیاو بێنە مەیدان:

**من تەشی‌ڕێسێکی وەك "شیرنی"وەفاییم بۆچیە؟**
**کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ**

"وتووێژی کچ‌و کوڕ"، "سووڕی دەوران"، "ئەختەر کیژی کوردی چاومەست"و... لەو نموونانەن. شێعری هێمن لە رووی ئیدیۆم! زاراوە، تەعبیرو وشەی کوردی‌و خۆماڵی‌دا فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە، ئەو بۆ هەر مەبەستێك چەند وشەی شاعیرانەو هەست بزوێنی هەیە. لە "نالەی جودایی"دا لە چارەڕەشی‌و کلۆڵیی خۆی‌دا دەڵێ:

**مەی حەلاڵە بۆ منی وێرانەماڵ   بۆ منی سەرگەشتەو رووت‌و رەجاڵ**
**بۆ منی با بردەڵەی گردەنشین   بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆرو برین...**
**پەڕوەریوی باڵشکاوی بەشخوراوی، دەرکراو...   بێ بژیوی بەشخوراوی رەنگ بڕاو**

زۆرکەس هێمن تەنیا وەك شاعیر دەناسن. هێمن دەیان وتارو پەخشان‌و نامەی هەن، بەتایبەتی"لە کوێوە بۆ کوێ" کە سەربردەی خۆیەتی، شاکارێکی پەخشانی کوردی‌یە. ئەو نووسینانەی، ئەگەر کێش‌و قافیەی لێ دەرکەی شان لە شانی شێعرەکانی دەدا. جگە لەمانەش هێمن وەرگێڕیش بوو، چەندین بابەت‌و چیرۆکی لە فارسی‌یەوە لە د.سادقی جەلالی، شەکسپیر، هومێر، کاتۆل مەندیس، باڵزاك، گی‌دی موپاسان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

تواناکانی مامۆستا هێمن‌و تایبەتمەندی‌یە ئەدەبی‌یەکانی کە ئەویان لە ئەدەبیاتی کوردی‌دا گەیاندە لووتکە، یەکجار زۆر لەوە زیاترو بەرینترن. ئەو چەند دێڕە تەنیا "ئاڵەکۆك"ێکە بەدیاری بۆ یادی ئەو ئەدیبە مەزنەی کورد لە٢٠ ساڵەی مەرگی‌دا. ئەگینا باسێکی وردو هەمەلایەنە لەسەر هێمن "گوڵستان"ێکی تێ دەبێ کە لەم گوڵدانەدا جێی نابێ.